# موناجات

یا فەرد ئەعزەم ، یا فەرد ئەعزەم
یا حەی یا قەییووم ، یا فەرد ئەعزەم
یا شنەوەندەی نالّەی سوبحدەم
پەنای بەندی یان ، بەندیخانەی غەم
یا فەرازەندەی چەرخ موعەللەق
یا نیگارەندەی نۆ تاق ئەزرەق
بێ زاد ونەمر بێ خواب وبێ خوەر
نەعەرز نەجەیسم نەرۆح نەجەوهەر
بینای بێ دیدە ، شنەوای بێ گۆش
جەئەسرار غەیب واقیف و خامۆش
بێ هەمتا وبێ میسل بێ شەریک ،بێ باک
جەعەیب موبەڕڕا جە ئالایش پاک
نەقشبەند لەوح سەحیفەی هەستی
نەشئەی بەخش جام بادەی سەرمەستی
نزام دەهەندەی ئەڕواح نەئەجسام
تەرکیب کونندەی ئەعزا نە ئەندام
تەئلیف دەهەندەی چار عونسور بەهەم
زاهیر کونندەی وجوود نە عەدەم
فرۆزندەی بەرق نەسینەی سەحاب
ئولفەت دەهەندەی ئاتەش چەنی ئاب
شوعلە بەخش نار ،پڕتەو ئەفزای نوور
رۆزی دەهەندەی مەل و مار و موور
فەرمان دەهەندەی مولّک ومەلەکووت
شەهەنشای ئیقلیم لاهووت وناسووت
رەهانندەی نوح نە تۆف تۆفان
خەلّاس کونندەی یۆسف نەزیندان
رۆی رەوشەن بەشەو ،شەو بەرۆئا وەرا
گەدایان بەشاه ،شاه بەگەدا کەر
جە سەر فیرعەون مووسا نەجات دەر
ئاتەش پەی خەلیل وە گولّستان کەر
موونس یوونس نە گنجا و غەم
نەکۆی سەرەندیب رەهنومای ئادەم
هەمراز یۆسف نەچاه کەنعان
ئەنیس یەعقووب نە بەیتولئەحزان

رەهبەر مووسا بەنار شەجەر
بەدەم عیسێ مەردە زیندەکەر
مفتاح ئەبواب خەزانەی غەیبی
مشکات زیای بەزم لاڕەیبی
خالق الارواح ، فالق الصباح
مصباح النجاح، مفتاح الفلاح
قیبلەی عاشقان جەکەعبەوجەدەیر
گەردش دەهەندەی چەرخ سەبوک سەیر
یا ڕەب بەحاجەت ذولجەلالی وێت
بەزات وسیفات لایەزالی وێت
بە موقەڕەبان بارەگای عێززەت
بە پەردەداران سەریر وەحدەت
بە عەڕش وکورسی، بە لەوح وقەلّەم
بە مەلایکان خاسەی موحتەڕەم
بە ئیخلاس پاک سەیید موختار
بە باقی ئال وئەسحابی کیبار
بە بانگ حەججاج ، بە ئاب زەمزەم
بە لەحن ئینجیل ، بە تەوف حەرەم
بەزیکر مورغان ،بە یا هوو یا هوو
موانان یا من لیس الاهو
من کەسەر حەلّقەی گونەهکارانم
سەر تەوق جەرگەی شەرمسارانم
سەرتاپا غەریق لوجەی عسیانم
سفتەی نائیرەی نار حیرمانم
هەرچێوەم کەردەن جە نافەرمانی
نادانیم بیەن ، تۆ وێت مەزانی
ئەرمسۆچێنم ،ئەربەخشیم گوناه
رەزام رەزای تۆن الحکم للە
یەک ئەمجار بەلوتف ببەخشیم گوناه
استغفراللە ، استغفراللە
جورمم بێ حەدەن، گونام بێ شومار
ربنجنی من عذاب النار
نیازم ئێدەن یا حەی یا قەییووم
" خالد " نەدەرگات نەکەری مەحرووم

وێنەی ڕووبەرگ
کاری کاک جەعفەر قازی

# نێوەرۆک

وێنەی پشت بەرگ
دیاری مامۆستا حەقیقی


مونا جات ............ مەولانا خالید شارەزووری ............ ٢
سەروتار ............ دەستەی نووسەرانی سروە ............ ٤
میعراج ............ مەلا ڕەشید قەرەنی زادە ............ ٧
باسی ئەدەبی ............ خالید ئەحمەد شەریف ............ ١١
بیرەوەری من ............ مامۆستا حەقیقی ............ ١٥
نەورۆز ............ مامۆستا هێمن ............ ١٦
فۆلکلۆر چیە؟ ............ عەلی خزری ............ ١٨
محەممەد قازی ............ لە زمانی خۆیەوە ............ ٢٠
هێمن نامرێ ............ ئ . بیدەشیخی ............ ٢٤
جوغرافیای باند ............ حاج رئووف سەلیمی ............ ٢٦
شاعیرانی کورد ............ ئەحمەد دەشتی ............ ٢٨
بەهاری زەرد ............ ج. ئاشتی ............ ٣٢
شێخ مەحموود ............ ب .ع. بەرزەنجی ............ ٣٤
شینی هێمن ............ خالەمین ............ ٤٠
سەیدەوان ............ سوارەی ئیلخانی زادە ............ ٤١
بارهێنانی مندالّ ............ ف . وەفایی ............ ٤٤
خەنجەرا مووسۆ ............ فۆلکلۆر ............ ٤٨
فەرهەنگۆک ............ قازی ـ ئەحمەد ............ ٥٢
شاعیرانی لاو ............ دەستەی نووسەرانی سروە ............ ٥٦
ڕەخنە ............ مەنسوور حامیدی ............ ٥٨
سێزدەبەدەر ............ فیدایی ............ ٦١
چیرۆک بۆ مندالان ............ نەسرین جەعفەری ............ ٦٢
کادەر ............ ح. ڕەشیدی زەرزا ............ ٦٧



ارومیه : چهارراه دانش ـ جنب ژاندارمری ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ صندوق پستی ۷۱۰۷ـ
تلفن ۳۵۸۰۰



چون خۆشەویستان ولایەنگرانی سروە لە دەروژووری وڵات بە نامەی جوان ورازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە، ئەوە چۆنەتی ئابوونمان لە دەروژووری وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

نرخی ١٢ ژمارە بۆنێو خۆی وڵات ٢٠٠ تمەن
نرخی ١٢ ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان ٣٨٠ تمەن
نرخی ١٢ ژمارە بۆ هیند وئوروپا ٤٢٠ تمەن
نرخی ١٢ ژمارە بۆئامریکا وخاوەری دوور ٥٠٠ تمەن

ناونیشان : اورمیه ـ صندوق پستی ٧١٧ ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ تلفن ٣٥٨٠٠.
بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن ( ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن ) هەل و مەرجێک پێک دێنن کە گۆواری سروەیان بەنیوە قیمەت پێ بگا .

## بەناوی خوا

### سەروتار

پاش سڵاوێکی گەرم ودۆستانە لە خوێنەرانی خۆشەویست و بەرێزمان قسەی ئەم مانگە دەست پێ دەکەین . پێشەکی بە پێویستی دەزانین بە بۆنەی تێپەربوونی ساڵێک بەسەر وەفاتی مامۆستا هێمن دا وچانێک بدەین وسەبرێک بگرین و یادێک لەوخۆشەویستە بکەین. نەخشی مامۆستای نەمر بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە نیشتمانی ئیسلامیماندا شتێک نیە کە فەرامۆش بکرێ یان بەلاوەدا بند - رێ. ئەو پایەبەرزە لە نێوەرۆکی ئەم حەرەکەتەدا بوو و ئێستاش یادی ئەو دەبێتە هێزی هاندەری ئەم جووڵانەوەیە. مامۆستای نەمر لەرۆژانی دوایی تەمەنیدا رێگایەکی بۆ ئەویندارانی فەرهەنگ وئەدەبی کورد کردەوە کە دەتوانین لە مێژووی گەلەکەماندا بەنوختە گۆڕانێکی گەورەی دانێین . ئەرکی سەرشانمانە کە یادی بکەین ودرێژە بە رێگاکەی بدەین و خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەمان بە کارێکی پێویست وپیرۆز بژمێرین .

لەم ژمارەشدا تێکۆشاوین "وێژەنامە"یەک لە تێکۆشان و زەحمەتەکانی مامۆستا هێمن پێشکەش بەخوێنەرانی ئازیزمان بکەین .

جۆراوجۆری بابەت و پاراستنی هەویەی سروە :

سروە لە سەرەتای بڵاو بوونەوە بدا تا ئەمڕۆ لەگەڵ دوو مەسەلەی بەر واڵەت دژ بەیەک بەرەنگار بووە . لە لایەک ویستوویەتی هەویەی فەرهەنگی - ئەدەبی خۆی بپارێزێ و بەرەوئامانجی خۆی بڕوا و لەسەر ئەوەش ڕا ولا- مدەرەوەی داوخوازە جۆراو جۆرەکانی خوێنەرانی خۆشەویست بێ کە هەر یەکەی بۆ جوون و هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەیە .

سروە لەسەر یەک ئەرکی ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی ولە روانگەی جیاوازڕا هەموو سووچ و قوژبنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بپشکنێ ووێنەیەکی روون و ئاشکرا لە فەرهەنگی رەسەن و پاڵێوراوی کورد بدۆزێتەوەو بیخاتە بەرچاو .

سروە تێدەکۆشێ کە ئەو زانست و گەنجینە بەنرخانەی کە لە سینگی ژن وپیاوی ئەم هەرێمەدا ماونەوە و نە نووسراونەوە ، کۆ بکاتەوە و لە نەمان وتێداچوون رزگاریان بکا . لەو رێبازەدا سروە دەبێ بە شێوەیەکی زانستیانە لە سەرچاوە وریشە وبنەمای بیر و باوەری ئێستا ورابردووی ئەم خەڵکە پاک وباشە بکۆڵێتەوە و گەنم وزیزانە لێک جیا کاتەوە و جوان و ناحەز لێک هەڵاوێرێ. و سروە دەبێ بەچەکی فەرهەنگ و

فۆرمی ئابوونمان ژمارە

ناو.............شۆرەت...........دانیشتووی..................

...... تمەنم بەحیسابی ژمارە ۵۴۰۰ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وێرای ئەم بەرگە بۆ ناردن . لەژمارە.........ڕا هەتا.......گۆواری سروەم

بۆ بەڕێ بکەن .

ناونیشان ........................ ........................


..................................................................

ئەدەب بڕواتە شەڕی نەزانین و دواکەوتوویی و چڵکوچەپەری نەزانین بشواتەوە.

ئەوەی بەکورتی باسمان کرد تەنیا بەشێکی زۆر چکۆلەی ئەرکی مێژوویی سروە بوو. شان بەشانی ئەم ئەرکە گرانە ئەرکێکی گەورەی دیکەی سروە تێراوکردنی رووحی تینووی ئەویندارانە کەماوەیەکی دوور و درێژە چاوەڕوانی هاتنی "سروە" بوون. سروە ناتوانێ ویستوداخواز و نیازی ئەم جەماوەرە گەورەیە دەبەرچاو نەگرێ و خۆیان لێ لادا. کەوابوو پێویستە وێڕای وتارو بابەتی ئەدەبی و فەرهەنگی و شیعرو.. داخوازی چیرۆک نووس ووەرگێرو نووسەرەکان کە هەڵوێست وبیرو باوەڕی جیاوازیان هەیە پێک بێنی وئارەزووی ئەوانیش دەبەرچاو بگرێ. لەسەر ئەو باوەڕە دەستەی نووسەران، تێکۆشاوە وێڕای پاراستنی رەوەند ورێبازی رەسەنی خۆی بە چاپکردنی بابەتی جۆرا و جۆر هۆی رەزامەندی خوێنەران و لایەنگرانی خۆشەویستیش پێک بێنێ.

لە لایەن خوێنەرانەوە نامەمان زۆرپێدەگا کە لەمەڕ بڵاوکردنەوەی بابەت و نووسراوەی غەیرەفەرهەنگی و ئەدەبی رەخنەیان لێدەگرن. لە لایەکی دیکەشەوە هێندی کەس گلەییمان لێ دەکەن کە بۆچ ئەو بابەتانەی ئەوان حەزی لێ دەکەن بێ پسانەوە چاپ ناکەین! و داواکارن کە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خانەوادە ولەش ساغی و کشت و کاڵی و وەرزیشی و..... بڵاو کەینەوە.

دەستەی نووسەرانی سروە وێڕای پێ داگرتن لەسەر فەرهەنگی ـ ئەدەبی بوونی "سروە" لێبڕاوە کە بەپێی گونجان وتوانست تا ئەورۆژەی کە ئەم ناوەندە بتوانێ گۆوار و نووسراوەی تایبەتی لەم بەستێن وزەمینە تایبەتی یانەدا بڵاو کاتەوە، وردە وردە لەم چەشنە بابەتانەش لەلاپەڕەکانی سروەدا بگونجێنێ. ئەوەی بۆمە ئەرکی بنەڕەتی بێ رەزامەندی ئێوەیە ورێنوێنی و پێشنیاری بەنرخی ئێوە دەمانگەیەنێتە پلەی کەماڵ و پێگەیشتن.



# سرمقاله

بسمه‌تعالی

باسلامی ازسر صدق و صفا بەخوانندگان عزیز و ارجمند سخنمان راآغاز میکنیم. پیش ازآنکه مطابق وعده ماه قبل بحث محتوی نشریه را شروع کنیم لازم میبینیم تابمناسبت فرارسیدن اولین سالگرد رحلت مرحوم استادهیمن یاد او را گرامی بداریم. نقش استاد در براەافتادن کاروان حیات مجدد فرهنگ وادب کردی درمیهن اسلامیمان نقشی نیست کەبتوان از آن صرفنظر کرد. و یا در حاشیەای گذاشت. او در متن این حرکت جاداشت واکنون نیز یادش یادآور انگیزه متعالی این حرکت است. استاد زنده یاد درانتهای زندگی پرفرازو نشیبش راهی راپیش پای دوست ـ داران فرهنگ وادبیات کردی گشود که میتوان آنرا نقطه عطفی درتاریخ مردممان محسوب کرد. اوبود کەراه خدمت بەاین مردم وفرهنگ وتاریخ و میهن را نشان داد. برماست که بپاس زحمات بیدریغ اودرپیری وآخرین اوان عمر یادش را گرامی بداریم وجدیت و تلاش و دلسوزیش رانصب العین خود در این جهاد مقدس فرهنگی قرار دهیم. خداوند ازلغزشهایش درگذشته واز دریای بیکران رحمت خود بهره‌مندش سازد. در این شماره نیز تلاش شده تا با آماده‌سازی ویژه‌نامه ازمساعی استاد سیدمحمدامین شیخ الاسلامی (هیمن) قدردانی گردد.

تنوع مطالب وحفظ هویت سروه:

مسئله‌ای کەاز ابتدای کار نشر سروه تاکنون همواره مطرح بوده وبعنوان یک مشکل در

آرایش چهره آن خودنمایی میکرده است. مسئله تناقض ظاهری بین تنوع مطالب سروه و حفظ هویت فرهنگی ادبی آنست بدین صورت که از سویی سروه باید به هدف وجودی خود وفادار باشد یعنی همواره متوجه خاستگاه اصلی وهدف هویت بخشش باشد واز سوی دیگر نیازها وانتظارات خوانندگان بی شمارش را با علائق، گرایشات ونقطه نظرات متفاوت و متعدد برآورده سازد. یعنی سروه از بابت ماهیت اصلی وروح کلی کار، در بحثی جامع و مانع ابعاد مختلف فرهنگ وادب کردی را نقد و تفسیر کند و تصویری روشن ازچهره پیراسته فرهنگ کرد را به همه دوستداران وعلاقمندان تاریخی فرهنگ این خطه را با فرهنگهای دیگر در کنکاشی دقیق بازشناخته و بر تاثیرات وتاثرات آن انگشت اشاره بگذارد. بر سروه است تا معارف خالص وبی آلایشی که درسینه های مردان وزنان این دیار محبوس بوده وهرگز بر صفحات کاغذ نیامده است را جمع آوری وثبت کرده وازنابودی همیشگی محفوظ دارد. این سروه است که باید با پی جویی عالمانه ومحققانه ریشه های تاریخی وسرمنشاء اعتقادات، گذشته وحال مردم خوبمان را مکشوف سازد وآنان را در تمیز بسنده ازنابسنده یاری دهد برسروه است تا با ابزار فرهنگ وادب بمصاف مظاهر جهل رفته و لکه نادانی را با جاری دانش بشوید. از سوی دیگر سروه در کنار همه رسالتهای فرهنگی و ادبی که دارد وگوشه ای از آن ذکر شد رسالت تاریخی دیگری دارد وآن سیراب ساختن روح تشنه همه عاشقانی است که سالهای سال درانتظار دیدن چون سروه بوده اند. اکنون سروه نمیتواند به خواسته ها وعلاقه های ایندسته کثیر ازخوانندگانش نیز توجهی نداشته باشد، پس بنابراین باید درکنار مقالات وبحثهای ادبی وفرهنگی واشعار به درخواست هنردوستان داستان نویسان، مترجمین و.... نیز پاسخ مثبت داده وبه مسائل موردعلاقه آنها نیز بپردازد.


براین اساس هیئت تحریریه با توجه به نقطه نظرات خوانندگان سعی نموده است که درعین حفظ محوریت فرهنگ وادب، با درج مطالب متنوع درنشریه رضایت عزیزان را جلب نماید. ما اکنون ازطرفی مواجه با نامه های آندسته ازخوانندگانی هستیم که نسبت به درج مطالب غیر فرهنگی - ادبی درسروه انتقاد دارند وازسوی دیگر باید پاسخگوی دوستانی باشیم که بدلیل عدم درج مستمر مطالبی درموضوعات موردعلاقه شان گلایه میکنند ومصراً" خواستار درج مطالب اقتصادی، سیاسی، اجتماعی، مشکلات خانوادگی بهداشت، کشاورزی، تربیتی ورزشی و... هستند. هیئت تحریریه ضمن تاکید برلزوم فرهنگی ادبی بودن "سروه" تصمیم دارد که بنحو شایسته تا فراهم شدن امکان چاپ ضمیمه هایی در موضوعات مذکور، به تدریج و بطور ضمنی نسبت به درج مقالات و نوشتاری در زمینه های یادشده اقدام نماید وبرای این امر طوری برنامه ریزی شده که بر اساس آن وباتوجه به محدودیت صفحات، به همه امور در حد امکان ولازم پرداخته شود. آنچه برای ما اصل است رضایت و علاقه ونیاز شماست و اظهار نظرتان ما را در دستیابی به کیفیت وکمیت مطلوب بسیار، رهنمون ویاور خواهد بود.

# هێمنی نەمر

## بەڕێز بێ یادی

# میعراج

ماموّستا مەلا رەشید قەرەنی زادە



هەروەک دەزانن کەوتووینە مانگی رەجەب و نزیک بووینەوە لە گەورەترین رووداوی مێژووی بەشەر یانی میعراج .

بەلّام پێش ئەوەی قسە لەئەسڵی مەبەست بکەین،دەبێ مەبەستێکی گەورە و گرینگی دیکەش باس بکەین کە بۆ حەزرەتی محەممەد (د.خ ) پێغەمبەری مەزنی ئیسلام رووی داوە .

ئایینی ئیسلام هەزاروچوارسەد ساڵ پێش فرینی ئینسانێ بۆ ئاسمان بە مومکین زانیوە هەروەک بیستوومانە پەیوەندیغەیب و شەهادەت یا مادە ومەعنا لە کۆنەوە جێگای سەرسوڕمانی مرۆڤگەل و بە تایبەت زانا و پسپۆرەکان بووە . هەر بۆیەش تا پێغەمبەرێک لە لایەن خواوەهەستاوە ، ملهوڕ و دنیادارەکان تا ماوەیەکی درێژ بەربەرەکانی یان کردووە . پێیان وابووە شتێکی دەڵێن کە دژی عەقڵە .

دیارە پێغەمبەری ئیسلامیش لەو رەوشت و رەویەی ئینسانەکان بەرکەنار نەبوو،بەڵکوو بە حوکمی ئەوە پێغەمبەرێکی زانستی و حیکمەتی و عیرفانی بووە زۆرتر دوچاری ئەزیەت وئازاری مروڤگەلە سەرسەختەکانی قوڕەیشی خزمی خۆی بوو .

بەڵگەش هەر ئەوە بوو کە چون حەزرەت میراتگری هەموو خوورەوشت وقانوونی جوانی پێغەمبەرانی رابردووی بەشەر بوو ،لەهەمان کاتدا خاوەنی بەرزترین هەواڵی ئاسمانی و دوامین دینی خودایی و جوانترین ئەحکام و ئەخلاقی ئینسانیش بۆ خەڵکی جیهان بوو .

ئەرکی پێغەمبەرایەتێکەی زۆر لەوانی پێشوو گرانتر وسەنگین تر ، بگرە لەتوانای ئینسانێک بەدەر بوو هەر وەک مێژوو شاهیدە پێغەمبەرانی دیکە رابەری قەوم و

تیرەیەک ، یان نەتەوەیەک بوون بەڵام "محمد المصطفی" (د.خ) پەیامهێنەری عام و هەمیشەیی هەموو تیرە و هۆزوقەومونەتەوە-کانی سەرگۆی زەوی دەهاتە ژمار ، پەس پێغەمبەری ئەتۆم و عەسری فەزا و هەڵفرین بۆ ئاسمانەکانیشە . دیارە ئەو پێغەمبەرە دەبێ عیلم و زانست وئەخلاق و حیکمەت و سیاسەتی بە تەواوی مەعنا ئینسانی بێ .


مەعلوومە ئەوپێغەمبەرەتاچ ئەندازەیەک ئەرکی گرانی بەستۆیە . جابۆ خاتری ئەوە بتوانێ لەگەڵ هەموو جیهان و جیهانیان بەرەورووبێ ،پێویستی بە تایبەتی و مرخێکی لە رادەبەدەر هەیە .بۆیە خوای مەزن بەرجی ئەوە کە بە ئینسانێکی پاک وگەورەی خوڵقاندبوو لە گۆشەی پەروەردەشەوە دەبوو لە ئامووزشگەلێکی تایبەتی و عەیرە ئاسایی بەهرەوەر بێ و هێز و ورەیەکی مەعنەوی و رووحانی پێ ببەخشرێ .

هەروەکلە پێشوودا باسمان کرد پێغەمبەرێکی زانستی و ئاقڵ و خاوەن ئەخلاق و مەنتیقە و هەرچەند دوژمنەکانی موعجیزەی ماددی یان لێدەویست بەشایەدی قورئان هیچ کات موعجیزە و رمووزناتی ماددی نیشانی بت پەرستەکان نەدا ، بەڵکوو تەنیا ئایەتەکانی قورئانی بەسەردا دەخوێندەوە و دەیفەرموو :

ئێوە ئینسانن و هونەریشتان لە زمانناسی و فەساحەت و بەلاغەتدایە . تێفکرن ئەو مەبەستانەی من بە ناوی وەحی خوا بە ئێوەی دەڵێم ئەگەر پڕن لە حەق وحەقیقەت و مەسڵەحەتی ئێوەی تێدایە ،پەسندی بکەن و ئیمان بە خودای واحید و بێ شەریک بێنن . ئێوە عەقڵتان هەیە دەزانم تێدەگەن، بەڵام تەقلید و پەیڕەوی لە ئابا و ئەجدادوخۆبەزل زانین نایەڵێ ئێوە ئەو راستییە بسەلمێنن و ئیمان بەخودا بێنن . قورئان لە زۆر جێگەدا وەک سوورەی جومعە ئەو حەقیقەتە کە محەممەد پێغەمبەرێکی عیلم و حیکمەتە دەفەرمووێ :

**يسبح لله ما في السموات والارض الملك القدوس العزيز الحكيم .هو الذي بعث في الاميين رسولا"منهم يتلوا عليهم آياته و يزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وان كانوا من قبل لفي ضلال" مبين .**

واتە هەموو مەوجووداتێکی زەوی وئاسمان



سپاسوستایشی ئەو خودایە دەکەن کە توانیویەتی هەر لەو قەومە نەخوێندەوار و جاهیلەی عەرەب پێغەمبەرێک بنێرێ کە ئایاتی خودایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و تەزکیەی ئەخلاق و کردەوە وزانست وحیکمە-یان فێر دەکا ."

دەسان خودا فەرموویەتی :

هەر خودی ئەوکارە ،هۆی ستایشی خوداوەندە ، کە محەممەدی کردۆتە مامۆستای

زانست وحیکمەت و عیرفانێک کە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاد جوورە.

برای کوردی ئیماندار، باسی گەورەیی و سەروەری پیغەمبەر (د.خ) لە وتارێک و دواندا تەواو نابێ بەلام ناچار بووم یادێک لەم پێس وتارە بکەم تا بتوانین رازو رەمزی (میعراج) کە لە رووداوە هەرە گرینگەکانی ئایینی ئیسلام و عەزەمەتی پێغەمبەرە تی بگەین.

(میعراج) یانی چوون بەرەو خوا و هەڵفرین بۆ ئاسمانەکانە. کارێکی سەرسورێنە لە هیزی ئینسان بەدەرە، بەلام وەک ئێستا کرگارەکانی زانستی وەک سەفینەی فەزایی نیشانمان دەدری باوەری ئینسان بە میعراجی رەسووڵی خودا ئاسانتر دینێتە بەرچاو.

هەروەک مێژووی ئیسلام گەواهە حەزرەت ماوەی سێزدەساڵ بە شێوەیەکی ئینسانی و فەرهەنگی و ئاقڵانە،ویڕای محیبەت و لێ بووردن و ئیسار قەومی قورەیشی لە مەگە بانک کردە خوداناسی و یەکتا پەرستی،بەلام ئەوان زۆر سەخت دژی ئەو راوەستان وتەنیا چەند کەس ئیمانیان پێ هێنا ،بەرحی ئەوەش وەختێک زانی یان دیتی محەممەد هەر دێ و پەرە دەکرێ دەستیان کرد بە ئەشکەنجە و ئازاری موسوڵمانەکان. تارادەیەک ئازار دران کە پێغەمبەر ناچار بوو فەرمانی هیجرەتی داو بەرەو حەبەشە ولاتی ئیتیۆپی ئێستا بەڕێ بوون.

نامەردی ونامەردومی قورەیشی یەکان گەیشتە ئەو بەڕی خۆی. ئەوجار خودی پێغەمبەر و چەند ئەسحابە کە مابوونەوەلە مەگەیان دەرکردن ولە دەوری شەعبی ئەبوو تالب گەمارۆی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی دران.

بەپێی بریارنامەیەک ئاخاوتن لەگەڵ موسوڵمانان قەدەغە کرا. لەو گەمارۆیەدا بە حوکمی قانوونی (مروت) بنەماڵەی بنی هاشم واتە خانەدانی پێغەمبەر بەسەوەک هۆزی ئەبووتالب کە ئەرکێ پاراستنی پێغەمبەری بەستۆ بوو ،دەگەڵ ئەو هاتنە شەعب و گەمارۆ دران.

گەمارۆ ماوەی سێ ساڵ درێژەی بوو. بەداخەوە حەزرەتی خەدیجە (امالمومنین) سالّی ئاخری گەمارۆ وەفاتی کرد.ئەوژنێکی دڵ سۆز و زانا و خەمخۆری دین و پێغەمبەر بوو.

ئەم رووداوە دلّتەزێنە بە توندی حەزرەتی رەسوولّی خستە پەژارەوموسوڵما ـ نانی لە ماتەمدا نوقم کرد. کە هەر بەو بۆنەوە ئەو ساڵەبان ناو نا (عامالحزن)

زۆر پێ نەچوو ئەبووتالب وەفاتی کرد پەژارە بوو بە دوو. بەلام ئەبوو لەهەب مامی پێغەمبەر و برای بچووکی ئەبووتالب کە لە بنەماڵەی (بنی هاشم)دا تەنیا ئەو بەربەرەکانی لەگەڵ محەممەد دەکرد لەنێو قورەیشی یەکان مابووە، لەمەرگی براکەی تەزی و چون دەبوو بە جێگری ئەو هەستی بە ئەرکی قورسی سەروکایەتی دەکرد، بە هاوکاری چەند کەسی دیکە لەقورەیشی یەکان کە هەستی حزمایەتی وبەزەیی یان جوولابووە پەیمانەکەی قورەیشیان شکاند.

پێغەمبەر وموسوڵمانەکانیان هێناوەنێو شار. دیسان ماوەیەک بە ئازادی رایانبوارد بەلام دوژمنایەتی ئەبوولەهەب لەگەڵ دینی تازەی محەممەد ئەوەندە قووڵ بوو، کاتێک دیتی پێغەمبەر دەست لە تەبلیغ هەڵناگرێ کەوتە بیانوو و پشتیوانی خۆی وەک سەرەک هۆزێک لە پێغەمبەر بڕی. ئەوە بوو کە دیسان کەوتنەوە بەر هەتک و هێرشی بت پەرستەکان. لەو دەورەدا بوو کە قورەیشی پیلانی کوشتنی تەنیا یاری هەمیشە وەفاداری پێغەمبەر "ئەبووبەکری سەدیق" کە لە خزمەتیدا مابوو، دارشتبوو.




پێغەمبەر فەرمانی دا ئەبووبەکریش هیجرەت بکا هەرچەند زۆری پێ ناخۆش بوو بەلام بەخاتری دەستووری محەممەد ( د.خ ) بەرەو جنووب لە مەکە دەرکەوت .

پێغەمبەریش بەرەوشاری (طایف) کەوتە رێ تا بەڵکوو جێگاو رێگایەک بۆ خۆ و یارانی پەیدا بکا . بەداخەوە کاتێک گەیشتە (طایف) بە هیوای ئەوە بوو میوانی یەکێک لە بنامۆزاکانی بی بەلام ئەو نامەردانە نە تەنیا رایان نەگرت بەڵکوو منداڵ و لات و لووتەکانی شاری (طایف )یان هان دا بەردەبارانی بکەن ئەویش دوای ماوەیەک خۆشاردنەوە لە باغێکدا پاش نوێژی خەوتنان بەرەو مەکە بەڕێ بووە .

هاوکات لەگەڵ زەمانی حەجی عەمرە گەیشتەوە دەوروبەری مەککە و بۆدووهەمین جار توانی بێتەوە ئەوی .

جا لەو فشار و تەنگانەدا بووکەدیسان پەنای بردەوە بەرخودای مەزن و گوتی :

ئەی پەروەردگاری رەحمان و رەحیم ئەگەر تۆ لێم توورە نەبی گوێ نادەمە ئازار وفشاری بتپەرستەکان بەلام خۆت ئاگاداری ئەوانە ئیدی شیاوی هیدایەت نین بۆخۆت رێگای رزگاری ئێمەوسەرکەوتنی دینمان نیشان بدە .

ئەوە بوو خودای مەزن بەزەیی بزووت و میعراجی بۆ پێغەمبەر پێک هێنا جوبرایلی ناردە خزمەتی :

**سبحان الذی اسری بعبده لیلا"من المسجد الحرام الی المسجدالقصی الذی بارکنا حوله لنریەمن آیاتنا انەهوالسمیع البصیر .**

عەزەمەت وستایش بۆ ئەو کەسە شیاوە کە شەوڕەوی بە بەندەی خاسی خۆی کرد لە مزگەوتی مەککەوە و بۆمزگەوتی " بێت المقدس" لە شام وفەلەستین کەدەوروبەرەکەی ( بەنیعمەتی رەنگاورەنگ وخاکی چاک وپاک) پڕ پیت و بەرەکەت کردووە .

فەلسەفەی ئەوکارەش ئەوە بوو تائایەت و رازووڕەمزی خودایی نیشانی محەممەد بدا تا لێوەشاوەیی و توانای هیدایەت ورێبەری کۆمەڵ هەتا هەتایە وددەستبێنێ و بە پشتیوانی خودا بەسەر هەموو کەندو کوسپێکدا زاڵ بێتەوە کە یەکێک لەورازانە کۆچی پێغەمبەر ویارانی بۆ مەدینە بوو .

ئەوجار بە گوێرەی حەدیسی پێغەمبەر لە مزگەوتی (اقصی)وە خودای مەزن سەفەری میعراج و هەڵفڕین بۆئاسمانەکانی بۆ سەرداری ئەنبیا یانی (محمدالمصطفی) پێک دێنێ و لەگەڵ زۆر ئەسرارێ مەلەکووتی ئاشنا دەکا و هەرچەند بۆ لەحزە و هەناسەیەکیش بێ، دونیا ومافیها وشەهادەت و غەیبی پێشان دەداولەئەسراڕی گەورەی ئافەرینیش ئاگاداری دەکا .

کەدەڵێن "هێمن" مەبەست "شیعری هێمن"ە چونکوو گومانی تێدا نیە ئێمە هێمن وەک "شاعیرێک" دەناسین کە کوتیشمان "شیعری هێمن" خود بەخود شیعری کوردی دێتەگۆڕ جابۆیە بۆ تێگەیشتنی دروست وزانستی یانەی شیعری هێمن ناچار دەبین بەرکوڵێک لە شیعری کوردی وئەو قوناغانەی (لەکۆن ونوێدا ) بڕیوەتی

دیالێکتەکانیان شێوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەمڕۆیان نیە .بۆیە لەلایەنی لێکۆڵینەوەی شیعری و گەشەی شیعری کوردی‌یەوە ناتوانین بە پێوەرێکی گشتی وەهەمەلایەنە ، هەڵیان سەنگێنین .


سێ کوچکەی بابان (نالی و سالیم وکوردی) وەک بنیات نەرانی ڕێبازی کلاسیکی شیعری کوردی دەناسرێن . دەتوانین

وشەی بێگانە بەتایبەت عەرەبی وفارسی وتا رادەیەکیش تورکی

دیارە ئەوانەی گوتمان بەو مانایە نیە کەداغی دواکەوتن لەنێوچاوانی شیعری کلاسیکی کوردی بدەین .

**شیعری ڕۆمانتیک :**

پاش بە دەسەڵات بوونی ئیستیکباری جیهانی(سەرمایە داری جیهانی) وباڵ کێشانی بەسەر زۆربەی گەلانی جیهاندا




بکەین تا بەڵکوو بتوانین لە گەشە وگۆڕانی شیعری نوێی کوردیدا جێی هێمن وەک شاعیرێک وشیعری هێمن وەک داهێنانێک و بەرهەمێک لە خەرمانی شیعری کوردی بنەخشێنین .

دەتوانین بەرکوتی گەشە و نەشەی شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە :

**ئەگەرچی باباتاهیری عوریان وخانی ومەلای جزیری بە مەودای زەمانی گەلێک پێشترن بەلام بەوەی کەلەهجەو سیمای پوخت ولایەنەئاشکراکانی ئەم ڕێبازانەش بەم لایەنانە بناسینەوە :**

١- دەکارهێنانی کێشی عەرووز .

٢- بایەخدان بە بەلاغەت و ئارایشی ووشە و جیناس و بەشەکانی دیکەی ڕەوانبێژی

٣- سوود وەرگرتنی زیادە لە پێویست لە "مانای زەینی " بۆ داڕشتنی نێوەرۆک .

٤- نەبوونی یەکەتی بابەت وپشت بەستن بە مانای تاکە شیعر .

٥- بەکارهێنانی زۆری

بزووتنەوەیەکی نوێ خوازی پەرەی گرت و بەتایبەت پاش جووڵانەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێران وتورکیادا میللەتی کوردیش کەوتە بەر تەوژمی نوێخوازی و تازە بوونەوە و سەردەمێکی نوێی ڕۆشنبیری لە شیعر وفەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا لە دایک بوو .

وەک مامۆستای نەمر **گۆران** دەڵێ :**ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠، سەردەمی تازەبوونەوەی شیعری ناوچەی سلێمانی‌یە** . ئەو شەپۆلە بەهۆی تێکۆشانی شاعیری نەمر **شێخ نووری شێخ**

**سالح و رەشید نەجیب** و خودی **گۆران لەژێر کارتێکردنی شێوازی ئەدەبی نوێی تورکی پەرەی سەند**. رووداوە مێژوویی بەکانی ولاتی کوردەواریش وەک بزووتنەوەی **شێخ مەحموودی نەمر** لە دژی ئیستیعماری ئینگلیس و دەیان رووداوی دیکەی تەوژمی ئەم شەپۆلە نوێ خوازی بەیان بەهێزتر کرد. لەمەودوا بەگژداچوونێکی تەلیسمی شیعری کلاسیکی کوردی دەبینرێ و لەهەموو لایەکەوە بانگەواز بۆ ژیانێکی نوێ جاڕ دەدرێ. ئەوەتا **ئەحمەد موختار بەگ دەڵێ**:

شاعیرانی کورد بەسە بەس
باسی زولف وچاو بکەن
کەم بەیانی پەرچەموکاکۆڵی
ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا
گوڵی لاولاو بکەن
ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی
دڵسووتاو بکەن

دەیان نموونەی دیکە لە ناڵەی دەروونی شاعیرانی تازەی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەمان بەڵگەیەکی روونی تازەبوونەوە وبەخۆدا هاتنی شیعری کوردی یە بە مەبەستی بەرەوپێش خستنی ژیانێکی تازە ولێرەدا شیعر دەبێتە ئامرازی خەبات لە نوێ کردنەوەی خۆیدا و جوولاندنەوەی بیرومێژی خەلک. بۆیە لامان ڕاستتر وایە قۆناغی شیعری رۆمانتیک کەلە ئەدەبی جیهانیدا دوو پلەی کۆنەپەرستی وپێشکەوتنخوازی پێ دراوە لەئەدەبی کوردیدا بەبێ ناوەرۆکی گەش و نوێ ناوی قۆناغی رۆشنبیری پێ بدرێ. سیمای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا بەکورتی بەم جەشنە نیشان دەدرێ:

**١- لاوازی کێش و قافیە.**

**٢- خۆدزینەوە لە کێشی عەرووز.**

**٣- دەکارهێنانی وشەی رەسەنی کوردی و زاراوە و رستەی ئاودار و دنەدەر و هاندەر.**

**٤- نێوەرۆکێکی نەتەوەیی زۆر و زەوەند.**

**٥- عەینی بوونی مەبەست و باس کردن لەژیانی رۆژانەو سەردەم.**

**٦- هەوڵدان بۆبەکارهێنانی سادە بوون و رەوانی مانا و خۆدزینەوە لە بەلاغەت و وشە کاری.**

**٧- یەکەتی بابەت. خۆ دزینەوە لە باسی زولفی ئاڵۆز و چاوی ڕەش وکولمی گەش و برۆی پەیوەست و ....**

قۆناغی رۆمانتیک بەپێی باری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە تەمەنێکی کورتی بوو رووپەڕی ئەم ڕێبازە بەهاتنە گۆڕی شیعری نوێی کوردی هەڵدراوەو مەیدان بۆ جوولانەوەی شیعری نوێ بەجێ ما. بەڵام مامۆستا **گۆران** گوتەنی ئەم قۆناغە کەم تەمەنە "**قووەتێکی موئەسیری**" بە شیعری کوردی بەخشی.

رەوتی رۆمانتیکی ئەو سەردەمە بڕە لە ڕەحەت و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەژیانی نالەبارودواکەوتوانەی کوردەواری و سەرکردەی بزووتنەوە کۆمەلایەتی و رۆشنبیری یە کوردەکان. بۆیە هەندێ کەس شیعری ئەوسەردەمە بەتایبەت دوای مردنی **مەحوی وشێخ رەزا** بە ڕیالیزمێکی رەخنەگرانە ناو دەبەن و بڕوایان بەقۆناغی رۆمانتیک لەشیعری کوردی ئەم چەرخەدا نیە.

بێگومان ژیانی نوێ، پەیوەندی نوێ وبیروبڕوای نوێ وبەم پێ یەش شیعری نوێی پێ دەوێ کە مامۆستا گۆران ئەم ئەرکە مێژوویی یەی لەشیعری کوردیدا بە ئەنجام گەیاند. لێرەش دا دەتوانین بەدەست نیشان کردنی چەند خاڵێک سیمای شیعری کوردی روون تر بکەینەوە.

**١- سەرنج ڕاکێشترین سیمای شیعر لە قۆناغی نوێدا عەینی بوونە.**

**٢- دەکارهێنانی کێشی خۆماڵی رەسەن - جووت قافیەو کێشی پەنجە کە بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆشیعری فۆلکلۆری و هەورامی.**

**٣- دەکارهێنانی وشەی**

رەسەنی کوردی، هێنا نەگۆڕی
مۆسیقا وئاوازی وشەی کوردی
وباسی جوانی یە سروشتی یە ـ
کانی وڵات (گۆران ـ کۆمەڵە
شاخێک بەرز و گەردەنکەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش)

٤ـ ژن وەک مرۆیەکی هاوشان وهاوبەش لە ژیاندا دەناسێ .

دەبێ بەوپەڕی شانازی یەوە بڵێین کە ئەدەبەکەمان سەرەڕای تەمەن کورتی لەچاو ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەی جیهان هەنگاوی بەرزی بۆ پێشەوە ناوەوبۆتە ئەدەبێکی بەهێزی بەرەوپێش "دینامیک"

مەبەستلەم سەرەتایە چوونە نێو دنیای شیعروشاعیری هێمن بوو بێگومان دەروازەیەک پێویستە و ئەم دەروازەیەش خودبەخود هەمان رەوتی شیعری کوردی یە کە بە کورتی باسمان کرد .جائێستاش بەپێی توانا و بیری لاوازی خۆمان پێ مەلەیەک لە کەنارەکانی دەریای قووڵی "شیعری هێمن" دەکەین بەو هیوایە کە مێو ژێک لە کەویژێک بێ و قەترە لە دەریایەک .

سەرەتای شیعری هێمن :

**خەبات وراپەرینی نەتەوەکەمان لەدژی رژێمی ستەمکاری رەزاشا وحەمەرەزای کوڕی بناغە و بنچینەی شیعری هێمن پێک دێنێ . دەبەرچاوگرتنی حاڵی لێقەوماوان وزۆرلێکراوان و دیفاع لە مافی گەل وکۆمەڵی چەوساوەی کورد دەبێتە هۆی ئەوە کە بڵێین شیعری هێمن ریالیزمێکی شۆڕشگێرانە و رەخنەگرانەیە بۆیەریالیستی یە کە باسی رووداوەراستەقینەکان بەو جۆرەی کە هەن دەکا . لە لایەکیشەوە رەخنەگرانەیە چونکوو نالەباری دەردە ودواکەوتوویی باس دەکا و شۆڕشگێرانەشە چونکوو بەگژ نالەباری سەردەمی خۆیدا**



**دەچێ . بۆ نموونە شیعری "خاوەنی زێڕ" چاولێدەکەین .**

**لەبار وقیت وقۆزەخاوەنی**
**زێڕ**
**ئەگەر کوورە وئەگەر گۆجە**
**وشەل وگێڕا**
**بەڵام زێڕت نەبێ سووکی**
**ئەگەر تۆ**
**بدەی دەرسی هەزاری وەک**
**شەکسپێر !**

"پوول وپارە "لەسەردەمێکداکە ژیانی مەعنەوی مرۆبوونی خۆی لەدەستدابێ هەموو شتێکە ، پوولدار قیت وقۆزە، بەژنی شووش وباریکە . ئەگەر زێڕت نەبێ ئێسک گرانی ،بەڵێ ئەگەو زێڕت نەبێ ودەرسی هەزاری وەک شەکسپێربدەی بێ سوودە و هێشتا هەر سووک وبێ بایەخە .

هێمن **لە بەگژدا چوونی ئیمپریالیزمیدا راناوەستێ و دەڵێ بۆ ئەم دنیا خۆرانە تەنیا گەرانی سەرمایە مەبەستە و ئەوی بایەخێکی نەبێ ئینسان وئینسانەتی یە .**

**سەرمایەی وان لە گەردا بێ**
**بازۆر دەرک بەقۆر گیرێ**
**دۆلار لەبەرەو نەکەوێ**
**با کۆلەوار بێ داپیرێ**

هەر وەک ئیشارەمان پێکرد خەبات دژی رژێمی شا و دار و دەستەکەی هەمیشە زەمینەیەکی پان وبەرین بوو بۆ شیعری هێمن وئەمەش لەگەڵ شیعری هێمن دا وەک "

" دەبرۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی رێ یەت بێ " و گەلێک شیعری دیکەی" تاریک و

روون" دەبیندرێ.شان بەشانیش باسی ئەو بارودۆخە نالەبارو نائاسایی وکوشت و بڕومالّ وێرانی یە دەکا کە نەتەوەی کورد پێیدا تێپەڕیوە و لە سەردەمی پادشایەتییدا گوزەراندویەتی .

**هیچ کات هێمن نەژادێکی لە نەژادێکی دیکە بەرزتر دانەناوە وهەرگیز شای بە نوێنەری راستی نەتەوەی فارس نەناسیوە ، تەنانەت راکردنی شای بەسەرکەوتنی هەموو گەلانی ئێران زانیوە بە هەموو نەتەوەکانی یەوە**

**هێمن نیشتمانی خۆی لە قوولایی دلّەوە خۆش دەوێ و لە پێناو رزگاریدا هەولّ دەدا .**

**وەتەن گیان وسەرومالّم فیدای**
**تۆ**
**وەگیانی من کەوێ دەردوبەلای تۆ**
**لەپێناوت دەنێم سەر تابزانی**
**منم رۆلّێکی ئازاوباوەفای تۆ**

بنەمای ئەم خۆشەویستی یە ئەو بابەتە مەوزووعی یانەن کە سیمای سروشت وژیانی پاکی لادێ نشینی و کۆمەلایەتی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە .

جوانی سروشت وداب و نەریت وژن هەمیشە تابلۆیەک بوون کە لەبەرچاوی شاعیردا نەکالّ بوونەوە ونە پەردەی نیسیان بەسەریاندا دەدرا . ژیانی کۆمەلایەتی رەنجبەر وجوتیار جێگایەکی گەورەیان لە**شیعری هێمن**دا پێدراوە . دەربارەی جووتیار ورەنجبەری کورد دەلّێ :

**بەهارە کاتی کارە ،خۆشەویستم**
**بۆچی بنێم بۆشار**
**ئەگەر منێمەشاری کێ وەئەـ**
**ستۆ بگرێ کاروبار**
**لەسایەی زەحمەت ورەنج ولە**
**سایەی کاروئازایی**
**بەسەربەرزی دەژین بۆ کۆمەلّ**
**وگەل تا نەبن سەربار**

لێرەدا دەتوانین مەسەلەیەکی زەقی شیعری هێمن وەک پەنا بردنە بەرلادێ وژیانی سادە و ساکار وبێ ئارایشی لادێ و گفت وگۆ لەگەلّ تەبیعەت و پێهەلّگرتن بەکەژوچیا وفەسلّ و گولّ وگیای چیاکان باس بکەین کە شوێنی رۆمانتیسمی تێدا بەدی دەکرێ وەک شیعری "ئەمەگی گولاّن" کە دەلّێ :

**بەوەنەوشەی گوت مێلاقە جارێک**
**لەمێژە هەمە لەتۆ پرسیارێک**
**ئەتۆ کەپەلکت واسوورو گەشە**
**دەروونت بۆچی خەلّووزی ڕەشە ؟**

یاخود :

**چ خۆشەکاروکوورِی مەڕ چ خۆشە**
**پڕمەیی کەحلان**
**چ خۆشە فیتەفیتی شوان چ خۆشە**
**ئۆحەیی گاوان**

دیسان دووپات کردنەوەی وشەی تەئکید و بەکارهێنانی وەزنی فۆلکلۆر و درێژی شیعرەکان بەدوور لەزمانێکی حەماسی وامان لێدەکا کە بلّێین هێمن ماوەی تەمەنی شیعری خۆیدا پەنجەی لەگەلّ سەبکی رۆمانتیکدا نەرمکردووە و نوانیویەتی وەک شوڕە سوارێک ئەسپی خۆی لینگ بدا .

هێمن لەم کارەدا ئەگەرچی سەبکی گۆران وناسکی بیر و خەیالّی سۆفیانەی شیعری فارسی بەخۆیەوە گرتووە بەجێ یە لێرەدا پەنجە بۆبەراوردکردنی شیعری شەنگەبێری کەوێنەیەکی خۆمالّی ژیانی کۆمەلایەتی کوردەواری یە راکێشین .بەلاّم سەربەخۆیی شیعری خۆی پاراستووە . شیعری ژێرەوەی هێمن :

**کە ئێواران کەزیت دەکردن**
**سێ بەنگی وچاوت دەڕشت**
**بەو کەزی وچاوەنەرمانە بێ**
**رەحمانە شوانت دەکوشت**
**شەنگەبیزا بەسەماوە سوژدەی**
**دەبردە بەر بەژنت**

وەبیر هێنەرەوەی ئەو شیعرەی گۆرانە کە دەلّێ :

**کاتێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم**
**لەنجە بەرەومالّ**
**ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر**
**کولّم وخەت وخالّ**

لەشیعری "**نالّەی جودایی**" دا سیمای شیعری سۆفیانەی فارسی بەتایبەتی شیعری مەولانا بەدی دەکرێ وەک دەلّێ :

**گوێم دەیە ئەی دیدەمەستی**
**قیت و قۆز**
**تا بنالّێنم وەکو بلوێربەسۆز**
**گەرچی نالّەم تێکەلّی نەی**
**کردووە**
**شیوەنێکم پێ یە نەی نەی کردووە**

# شین گێڕی

## ماموستا حەقیقی

# بیرەوەری من

بەهاری ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی دوای، دامەزرانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لەشاری ورمێ،ماموستا هێمن لەشەوی شیعری سنە بانگ کرا بوو چەند هاوکار وشاعیریشی لەخزمەتدابوو لابەدا لای من.

فەرمووی :

ئەگەر دەتوانی پێم خۆشە تۆش بێیبۆئەو سەفەرە دەناشیعرێکمان بدەیەلەوێ بیخوێنینەوە .شیعرێکی بەهاریم تازە دانابووبۆم خوێندەوە وداممە خزمەتی. ئەوشیعرەلەسروەی (ژمارە١) داچاپکرا . دوابە چەندوێنەمان وێگرا گرتکەهەریەکە بۆخۆی گرینگترین وبایەخدارترین بیرەوەری ژیانمە وهەمیشە لەبەرچاومن .

هەرلەبەهاری ئەوساڵەدا هەوەڵ ژمارەی سروە هاتەدەر. بۆخۆی بۆی هێنام وفەرمووی.

"سروە بۆخۆم بۆم هێناوی بەدیاری"

گوتم :

"بۆخوت گەورەترین دیاری بۆمن.دیداری تۆ بۆمن بەسە" بەداخەوە بۆخۆی گوتەنی مەرگ مەودای نەدا شەمێکی دیکە لەسەرکێکی تەمەنی هەڵکرێ. کاخی فەرهەنگ وئەدەبی گەلەکەمان رووخاو خەرمانی سووری ئاوات وئامانجی پیرو گەنجی ئەدیب وئەدەبدۆستی گەلی کوردی لافاوی ئەجەل رای داو بردی.

هێمن کۆچی دوایی کردو جەرگی دۆستانی بەداخی جودایی خۆی بەکوچکەوەدا ونالەی جودایی بۆ بەجێ هێشتین.


دەبێ بڵێم کە ئەم هەموو کۆڕو کۆبوونەوە لەپێناوی پلە وپایەی شاعیردا سەبارەت بەهونەری شیعرەکەیەتی. شاعیر نامرێ چونکوو شیعر جاویدانە .

سەعدی وحافز ونیزامی لەفارسان، خانی ومەولەوی ونالی لەکوردان سەدان ساڵە بە رواڵەت مردوون بەڵام هەمیشە لەسەرزارو زمانن. زیندون وناوبان بەچاک دەبرێ.ئەوە ئیعجازی شیعرە دەنا واهەیەنەسر وەک، دەریای گەوهەر قووڵ وبابەخدارەوسرگوریشتەی وای تێدایە کەمتر شیعر دەیگاتێ.لەرۆژنامە وگۆواریشدا بڵاودەکرێتەوەبەڵامیانا خوێندرێتەوە یاسەرسەرەکی چاوێکی پێدادەخشێ و وەلادەندرێ والەبیر دەچێتەوە کەسیش لە بیری نامێنێ چی تێدانووسرابوو. بەڵام شیعر ئەوینە،موعجیزەیە، ئیلهامە،وحی یە شاعیر ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەبی میللەتانە. شاعیر چرای رووناکی زمانی زگماکی گەلانە.بۆپلەو مەقامی شاعیر هەرئەوەندە بەسەکە.جارێکی حەسانی کوڕی سابیتی ئەنساری شاعیر دەبارەی بارەگای نەبووەتی حەزرەتیخەتمی مەرتەبەت (د.خ) قەسیدەیەکی لە وەسفی حەزرەتدا دانا وبەعەرزی کەیاند. حەزرەت ئەوەندەی شیعرە- کە پێخۆش بوو عەباکەی لەشانی مەبارەک کردەوە وبە شانی حەسانی دادا :

لەدەرگای خوای بەخشندە ومیهرەبان داوا دەکەم بەکەرەم ورەحمەتی خۆی لە گەڵ. ماموستا هێمن وئەمسالی ئەو رەفتار بکا وئەجری رەنجێکی لەدنیادا کێشاویە لە قیامەتیداتەوە وبەبەهەشتی شاددبکا ئامین!

# خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن :

# نەورۆز



لەبارەی نەورۆزی پیرۆزدا زۆر شتگوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز، یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێن خۆر و زۆردار ڕاپەڕی ودوایی بە دەستەڵاتی زۆردارانەی هێنا ، کرا بە نەورۆز .

تەنانەت لە هیندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی سڵاوی خوای لێ بێ لەو ڕۆژەدا لە دایک بووە . هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەتکردنەوە نان دۆزینەوەی ئاگر ئەونیعمەتە گەورەی خودا ، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایک بوونی حەزرەتی عەلی ئەو سەردارە بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆبکەی بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆزدا بۆچوونێکی لادێ بانە و کرمانجانەیە .لەوەش ناترسم مێژوو زانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوونەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لەکوێ هێناوە .

من پێم وایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زوربەی گەلانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە ئاووری یەوە هەیە .

جا ئیجازە بدەن بەکورتی لەو بارەوە بدوێم .تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وازل بکەم بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆئەرەندەم لەخوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێ یە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژوو ناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکە بۆ لایەک ڕۆیشتن.

ئەم گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پشت و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆرزوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە .

روونتر بڵێم خۆراکیان لەشیر وپۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووەوبە دوای هەوارو لەوەڕگەدا وێڵ بوون وگەڕاون .بەزۆر شارەزای نووسینەکانی "هرۆدت" "طبری" " گزنفۆن" و"فردۆسی" و " مینۆرسکی" و" زێرنۆف" و ئەوانەم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ وکێ ؟! ....

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە ئێستاش ئەگەر کارەساتی رۆژگار لێ گەڕێ کەیفی لە شوانەتی یە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمرۆ دامداری و دامپەروری دەناڵێ .

ئێستاش هەرچەند مەرداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە، ودامپەروەرەکان کاتی بەران تێ بەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو داب هەر نەگۆڕاوە هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ ئەو رۆژە بەران دەمەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا ،مێوژ و خورماو شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر حەڵاڵێکی زۆرباش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی رەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نیە هەربە بیری من مەردار لە ئاخر و ئۆخری مانگی میهر بەرانیان دەمەڕ کردووە و جێژنی میهرە ـ گانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە میهرجان وبە هەموو رۆژی خۆش دەڵێن میهر جان .

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد رۆژ رووحی وەبەردێ و مەترسی بەر ئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە



ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن " بێلن دانا "پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە . دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لەشەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕدێ و جێژنی هەرەگەورەی مەڕدارە.

پێم وانیە پێویستی بەروون کردنەوە بێ بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە رۆژ دەبێ لەکۆز دەرکرێ وبە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ .ئەوەش سێزدەبەدەرەکە ـ مان .

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕە کرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەر مەڕ رادەگەیشتم و گەرمێن وکوێستانم دەکرد وبە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو.


بەڵێ ماوەیەکی زۆر وێرای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توند وتۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی رەنگین ژیانم رابواردووە .

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆئەوەی شوانەکانمان نیوەرۆ،خەوی بۆ بکەن وشەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەرمەڕ ولەو وەختانەدا بووە شیعرم بە تەبیعەت و خۆڕسک وژیانی کوردەواری هەڵگوتووە" .


پرسیاری ١٢ ـ هەر وەک دەزانی هێندێک لەبەیتەکانی کوردی کراونەوە رۆمان وکورتە چیرۆک یان بەشێوەی شیعر سەر لەنوێ دارێژراونەوە بڕوات لەسەر ئەمکارە چیە ؟

وەڵام ـ بەڵێ بەیتەکان هیندێکیان زۆر بەپوختی وەک دمدمی عەرەب شەمۆوهیندێکیان بە ناتەواوی و زۆر ناشیانە کراونە چیرۆک و بە شێوەی رۆمان هاتوونە دی. ئەو کارە ئەگەر پاش لەخۆبوونەوە لە هەموو کارێکی بەیتەکان بکرێ و مەبەست ناساندنی بەیتەکان بە تایبەتی بە خەڵکی نەتەوەکانی تر بێ زۆر باش و لەبارە وزۆریش پێویست و بەجێ یە. هەر وەک خەڵکی نەتەوەکانی تر ئەو کارەیان لەسەر شوێنەوارەکانی خۆیان کردووە ئێمەش بەداخەوە لە زۆر جێیان لە " بەرێم نیەولە پشتێم نیە شۆڕە سوارم ڕۆ " زیاتر لە رادەی ئاسایی هەوڵمان بۆ خزمەت بەوان داوە پێویستە ئاواش دڵسۆز بین بۆ ناساندنی ئەوەی خۆمان وهەموو ئەوەی ناسێنەری ئێمەیە .

هەر وەک گوتم گرینگی ئەو کارە وپێویست بوونی ئەوبارە لە پلەی دووهەمدایەو واباشە جارێ تەواوی ئەو بەیتانە ، کۆکەینەوە ،پاش کۆکردنەوەیان کاریان لەسەر بکرێن و پاش تەواوبوونی هەموو کارێکیان. ئەوباری خزمەتەش بگرێتە بەر



(٤)






وت وویژێك دەگەڵ: ع.خزری

بەڵام بەڵای هەرەگەورە وپڕ مەترسی بە شێوەی شیعر سەرلە نوێ دروست کردنەوەی ئەو بەیتانەیە وەک ئەوە دەچێ موجەسەمەیەکی گڵینی ژێرخاکی زۆر بەنرخ ببینیەوە و وردی بکەی بیهاڕی و خۆت بە دڵی خۆت دروستی بکەیەوە جا ج سووژەکە هەر سووژەی پێشووبێ یا بگوڕدرێ و ئەوەش نەتەنیا خزمەت نیە بەڵکوو زۆریش زیان بارە چونکە شێوەی شیعری بەیتەکان شێوەیەکی تایبەتی یە و لە بارەی ئتیمۆلۆژی شەوە. شاعیر ناتوانێ بەمشێوە تایبەتی یە ئەوەی دەیخولقێنی بێ عەیب و ئیراد بێ ئەوجار ئەوکارەی تا ئەوڕۆ لەسەر بەیتەکان بەم شێوەیە کراوە زۆریش ئەو راستی یە روون دەکاتەوە .

ئایا لە (مەموزین)ی(خانی)مان جوانتر هەیە؟ ئایا فلان شاعیری ئەورۆ دەتوانێ بۆ وێنە بەیتی (مەموزین)وا بە شێوەی بەیت دەربێنێ کە شان لە شانی ئەو بدا ؟

دەباشە بەمحاڵەوە شوێنە ـ وارێکی وەک (مەموزین )ی (خانی) نەچۆتە نێو جەرگەی خەڵکەوە بۆ وێنە کەس نیە لە بەیتبێژەکان بەیتی ( مەم و زین) بە شێوەی شیعری(خانی) بڵێ.بەڵام راستە "مەموزین"ی "خانی" شۆڕشێکی ئەدەبی بەدی هێنا وبیانوویەک بوو بە بەربەرەکانی وراپەڕینێکی

خەڵک بەڵام دیسان قالب و کلیشەی شیعری ناسراو ناتوانێ لە راست قالب و کلیشەی شێوەی شیعری بەیتەکان خۆ بنوێنێ "خانی" توانیویەتی شاکارێکی ئەدەبی بخولقێنی تەواو ئەو بارانەی کە خۆی مەبەستی بووە ئەو بارە بارە زۆر گرینگە " کە تەواوی ئەو بارانەی خۆی مەبەستی بووە" لەو شاکارەدا جێ بکاتەوە بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بارەکانی رووحی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی رەسەنایەتی وشەوئەوبارانەی لە تاریفی فۆلکلۆردا گوتم لەو شوێنەوارەدا جێ بکاتەوە و ئەگەر لە لایەکی ترەوە ، بڕوانینە ئەو بڕوایەمەبەستم ئەوەیە ئەو بارە نایاب و رەسەن وجوانانەی کوشت،فیدای فەننی شیعر و باری سیاسی شوینەوارەکەی کرد . **گرینگ ئەوەیەبێ هیچ "تعصب"ێک لەو هەڵسەنگانەدا ئەوەمان لەبەر چاوبێ لە بەرانبەری چیدا چمان دەستکەوت ئەوجار بۆ دوور بڕۆین بڕوانە شیعرە جوانەکانی بەیتی زەنبیل فرۆش تەنانەت پاش وێکەوتنی ئەو زەبرە بۆ دووبارە ساز کردنەوەی لە لایەن کەسێکی - ترەوە ،**

ئەی دڵ بجۆش
ئەی دڵ بجۆش
جامێ لە عەشقی مەی بنۆش
دەکەین باسی زەنبیل فرۆش
بەحس دەکەین حیکایەتێ

**کەچی لەو دووبارە ساز کردنەوەیەدا بەڵایەکی بەسەر هاتووە وکارێکی پێکراوە یاخوا بەسەرهیچ شوێنەوارێکی - تر نەیە** .ئەوە بارێک ئەو جار لەو دووبارەسازکردنەوەدا بەڵای زۆر گەورەتریش بەسەر ئەو شوێنەوارە بابی دارانەدا دێ .بووێنە سەرەتای بەیتێک بەم شیوەیە دەستپێدەکا کە **"تەرازو دەکراونەوە میزانە ."** کە جارجارە زوربەی زانایان وابیر دەکەنەوە ئەو بەشانە شتێکی زیادین لە بەیتدا یەکێکی بەوردی ولەسەرەخۆیی لەو بەیتانە بکۆڵێتەوە بۆی روون دەبێتەوە جگە لەزۆرلک ویۆی باس کراو لەبەیتدا " **بۆ وێنە تەرازو دەکرانەوەمیزانە" باس لە کات و وەختێکی شەو و رۆژ یا ساڵ دەکا باسی رۆژێک لە رۆژانی سەرەتای پایزە کە مانگی میزانە واتە ٢٣ی ، سپتامبر هەتا ١٤ی ئۆکتۆبرەو ئەگەر زۆر ورد بیەوە بۆی هەیە ساڵ وجەنگەی رووداني** کارەساتێکیش روون بێتەوە جا شاعیرێکی هەوڵ دەدا چوار چێوەیەکی نوێی شیعری لەو بەیتەدا بەدی بێنێ ناچارەیا ئەو مەبەستە زەریف وباریکانە نەبینێ یا سەبارەت بە وەزن و قافیەی شیعری لەبەر چاویان نەگرێ و ئەوەش زەبرێکی پڕ مەترسی یە کەلەوجۆرەکارانەدا وەبەیت دەکەوێ .

ئەوجار وشەکانی بەیت ، رێک وپێکی وچونیەتی تەرکیب ویەکگرتنی وشەکان بوونەرستە. ئەوانە هەموو سەر لە شاعیر دەشێوێنن و ناچاری دەکەن وەلایان بنێ چونکە ئەوەی لە چوارچێوەی رستەیەکدا دەگونجێ ناتوانێ ئەوەندە. کورت بکرێتەوە و سەروکلکی بپەرێ کە ببێتە " مصرع"ی شیعرێک.مەگەر بەڵایەکی وای بەسەر بێ کە خۆشی خۆشی نەناسێتەوە وئەوەش ئاکامێک نیە کە کەسێکی مەبەستی خزمەتە پێی رازی بێ ئاخر شاعیر ، شاعیرە هەوڵی پوخت بوونی وەزن و قافیە و یەکگرتنی بەیتی شیعرەکەیەتی. خۆ زمان ناسنیە بۆی هەیە شارەزایی وا بەسەر زماندا نەبێ کە وشەی رەسەن و وشەی داتاشراو وبێگانە بزانێ و بناسێ ولێکیان جیا بکاتەوە . شاعیر کاتێک "قەمەردەرەعقرە - بی" بیستلای وایە باسی چۆنەتی یەکی ناخۆش دەکرێ کەم واهەیە بە کینایەیەکی نجوومی بزانێ .


ئەوجار لە **بەیتەکاندا کینایە وتەشبیهەوئیستعارەی وا دەبیندرێ کە راستەوخۆ ئەوە دەڵێن کە کورد زگماک شاعیرە و هونەروەرە . شاعیری ئێستە چۆن دەبێ دڵی بێ ئەو بارە جوانە بفەوتێنێ .**

لە بەیتی **کاکە میرو کاکە شێخ دا** لە شین گێری جووتە

بروانە لاپەرەی ٤٥

وێرای سپاس لە عەزیز کەیخوسرەوی

# من «موحەممەد قازی»م



ساڵی ۱۲۹۰ ی کۆچی باوکم میرزا عەبدولخالەقی قازی کە ئیمامجومعەی شاری مەهاباد بوو لەگەڵ ئامیەی دایکم زەماوەندی کرد. بووک پازدە ساڵ لە زاوا کەم تەمەنتربوو. بەرهەمی ژیانیان دوو کوڕ و دوو کچ بوو کە ناوی دوان لە لاپەڕەی ژیان کوژاوە. منیش ساڵی ۱۲۹۲ چاوم بە دونیا هەڵێنا. ئێستا پەنجاو حەوت ساڵە لەتاران‌دەژیم. خوشکێشم لە سەقزە.

شەش ساڵانە بووم کە هەتیو کەوتمەوە و تووشی تەنگ و چەڵەمەی ژیان هاتم بەڵام تا دەهات گاشە وچاڵەی سەرڕێگەم لادەبرد. قەتم دەرووی هومێد لەخۆم نەبەست.

لەئاوایی سریلاوا لە ژێر چاوەدێری دایک ومامم شێخ ئەحمەدی سریلاوا دەژیام. شێخ ئەحمەد (ئەو کەسەیەکە ماموستا هێمن لە "تاریک وروون" دا ناوی هێناوە) ئاواڵی ماموستا فەوزی بوو و کۆڕێکیان بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی لاوان پێک هێنابوو. من یەکێک لە قوتابی‌یەکانی مامم بووم.

پاش ماوەیەک چوومە "مەحکەمە"ی قازی عەلی باوکی خواڵێ خۆشبوو قازی محەممەدی بە ناوبانگ کە پیاوێکی لە خوا ترس بوو ولە ئاست نەتەوەکەیدا دڵسۆزو بەرەحم بوو.

ماوەیەک لەوێ ژیام تا دایکی جحێڵم شووی کردەوە بە یەکێک لە بەگزادەکانی فەیزوڵڵابەگی بە ناوی "مەحموودبەگی کەیخوسرەوی" زۆری نەخایاند کەئاوری‌دایک هەڵێگرتم، ڕێم گرتەبەر بۆ ماڵی دایکم کە ئەو کاتە لە زڕ بابم دوو کوڕی هەبوو. کە لەگەڵ ئەواندا بووینە ئاواڵ وهاوکایە ویەکترمان زۆرخۆش دەویست بەتایبەتی "ئەحمەدی کەیخوسرەوی"، وەک ئاواڵی چاک پێکەوە دەژیاین.

زڕ بابم پیاوێکی بێ فیزو بێ وەی وئایینی بوو و زۆر ڕێزی لێدەگرتم. بۆفێربوون و خوێندنی قوڕئان ناردمیە لای "مەلا شێخ عێزەدین" کەزۆر

لەمەوپێش عەمری خودای بەجێ هێناوە ،زۆری نەکێشا بەویستی خوالێ خۆشبوو "قازی عەلی" گەرامەوە مەهاباد. ساڵی ١٣٠٧ باوەڕنامەی شەشومی سەرەتاییم وەرگرت لەساڵی ١٣٠٧ تا ١٣٠٨ لە خزمەتی خوالێ خۆشبوو "عەبدورەحمانی گیوی موکریانی" زانای بەناوبانگی ئەدەبی کورد کە لەکوردستانی عێراقەوە پەڕیوەی مەهاباد ببوو. دەرسی زمانی فەڕانسەم خوێند و دوو کتێبی سەرەتاییم لە لای ئەو مامۆستا پایەبەرزە تەواوکرد و بە جوانی فێری بووم. پەیوەندی من بەزمانی فەڕانسە هەر لەو کاتەوە درێژەی بووو لە مێشکمدا بنچی داکوتا ، کە دەتوانم سەرکەوتنم لەورێگەدا لە کاک گیو بزانم. ڕەوانی شاد بێ،مانگی تیری ١٣٠٨ بۆ درێژەپێدانی خوێندن بەبار و دوخێکی ئاڵوزەوە خۆمگەیاندە تاران بۆ لای مامم " دوکتۆر حەوادی قازی" کە دوکتورای حقوق بوو وتازە لە ئەڵمان گەرابووە .پیاوێکی تێگەیشتوو بوو ودادرەسی دادگای پەژووهشی بوو .لەکاتی وەزارەتی "داوەر"دا. ئەو بەزمانەکانی ئەڵمانی ،ئینگلیسی ،فەرانسەیی لاتین وتورکی شارەزا بوو . ئەوساڵە لە قوتابخانەی ناوەندی "دارالفنون" ناوم نووسی .لەساڵی ١٣١٥ دیپلۆمی ئەدەبیم وەرگرت . پێم خۆش بوو لەو ڕشتە. درێژە بە خوێندن بدەم بەڵام بەویست و پێخۆش بوونی مامم لەکۆنکۆری زانستگەی حقووقی قەزایی بەشداریم کرد ودەرچووم و لە ساڵی ١٣١٨ باوەڕنامەی لیسانسم لەو ڕشتەدا وەرگرت

لەسالەکانی ١٣١٨تا ١٣٢٠ . خزمەتی سەربازیم بەدەرەجەی ستوانی لە دانشکدەی ئەفسەری کۆتایی پێ هێنا . چون پیشەی داوەری و وەکالەتم پێ خۆش نەبوو بە پیشەی قازی دادگای ئیدارەی وەزارەتی دارایی دامەزرام ،دوایی ژنم هێنا کە بە ڕەحمەتی خوا شاد بوو و ئێستە لەو ژنە دوو منداڵم هەیە یەکێکیان کوڕە و ناوی فەرهادە و مکانیسیەنی ماشێنە . کچەکەشم لیسانسیەی دەنگەبەرەی گشتی یە و شووی کردووە وئێستا کەیبانووی ماڵە .ژنێکی دیکەشم هێناوە و ئێستە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەین ولەو ئەولادم نیە. ئێستا باشم بەڵام بە هۆی سەرەتانی گەروو کە لە ئەڵمان گەرووميان خستە بەر نەشتەر و لە دەنگیان خستم بێدەنگم بەڵام بەهۆی کتێب و ئاوالانی چاکی دەوروبەرم کە زۆربەیان ئەدەبدۆستن وەڕەز نابم و ورەم بەرزە .

کاری تەرجەمەم لەساڵی١٣١٦ بە نووسینی "سنارێوی " دۆن کیشۆت" دەست پێکرد . ساڵی ١٣١٩ دوو کتێبم بۆپێداویستی دەورەی سەربازیم وەرگێڕا یەکێکیان "کلودونگرد"بوو کە لە زمانی فەڕانسەوە بەفارسی تەرجەمەم کرد ،ئەوی دیکەشیان "زاراعشق چوپان"م بە فارسی نووسیوە کە چاپی تەواو بووە و مەتنەکەشیم لانەماوە . لە ساڵەکانی ١٣١٩ تا ١٣٢٠ بەهۆی ئاڵوزی ژیان دەستم لە کاری تەرجەمە هەڵگرت لەو کاتەوە بێ پشوودان خەریکی تەرجەمەم ٥٨ کتێبم تەرجەمە کردووە کە پەنجاوچواریان لەچاپ دراون و چوار کتێبیشم لەژێر چاپن.

لەباری کاری وەرگێڕانەوە دەبێ ئەوەش بڵێم هونەری وەرگێڕان لەنووسین دژوارترە نووسەر دەستی ئاوالەترە. هونەری نووسەری بارودۆخێکی تایبەتی هەیە ،زاڵ بوون بە سەر زمانی نووسراوەدا ، نیشانەی لێهاتوویی تەواونیە. نووسەر دەبێ زۆر سفەتی دیکەی هەبێ وەک موتالای قووڵی کۆمەڵایەتی، شارەزایی بە ژیانی شار ودێ،شارەزایی بە خووخدە و بیر و بڕوا وتەنانەت ئاشنایی بەزاراوەی ناوچەیی ولانەکەی هەبێ و شوینەوارەکەی ئاوێنەی تەواو نوێنی ئەو کۆمەڵەبێ کەتێیدا دەژی.

سەبارەت بەکاری نووسینی خۆم دەبێ بڵێم خانەنشین بووم (ساڵی ١٣٥٥ ) لە بنکەی پەروەردەکردنی هۆشی لاوان و منداڵان بوومە وەرگێڕولێدیتۆر

ولەوێ زنجیرەباسێکم بەناوی "بیرەوەری یەکانی وەرگێڕێک" لەم گۆوارەدا چاپکرا کە تیراژی گۆوارەکەی لە " دوو هەزارەوە" گەیاندە "دەهەزار" ئێستە کتێبەکە دەسنووسە ولە چاپ نەدراوە.

لەباری ئاسەواری "کوردی"یەوە دەبێ بڵێم بە بۆنەی مەترسی دەستەڵاتداری نگریسی "پەهلەوی" نەمدەتوانی کتێب بەکوردی بنووسم و یا وەری گێرم. ئەگەر ئەوکارەشم بکردبایە دەبوا وەک "مامۆستا هێمن ومامۆستاهەژار" دەربەدەری ودوورەوەتەنیم هەڵبژاردبایە کەبەم هۆیانەی سەرەتا باسم کردن بۆم نەدەلوا. زیاتر بەئاسەوار و وەرگێڕانی "فارسی"یەوە خۆم ماندوو کرد بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران کتێبێکم بەناوی "ژانی گەل" لە ئیبڕاهیم ئەحمەد کە زانایەکی کوردی عێراقی یە بە هاوکاری کاک قازی ئەحمەد کردۆتە فارسی. کتێبێکیشم بەناوی "کوردوکوردستان" نووسراوی "واسیلی نیکیتین رووسی" لە فەڕانسەوە بەفارسی تەرجەمە کرد کە ئێستە لەژێر چاپدایە ئەو کتێبەشم لە فارسی یەوە کردووە بە کوردی بە ناوی "کەروێشکە بچکۆلەوهەنگەزاڵە" وەرگێڕا نە بۆ مداڵانە. ئەمەش نموونەی رستەی کتێبەکەیە:

"کەروێشکە بچکۆلە خەوی دەهات، هەر باوێشکی دەهاتێ بە یەکێک لە باوێشکەکان زاری زۆر ئاواڵە بۆوە، تا ئەو جێگایەی کەبنەبانی گەرووی دیاری دەدا"

رەمزی سەرکەوتنیشم زاڵ بوون بەسەر ئەو زمانەدایە کەپێی تەرجەمە دەکەم دەریابەندەری ـ وەرگێڕی پایەئەوەڵی ولات وتوویەتی: قازی لە دەریای قووڵ وبێ سنووری ئەدەبدا رۆچووە بێ ئەوەی نوقم بووبێ.

بەڕاستی وا رۆچووم کە کاتێ خۆی سێ هەزار تاکە بەیتم لە شاعیرانی جۆراوجۆر لەبەر بوو کە ئێستەش زۆربەی ئەو شیعرانەم لەبیر ماوە.

لەڕوانگەی کاری تەرجەمەوە ئاسەوارەکانم وەک مندالەکانی خۆم دەزانم و هیچ جیاوازی یەکیان بۆ دانانێم بەڵام لەباری وەرگێڕانەوە بە شێوەی ئەدەبی، دۆن کیشۆت، دکامرۆن، شازدەکوچولو، جزیرە پنگوئن ها و لە باری مێژوویی یەوە ناپلئون و کرد وکردستان، لەباری زانستی یەوە "نظری بەطبیعت واسرار آن" خوێنەر پێیان سەرکەوتوترن.

شێوەی هەڵبژاردنی تەرجەمەم بەو چەشنەیە کە هیچ کارێک بەتکا وئەسپاردن وەئەستۆ ناگرم بەڵکوو دەبێ ئاسەوارەکە لە پێشدا بخوێنمەوە وپەسەندی بکەم جا وەری گێڕم. لەوبابەتەوە پێوارێکم داناوە کە زۆربەی خوێنەرانی ئاسەوارەکانم پەسەندی دەکەن.

لە ژیانمدا وەک مۆم سووتاوم تا بەرپێی خەڵک رووناک بکەمەوە. داوا لە نووسەران و وەرگێڕانی لاو دەکەم کەئامانجیان لەنووسین روون کردنەوەی کۆمەڵی خەڵک بێ بۆ بەرگری لەدواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و دەربرینی ژانی گەڵ وپێشاندانی چارەودەرمانی ئەو دەرد و ژانە. لە نووسراوەکەیاندا باسی بەرگری کردن لە ناپاکی وخراپەبکەن وبۆ گەشەپێدانی ژیانی ماددی وبەتایبەت مەعنەوی تێبکۆشن و خەڵک هان بدەن بەرەو، پێشکەوتی فەرهەنگی و تێرو تەسەلی لە نووسیندا تەنیا مەبەستیان پارە نەبێ دەرد و ژان وتەنگ وچەڵەمە وچارەڕەشی تەواوی ئادەمیزادی سەر هەرد پێکەوە پەیوەندێکی لەپسان نەهاتوویان هەیە، هاندەرێکی باش بن بۆ بەرەوپێش بردنی پلەی بەرزی مروڤایەتی و دژایەتی لەگەڵ ئیستیعماری خوێن مژ.

ئەرکی سەرشانی نووسەران و وەرگێڕانی لاوە، کە کاتی پربایەخیان بە وەرگێڕان یا نووسینی کتێبکە چێژی رێنوێنی تێدا نەبێ بەفیڕو نەدەن.

# سەید ئیبراهیم ستوودە

بەهارە وکاتی بەزم وجامی گوڵڕەنگ
بەڵام گوڵ سینە چاکە وغۆنچە دڵ تەنگ
بەجێیە گەر بڕێژێ چاوی گەردوون
بەسەر چاوە وچیادا ئەسری گوڵڕەنگ
وەنەوشە مل کزو سۆرانی شینە
زمانی سوێسنی شیرین زمان ، لەنگ
چلیخانەی دڵی ناسک خەیالان
پەشێواوە وەکوو تورڕا) بە چلچلەنگ
بەڵێ رەنجی جیهان ژەنگی دڵانە
دڵ ئەر ئاسن بێ ئاسانکونی ئەکا ژەنگ
" هەوارگەی خاڵی " وێنا لەی جودایی ،
بەشیوەن سازدەکەن شوورو نەوای چەنگ
نەوای شین ، نازی نەوروزی گوڵانە
لەزەخمەی چەرخی چەپگەردی کەج ئاهەنگ
لەگڵ دەرهاتووە ئالای سپای گوڵ
بەڵام شای وێژە گڵکۆی کردە ئەورەنگ
زمانم لاڵ دەڵێن چەرخی چەمەر پشت
هوسای من " هێمنی " بردووە بەنەیرەنگ
دریغا هێمنی شیرین زمان چوو
خودانی شەوق وزەوق وفام وفەرهەنگ
نیە هاوگەوهەری شیعری لەتیفی
مەگەر ئاونگی سەرکوڵمی گوڵی شەنگ
نەبوو هاورەنگی رەیحانی خەتی وی
مەگەر موشکی تەتەر ، یا ، نەخشی ئەرژەنگ
بەچوونی ئەو ، نەهات هات ،هات لەدەس چوو
چ ... ات وچۆبە ئەی بەختی سیارەنگ ؟
لەپێی ئامانجی هۆزی خۆی نەترسا
لە دەردو رەنج و کۆسپ وبەندوسەرچەنگ
" ستوودە " مەرگی هێمن کاسی کردی
مەنات ناکەم ئەگەر ماتی ، ئەگەرمەنگ
لە دڵ بەردیت بوو قەدری ویت نەزانی
بەڵێ بێ بایەیە گەوهەر لەلای سەنگ

# شێخ عەبدولکەریم هیرانی

ماڵی وێرانم بۆ بەختی رەشی کورد کەی زانراوە لە بەهاردا گوڵ هەڵوەرێ بولبول بێ دەنگ ببێ ؟!! بەڵێ بەهاری ئەو ساڵەشمان پڕ لە غەم و پەژارە بوو بەتایبەتی بۆ هونەردۆستان بەهۆی کۆچی دوایی ئەو شاعیرە مەزنەوە .

بەهاری ئەوساڵەشمان کە ساڵی "٩٨٦" ە داخی گرانم داڵێکی پڕ لەخۆشەویستی کورد و کوردستان لە لێدان کەوت و تەرمی ئەو شاعیرە مەزنە خرایە باوەشی خاکی پاکی کوردستان .

سەر هەبێ شاعیر لەناو کوردا بەڕاستی هێمنە
خۆشەویستی ئەو هەمیشە والەناو هەستی منە
شیعرەکانی وەک چرای رووناکە بۆرێگەی خەبات
نووکی خامەی ئەو بەوێنەی چقڵی چاوی دوژمنە
مەردی مەیدانی خەبات وبولبولی باغی هونەر
شاعیرێکی پایەبەرزو بیروباوەڕ رۆشنە
هێمنی شاعیر لەناو کورد ناوی هەرگێز نامرێ
چونکە خاوەن بەرهەمێکی پڕ لە سوودو شیرنە
چی بکا وریا لەبۆ ئەو شاعیرە هێشتا کەمە
داخەکەم هیچ ناکرێ رێگای هەموومان مردنە

## شین گێری

# هێمن نامرێ

د. بیده شێخێ

ڕۆژی جومعه ڕێکەوتی ۲۹ ی خاکەلێوەی ۱۳۶۵ ی هەتاوی . دیسان ئاسمانی کوردەواری تەم گرتی،دیسان ئەسرین ڕژا بەسەر کۆشی دایکی مل بەکوێن ،دیسان روناکبیرو دڵسۆزی کورد دەستی لەرزی وهێزی ئەژنۆی لێ بڕا ، دیسان دڵی لە حۆشی ئاورین بۆ لەپێش چاوی کوورەی خاکی بەئاواچو ، دیسان تارمایی بەسەر چاوانی کشا وبلبیلەکانی چاوی سۆمایی یان لێ بڕا ،دیسان چرای قوژبنی فێرگەفووی لێ کراو ڕێگا بەرەو زەلکاوی نەزانین خۆش کرا ،دیسان دڵی نەوەستاوی شاسواری مەیدا ـ نی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لەناو گۆڕی سارد و تەنگەبەردا سەری نایەوە ، دیسان تاکە سوارەی مەیدانی خەبات وتێ کۆشین بوو بە میوانی خاکی بێ باکی مەهاباد ،دیسان قاسپەی خاسەکەو لە گەروودا خنکایەوە ،دیسان کۆڕی شین گیرایەوە والفاتیحە دادرایەوە .

**دەک فەلەک تەختت وەرگەڕێ**
**ئاگر لە بەختت هەلگەڕێ**

ئیتر ئەوجار خۆراگرتن ناکرێ،ئیتر ئەوجار دڵ ناسرەوێ، ئیتر ئەوجار بێ ئیختیار ڕێژنە بارانی فرمێسکی دڵسۆزی کورد ڕێچکە دەبەستن ئیتر ئەوجار خوێنی گەشی چاوی وردبینی کوردە کە جۆگەلە بۆ جۆماڵی جوتێری کورد هەڵ دەبەستن ،ئیتر ئەوجار دڵخۆشی دانەوەی دایکی نیشتمان ناکرێ ،ئیتر ئەوجار ئاسۆی روونم لێ بۆتە تاریکایی شەوەزەنگ .

تەنانەت ئەوجار ئاسمانی ڕەنگ پەڕیو و بزڕکاو بێ دەنگی خۆی دەشکێنێ وهاورێ لەگەڵ گەلی زۆرلێکراو وچاو بەفرمێسکی کورد بەدڵی پڕ لەداخ و پەژارەوە لووزووەی فرمێسکان بەسەر مەکۆی خۆشەویستی ئەو هێژاوبلیمەتەدا دەپڕژێنێ وبلێنی پشکووتنی خۆنچە گوڵی باخی ئەدەب بۆ سەر گۆڕی ئەو ڕۆڵەیە دێنێ .

( ئیشارە بەبارانی ڕۆژی حومعە ۲۹ ی خاکەلێوەی ۱۳۶۵ ی هەتاوی لەشاری مەهاباد کە چەند دلۆپێک باری )

بەلاّم خاک سەری شەرمەزاری وخەجالەتی بەرداوەتەوە ودەزانێ هەتاهەتایە بوێر و دڵسۆز وخاوەن هەستێکی وای بۆ پەروەردە ناکرێتەوە ،لێی سوور ورروونە تاکە شوانەی ئەو گەلە هەژارە جێی پڕ نابێتەوە .

ناچار وەدەنگ دێ وهاوار دەکا و دەڵێ :

ئەی خاک بەسەرم تازە بروەی وا هێمن و بۆ فێنک کردنەوەی هەناوی سووتاوی ئەو گەلە هەژارە لەکوێ بەدی کەم ؟ بۆنی پێوەکەم ، کوڵی دڵی پێدا بمرکێنم ،ئیتر ئەوجار بوێژو خاوەن قەڵەم ودڵسۆزی وا چۆن پەروەردە کەم بوێرن وبلێین :

**بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم**
**دوندی قەندیل ،گۆڕەپانی هەڵگۆرد نیم**
**بەرەوبەرزایی دەچم گەرچی وردم**
**خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم**

خوایە چبکەم، روو لەکوێ کەم ،سۆزی دەروون

چۆن دەربرم ، مامۆستای خۆشەویست گوتەنی :

**چۆن نەنالێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من**
**چۆن لەئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من**
**چۆن نەنالێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە**
**بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە**

خەریک بووم بەوێنەی مەجنوون روولە چۆل و چیا کەم ، خەریک بووم بە سۆفی گۆشەی خانقا یا بە پیری مەیکدە بم ،خەریک بووم بە جارێک لە ژین ناهومێد بم ،کەچی لەپڕ بانگی کردم :

رۆڵەم ،هیوای دوارۆژم ،هێژایی و ئاواتی بیرم ! چ بوو؟! ئەو دەنگە ئاشنا و بە تینە هی کوێ بوو؟! خوایە گوێم زرینگایەوە یا خەون بوو ؟! .

نانا ، دەنگی زوڵاڵ وئاسمانی ئەوینمە ، دەنگی خۆشەویستمە ، دەنگی رووناک کەرەوەی رێی ژیانمە ،دەنگی پیری رێی خەبات مامۆستا "هێمن"ە بانگم دەکا ودەڵێ : لەبیر مەکە خۆم پێم گوتووی :

**کیژوکوڕ بگرن لەدەورەی گۆڕی هێمن**
**رەشبەڵەک**
**من کە شین گێری شەهیدانم لە کوێ**
**شینم دەوێ**

مچورکێک بە لەشمداهات ، کەللەم تاسی ، بۆ ماوەیەک گێژو هوڕ بووم ، فرمێسکەکانم کە هەروا رێچکەیان بەستبوو بەبێ ئیزن وەستانەوە .ئەوجار دڵ بۆماوەیەک لە تەزین کەوت وسرەوی،ئەوجار کۆڵەباری قورس وقەوەت بڕی خەم وپەژارە لەسەر شانم خزین، مەینەت و ناهومێدی بارگەیان تێکەوە پێچا و کۆچی دوایی یان کرد .ئاخر دەنگی خۆی بوو . بەو دەنگە نەبا دڵ نەدەسرەوت ، دەستی لەرزۆک قەڵەمی نەدەگرت ،مێشک نەدەحەسایەوە ، دەردو کەسەر بوخچەیان تێک نەدەنا ، دڵ شادنەدەبوو رووح نەدەگەشایەوە .

**گفتی** شیرین هەروا لەگوێمدا دەزرینگاوە تا لەپڕ وەگوێی دڵم کەوت وئەوجار بۆهەمیشە خەسامەوە وبڵێنیمدا کۆڕی رەشبەڵەک چۆل نەکەم ونەهێلم دەسرەی سەرچۆپی لە دەستان بکەوێ بەو مەرجە گۆرانی ئەو رەشبەڵەکەئەمە بێ :

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە**
**بانگی ئازادی وگڕوی یەکسانی یە**
**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشادەکەن لێی وەشە**

مامۆستا هێمن لە کتێبی (پاشەرۆک)کە باسی فەقێ سالحی حەریق دەکا دەفەرمووێ :

" مرۆڤ لەسەردەمی لاوەتی وبێ ئەزموونیدا زۆر پابەندی بیروبڕوای خۆیەتی با بیر و برواکەشی لەگەڵ ئەقڵ و زانست وفەلسەفە زۆر یەک نەگرنەوە" بەڵام من هەرچەند لاوم زۆر لە خۆم ولە نووسینی خۆم ڕازی نیم ئەگەر رێم بکەوێ هەر بۆ ئەو چەند دێرە دەمەلاسکەی مامۆستا ( هەژار) بکەمەوە و دەڵێم :

چاک بێ یان چرووک بێ ..... هەرئەوەندەم لە دەست هاتووە و هەرکەسیش هەڵەم بۆ ڕاست کاتەوە وپەڵەم بۆ هەڵ گرێ وشڕەم بۆ پینە بکا سوپاسی ئەکەم .

# ف. محەممەدی

**دڵە هەڵقڕچە دەسا، دیدە بەخوڕڕەم بگری**
**شین کە سۆرانی گەلۆ، هەوری خەفەت بۆکزری**
**بووکی وێژە هەقە گەر بدڕی بەرۆکت ئەمڕۆ**
**کۆچی بێ وادەی هێمن هەرەسەختە زەبری**
**کاری ئەمڕوی نیە پیلانی لەمێژی چەرخە**
**تا دەگا دەستی ئەدا چڕ ئەنوێنێ غەدری**
**هێمنی ئێمەیەوا نووستە لە سنگی تنۆدا**
**"گڵە مەرگت بێ ئەگەر گەرمی لەباوەش نەگری"**



# جوغرافیای شارستانی بانە

ره‌ئووف دسووقی
حاجی ره‌ئووف سه‌لیمی

هێندێک لە گوندەکانی شارستانی بانە وەک **بلەکێ** و **ئالۆت** و **ورچەک** و **تاژان** و **تاژەنبان** و **کانی گوێز** جگەلە کشت وکاڵ وئاژەڵداری باخدا‌ریش دەکەن و**ترێ** و **هەرمێ** و **هەنجیر** و **توو** و**بەهێ** رەعەمەل دێنن و لە بازاڕی شاری بانە دەیفرۆشن .هێندێکی تر لە گوندەکان لە نزارو دارستانی خۆڕسک **گەزۆ** و **مازوو** و**تاڵ** و **بنێشت** دەگرن ولە گوێنی **کەتیرە** دەگرن .

کشت و کاڵ :

بەشی زۆری کشت وکاڵ بریتی یە لە **گەنم** و **جۆ** و **نۆک** و **ماش** و**تووتن** و **پەڕشە** .وهێندێک تەڕەکاڵ وەکوو **خەیار** و **تەماتە** **گرکە** و**شووتی** کەبەشی خواردنی خۆشیان ناکا رەعەمەل دێنن . لە دەرەوەی شارستان **قەند** و **رۆنی نەباتی** و **ئارد** و **میوە** و **سەوزی** و خواردەمەنی دیکە دێنە ناوچە و بازاڕیان زۆر گەرمە .

کان و مەعدەن :

لە شارستانی بانە هیچ چەشنە کانێک تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە . لەبەر ئەوە هیچ کارگەیەک لەمشارستانەدا نیە بەڵام دەوڵەت دەتوانێ بۆ لەنێو بردنی بێکاری چەند کارگە ، کەمەوادەکەی هەر لەم شارستانە وەدەستدەکەوێ دابمەزرێنێ وەکوو **دوخانیات** **رستن وتەنین** ، **چەرمخۆش کردن** **پێڵاو سازکردن** و ....

دەستکرد :

ژنان لە گوندەکانی شارستانی بانە جگە لە کاری ماڵ و رەعەمەل هێنانی مەڕ و ماڵات و شیروماست وسپیایی و مەشکەژاندن بریتی یە لە : **شەی خوری** ، **تەشی رستن** . لە بەعزە جێگەیەک **جاجم** و **بەڕەو** **بەرماڵ** و**تەون**و **رەشکە** و **جەواڵ** و **خەرار** و**گوریس**و**گۆرەوی**همیە لەگەڵ ئەوەشلە مووچە و مەزرا یارمەتی پیاو دەدەن و لە گوندەکانی بناری کێو رۆژێ دوو سێ سەعات دەچنەبەر بێر و مەڕدەدۆشن. وەختی بێکاریش دەچنە سەر چاک و پیران وەکوو **شێخ ئەحمەدی ساوان** ،**مەلا مووسای تەوەکەڵ** و **مەرقەدی سورین** .

بێکاری تهێنی :

پیاوەکان هەرچەند بەرواڵەت خەریکی کشت وکاڵ و ئاژەڵدارین بەڵام زوربەی ساڵ بە بێکاری رادبوێرن و ساڵێ شەش مانگ بێکارن . ئەم بێکاری یەی خۆیان زستانان بە راوەستانی سەربان و**حەوەڵێن** و خۆ لەبەر تاو هەڵخستن و **جۆرابێن** ونەقڵ ونەزیلەی بن کورسی و کوورەی گەرمی مزگەـ وتان پڕ دەکەنەوە .

**رێ و بان** :

رێگای نێوان گوندەکان و رێگای گوندەکان بۆشار شووسە نیە و خیزڕێژ نەکراوە و لە

زستاندا ماشێن لەبەر قوڕ و زەلەق دەرناچێ . تەنانەت ڕێگای نێوان شارەکانی **بانە مەریوان** ، **بانە- سەردەشت** ، **بانە- سەقز** ، قیرەتاو نیەو قەرارە قیرەتاو بکرێن . ماوەیەکە لە**کەلیخان** خەریکن تونێل لێ بدەن بەڵام تەواو نەبووە . ئاشکرایە رێ و بان شوێن لەسەر وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچە دادەنێ .

خواردەمەنی :

خواردەمەنی لەگوندەکانی شارستانی بانە بەهاران زیاتر گژ وگیای بەهاری یە وەک : **کەنگر** و **گێلاخە** و **پێچکەوکوڕادە** و شتی وا . هاوینان **شیر** و **ماست** و **دۆ** و **دۆکلێو** و **شیرێژە** . پایز وزستان **پەنیر** و **دوێنە** و **بڕوێش** و **ماشێنە** و **ترخێنە** و و هێندێک دانەوێڵەی دیکەیە . ئەم خۆراکانە **ویتامین** و **کالۆری** یان کەمە .

خۆراکی خەڵکی شاری بانە لەچاو گوندەکان بە وەجترە و زۆرتر سەوزی وگۆشت و میوە دەخۆن یانی وەزعی ئابووری یان لەگوندنشینەکان باشترە .

شوێنەوار :

شوێنەوارەکانی بانە بریتین لە قەڵا و تەپۆڵکە و ئەشکەوت و شوێنەواری شارە کۆنەکان کەهێشتا هەڵنەکەندراون تا روون بێتەوە سەر بەچ دەورەیەکن .ئەگەر کۆنینەناس لێی بکۆڵنەوە شتومەکی



عەنتیکەیان لێ وەدەر دەکەوێ. خەڵک بەپاچ وپێمەڕە خەریکی هەڵکۆڵ هەڵکۆڵن و زورێشیان شت دیوەتەوە وەک **کووپەی گەورە** ،**سواڵەت**،**ملوانکە بازنە** ، **خەنجەر** ، **شمشیر** ،**کلکەوانە**، بە تایبەتی قەڵای زێویەی بانە ئاسەواری لەزۆر جێگا وەدیار کەوتووە .

چەند قەڵای دیکەش وەک : **قەڵای نژۆ** ، **شوێ** ، **زێویە** ، **رەشەقەڵات** .لەبانە هەیە کە خەڵک پێیان وایە شوێنەواری چەرخی پێش **ئیختیاردینی** یەکانە وپێیان دەڵێن **قەڵای قەقۆ**. تەپۆڵکەکانیش زوربەیان توورەکە ڕێژن یانی فەرمانڕەواکانی پێشوو خەڵکیان بە بێگاری گرتووە وبە کۆڵ گڵیان پێ کێشاون تا ئەو تەپۆڵکانە پێک هاتوون .

ئەشکەوتەکانیش بریتین لە **ئەشکەوتی شوێ** ، **ئەشکەوتی رەشە قەڵات** ، **کۆنە قازاو** .

ئاسەواری شارەکۆنەکان لە زۆر جێگا ماون وەک **چێچۆران نژۆ** ، **بەرۆژە کون** .

زانایانی بانە :

بانە زانای بەناوبانگی لێ هەڵکەوتووە وەک **مەلاموسا تەوەکەل** ، **مەلا محەممەدی بەردەڕەشی** ، **مەلا محەممەدی بانەیی** و چەند زانای دیکە.

شاعیرانی بانە :

لەنێو شاعیرەکانی شارستانی **بانە وەستا حەمەمینی دەلاک** کە شەڕی **ئەردەڵان وبابان وئیختیاردینی** و تیرەکانی دیکەی وەکوو **شانامەی فیردەوسی** بەشیعر نووسیوە لەهەموان بەناوبانگترە .دوای ئەو **سەیدئەحمەدی خواجەمیری** بە نازناوی ئەدیب ، شاعیری پایەبەرزی ئەو هەرێمەیە ....

سەرچاوەکان :

١- ئامووزش وپەروەرش

٢- شارەداری بانە .

٣- دارایی بانە .

٤- تەعاونی .

تەواو




# مەلاخدردەشتی

## " ئەحمەد دەشتی "

دەشتی لەساڵی١٩٠٩! لەدایک دەبێ ولەساڵی ١٩٥٧ زاینی بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە نیشتمان وگەلەکەی دەکا و لە گوندی "خرابەدراوە" کە ٢٠ کیلۆ مەتر لەشاری هەولێر دوورە لە ناوچەی بەرانەتی لەکوردستانی عێراقدا بەخاک دەسپێرێ .

ماموستا مەلا خدر ماوەی ١٦ ساڵ لەگوندی دارەبەن هەر لەو ناوچەدا مەلایەتی کردووە وماموستایەکی دڵسۆزو بەوەفا بووە لەگەڵ قوتابیەکانیدا کە لەو ماوەیەدا هەمیشە بیستسی فەقێ و مستەعیدی لێ کۆبۆتەوەودەرسی پێ گوتوون وئیجازەی مەلایەتی پێداون ،بەهۆی زیرەکی و دڵسۆزی یەوە هەمیشە لەهەموو لایەکەوە فەقێ یەکان روویان کردۆتە دارەبەن ولەلایەن ئەو ماموستا مەزنە دەرسی فقە و شەرع ومەنتیق ونەجوو سەرف و بەلاغەیان خوێندووە هەتا دوا دەرسەکانی مەلایەتی، جگە لە دەرس گوتنەوە دەشتی هەمیشە گرنگی داوە بەنوێژی جەماعەت و بەتایبەتی رۆژانی هەینی مزگەوتی گوندی دارەبەن ژاوەی هاتووە ولە زۆربەی گوندە دراوسێکاندا دەهاتن و بۆ رۆژی هەینی گوێیان لەخوتبەو قسەکانی ئەم مرۆڤە مەزنە رادەگرت . ماموستا خدری دەشتی هەمیشە بەزمانی شیرینی کوردی خوتبەی دەخوێندەوە و باسی سیاسەتی ئەو سەردەمەی دەکرد ولەزۆربەی خوتبەکانیدا باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن ویەکێتی نێوان ریزەکانی گەلی کوردی کردووە هەمیشە بەربەرەکانی زۆرداران و چەوسێنەرەکانی لەرۆڵەکانی میللەتەکەی داوا دەکرد .

دەشتی زمانی عارەبی و فارسی وتورکیشی لەپاڵ زمانی زگماگی خۆی زۆر بە باشی زانیوە وتوانای قسەپێکردن و شعرونووسینی بە هەر سێ زمانەکەی دیکە بووە .لەلایەن هەزاران وجوتیارەکاندا ئەو پەڕی رێزی لێ نراوە ، هەرگیز سەری بۆ زۆردارەکان شۆڕ نەکردووە ،چاونەترس و ئازا بووە .

دەشتی لەماوەی ژیانیدا جارێک سەفەری حەجی کردووەلە شاری مەکە ومەدینەدا هەندێ شیعری زۆر بەسۆزی لە مەدحی پێغەمبەر وگەورەیی ئەومرۆڤە مەزنەدا فەرمووە .

بەرهەمەکانی دەشتی ئەمانەن:

١ــ دیوانی شیعر ، کوردی عەرەبی ،فارسی ، تورکی و بەشێوەی کرمانجی سەروو هەندێ شیعری گوتووە .

٢ــ مەولوودنامەی کوردی بە شیعر .

٣ــ باوەڕنامەی کوردی بە شیعر .

٤ــ ئیستعارە دەربارەی

عیلمی بەیان بە عەرەبی بە شیعر لەسەر وەزنی (الفیەی) ابن مالکە .

٥- تەلاق نامە بە زمانی کوردی .

دیوانی دەشتی بریتیە لە ١٠٠ شیعری کلاسیکی بە زمانی کوردی وعەرەبی و فارسی و تورکی. دەشتی ئاشنایی بەکی تەواوی هەبوو بەهەر سێ زمانەکەی بەتایبەتی لەزمانی عەرەبیدا زۆر زاناو بلیمەت بووە .


شیعرەکانی دەشتی بریتیە لە شیعری عیرفانی ونیشتمان پەروەری ودلداری . زۆرجێگەی داخە کە زۆربەی شیعرە نیشتمان پەروەریەکانی دەشتی نەماون وفەوتاون ئەمەشی لە کاتێکدا کە بەهۆی ماموستا گیو موکریانی ناردمانە بەغدا بۆچاپکردن

بەرێزەی ئەشکی خوێنینم کەوا هەمتای وهەمجووتن
لەنێو بازاڕی ڕۆحانی مەلائک مات و مەبهووتن
فەلەک سەد دەورە ڕۆژی زێو لەمیزان‌دا دەنێ بۆیێ
گولستان وگوڵ وشەوبۆ لەبەختی من هەموو سووتن
تەماشا کەن لەبانی خونچەیارم گەر تەبەسوم کا
لە نەزمی پڕ سەدەفیا چونکە زمڕووتن لەزەمڕووتن
چراغی هەم گوڵی بۆیی دەڵێن پەروانە وبولبول
لەداوایی شەب وزولف وبەیانی سینە پەڕپووتن
دڵی مەهجور و غەواسی دوسەد جەیحوون جەدەلبازن
لە باسی لێوی ئاڵی تۆ کە یاقووتن وەیا قووتن
کەتوم ناسی ئومێدم چۆن بەجانی خۆم هەبێ جانا
کە زامۆزەهر وبێ ڕەحمی لە دەرحەق عاشقا خووتن
دەبێ ئەشتەر وەکوو دەشتی هیلاکی فرقەتی بۆو بێ
ئەگەر تا چۆنە زولفی کافرت هەردەم لەسەر ڕووتن

بەلام جگە لەوەی کە روخسەتی چاپیان نەدا زۆربەی شیعرە نیشتمانپەروەریەکانی بەسۆزیان دەرهێنا وفەوتاندیان هەرچەندە لەگەڵ خوالێ‌خۆشبوو ماموستا گیوی موکریانی زۆریشمان هەوڵدا وەگیرمان نەکەوتنەوە ،کەبە کەلێنێکی زۆر گەورەی دەزانم لەدیوانی ئەم هونەروەرە مەزنەدا ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە سەر چەپەڵی و زۆرداری ڕژیمی کۆنە پەرستی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا .

غەریب ودڵ حەزینم شینە بۆمن جەژنی قوربانم
قوڕی سەربان بەبانی سەریکەم بۆجەژنی قوربانم
هەموو کەس ئیمڕۆ وادەستی جەبیبی خۆی لەدەستایە
وەلێ من بێکەسم بۆیێ شەڕابی غەم لە دەستانم
هەموو عالەم کراسی غەم‌ئەسووتێنێ بە کەیفی دڵ
منی پڕ غەم بە عەشقی دڵ خەریکی سینەسووتانم
لە گفت وگۆیی ئەحبابم بەجاری بێ خەبەر ماوم
لە کونجی میحنەتا مەستی فراقی چاوی یارانم
لەباتی جەژنە پیرۆزی دڵم کەیفی لە گریانە
لەبەر دووری لەباب و داک و هەم یاروڕەفیقانم
وەلێ هەر خوا بەخۆی کاری عیبادی خۆی ئەزانیتن
وەکوو (ابن الروندی) با نەکەم تەنقیسی ئیمانم
بە دەشتی قەت مەڵێن بۆچی قسوورت کرد لە گریانا
قسوورم خۆ نەکرد خوێنی بەدەن چک بوو لەچاوانم

# ئێمە و خوێنەر



**گەنمانی مەهاباد: کاک رەحیم قادری:**

باسی یەکەمین گۆنگرەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لە گۆوارێکدا بڵاو دەبێتەوە. گۆواری سروە فەرهەنگی ئەدەبی یە وباسی ئایینی و موناجاتیشی هەمیشە تێدایە زمانی کوردی شاری بۆکان و مەڵبەندی فەیزوڵڵا بەگی رەسەنە ولە زمانی یەکگرتوو زۆر نزیکە. هیواداریین بتوانین داخوازەکانت پێک بێنین.

**سەقز: مامۆستا مەحموود ئیبنولخەیات:**

بەسپاس لە نامەکەت، هەروەک دەزانن ئێمە لە سروەدا باسی دینی وموناجاتمان هەیە بە هیوای خوای میری مەزن نایەڵێن ڕەنگی هێمن لە سروە بێتەوە وهەروەک فەرمووتانە زیاتر لە نامەکان ورد دەبینەوە.

**سەقز: حاجی رئووف سەلیمی:**

جوغرافیای شارستانی بانە لەسروەدا بڵاو بۆتەوە و کتبی " بانەوهیروشیمای دیگر" خەریکە بۆچاپ ئامادە دەبێ وەبیر هێنانەوەی هەڵەی چاپی لەسروەی ژمارە ٧ دا جێگای رێزو سپاسە هیواداریین تا ئەو جێگەی دەتوانین دووپاتەیان نەکەینەوە.

**سەقز: عادل**

باسێکی زۆر جوانت گێراوەتەوە. ئەوە ڕەسمی کۆنی باب وباپیرانی ئێمەیە نووسیوتە " کوڕێک چووەتە خوازبێنی کچێک، باوکی کیژەکە گوتوویەتی: مارەیی کچەکەم تەنیا ئەوەیە قورئانی فێر بکە وبەس. هیواداریین زۆر کردنی مارەیی کەکۆسپێکی هەرەگەورەی بە، یەک نەگەیشتنی دوو دڵە لە نێو بچێ وهەموو بەمئەرکەی پێمان سپێراوە شارەزابین و ئەرکی خۆمان سەبارەت بە کچ وکوڕ ودایک وباب وخەسوو و خەزوور بزانین. خواوێنەی ئەم جۆرە بابانە لەکۆمەڵ نەبڕێ.

**تاران: خوشکە: ن ـ لاجانی**

هاوکاری ئێوە بۆ سروە جێگەی شانازییە. هەرچی لە دەستتان دێ دریغی مەکەن ئێمە ئێستا باسی بنەماڵەو خاو خێزانمان لە سروەدا، هەیە. دەتوانی بابەتی سەر بەئەم باسانە بۆ ئێمەبنێری ئەگەر رۆژێک " پاشکۆی تایبەتی ژنان " لە سروەدا بڵاو بووە بەشێوەیەکی هەراوتر دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

**مەریوان: کاک نەبی ئەسەدی**

نامە پڕهەست وجوانەکەت گەیشت لەهەستی جوانت رێز دەگرین لەهەرپێشنیارەکەت کە مانا کردنەوە و لێکدانەوەی واژەی کوردییە پێوستە بە ئاگاداریت بگەیەنین کە ئێمەش گەڵاڵەی ئەوکارەمان بەدەستەوەوئەگەر بتوانین وکارو باری دیکە مەجالمان بدا بەڕێوەی بەرین بە هیوای خوای مەزن.:

**سەقز:** حەمید دادار

باسێکی جوانت هەڵبژاردووە و پێویستی بەوردبوونەوەولێکدانەوە ـ یەکی هەموولایەنە هەیە. ئەگەر بتوانی ئەم باسە

بەجوانی شی بکەیەوە ئێمەش بۆلەچاپدانی هەوڵی خۆمان دەدەین .

**بانە:** عومەر

پێشنیارەکانت زۆرجوانن کەلکیان لێ وەردەگرین و خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەم جۆرە باسانەش چاپ دەکەین .

**شنۆ:** لەتیف خالیدی

تا زەمانێک کوردی و فارسی وەک یەک دەنووسران نووسینی خەتی نەستەعلیق وشکستەوشتی وا لەکوردیشدا باو بوو. یانی زۆر کەس شیعری کوردی یان بەم شێوە دەنووسی.بەلام پاش ئەوەی کوردی ئەلف وبێی تایبەتی خۆی دارشت شێوەی خەتتاتی فارسی وعەرەبیش وەلانرا چونکوو لەگەلّ ئەلف و بێی کوردی رێک ناکەوێ .

**سەقز:** هادی خورسەندی

براگیان: ئاش بە نۆرەیە . بەرای جەنابت راوە تاژی بێ بەرهەمە دەنا وانیە و تکات لێ دەکەین جارێکی دیکەش بە وردی بیخوێنەوە .مەسەلەی ئەرباب وردە وردە بەرەو لەنێو چوونە و زۆریشی باس لەسەر کراوە

ژن بەژنە درێژەی هەیە وبەهیوای خوالەژمارەکانی داهاتوودا دەیبینی.

نامە و دیاری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە . پڕ بەدل سپاسیان دەکەین و هیواداریین هەروا بە هاوکاری خۆیان درێژە بدەن .

**عێراق:** تاهیر سوورە مێرگی
**سنە:** توفیق مەحموودی
**ورمێ:** ئەمیر حوسێنی
**مەهاباد:** س . بەختیاری
**خانێ:** سەلاح سەید محەممەدی
**عێراق:** س . ع
**مەهاباد:** تاهیر قادر زادە
**خانێ:** محەمەد ئەمین عەبدوللا زادە
**نەغەدە:** ئەبووبەکرئیسماعیل پاک .
**مەهاباد:** ناسری بابا میری
**مەهاباد:** ئیسماعیل قاسمی
**بۆکان:** مستەفا ئیساعیل پور
**سقز:** ئەحمەد ئەحمەدیان
**شنۆ:** سەمیع یوسفی
**بۆکان:** خالید ئەحمەدی
**بۆکان:** رەسوولّ خدری
**گلێنان:** هەمزە خودا داوە عەلی مستەفا
**بۆکان:** نادری مستەفازادە
**سەقز:** عەبدولعەزیز زەمبیلی
**سەردشت:** ج ، م ، شەمزاو
**بانە:** جەمالّ عێزەت پەنا
**نەغدە:** سەید نەجمەدین عەبدوللا پوور
**سەقز:** سەعد هیجانی
**رەحیمخان:** خالیدئەحمەدی
**پاوە:** ئەنوەر زوهرابی
**مەهاباد:** سەلاح عەبدوللا زادە
**مەهاباد:** ماموستا فیدایی
**بۆکان:** ئەحمەد حاجی ئیسماعیل زادە
**سەقز:** حەسەن زەبیحی
**مەهاباد:** سولەیمان مەجیدی
**مەریوان:** کەریم مەریوانی وهاورێیانی
**شنو:** جەلال راهی
**بوکان:** سەید .م .قورەیشی
**شنو:** ئەحمەد رەحمانی
**پیرانشار:** ئەبووبەکر ئیسماعیل پوور
**بوکان:** جەلال عەشایری
**سەقز:** محەممەد خارەزمی
**مەهاباد:** هەژار عیبادی
**بوکان:** جەعفەرفەقێ میری
**سیلو:** سەلمان ئیحیایی
**بیجار:** رەمەزان خان ئەحمەدی
**تەورێز:** سارا حاجی
**سەقز:** ئەدیبە ئازاد
**نەغەدە:** رەحیم بەرقی
**سەقز:** فەرەج سەعدی
**بوکان:** نوسرەت سەلیمی
**شنو:** مستەفا رەسوولی
**سەردەشت:** محەممەدئەمین مەولایی
**دانمارک:** فەرهاد پیربالّ
**مەهاباد:** ئیسماعیل شەریفی
**پیرانشار:** متەلیب عەبدۆ
**مەهاباد:** سەیدعەلی هادی
**شەختان:** باپیر کادەروێشی
**شنو:** غەفوور سەلیمی
**نەغەدە:** کاکە لاوپشدەری
**سنە:** جەلال مەلەکشا
**بوکان:** سەعید کەریمی

# بەهاری زەرد

## ج. ئاشتی

وەرە هاورێ ، وەرە سەیری دەردم
لەسەر ئەم دەردە ، بەهاری زەردم
لێک دەکەن رەنگی بەهار و هی من
لە پەژارە و غەمی مەرگی "هێمن"
وەرە بڕوانە "مەهاباد"ی مە
کە جوانی ی و گەشی ئەو شادی مە
نایە لێی دەنگێ لە دووی بێ ئۆخەی
بێ لە هاوار و شەپۆڕ و واوەی
هەرچی بێ گەردە ملی بەکوێنە
هەرچی کولمە بە رنینێ خوێنە
چەشنی گۆڕخانێ بەسامن جێژوان
کیژ و لاو لەو کەسەرە وا شێوان
هیچی یادی نیە ئەوڕۆ پەیمان
دەنگی ئەم نالە دەچێ بۆ ئاسمان
دەگ نەبێ ژوانێ بە رەشپۆشی بێ
دەردی دڵ کردنێ بێ خۆشی بێ
سەر نەوی کردنە بەرەو رووی قوبلە
خەڵکی "شوانان" و "گومرگ" و "قوبڵە"
"رزگەیان"، "ئەرمەنیان" و "سێ ئاش"
"تەپی تابانی"، "خڕێ" و "سەربەرداش"
پاکی هەرد دەکوتێ بەنێو چاوانی
دەستبە ئەژنۆن هەموو تۆ نازانی
نوێژی ئێوارەیە ، چۆک دادانە ؟
یا نە کڕنووشی بەرەو قەبرانە ؟
شادی خەمبار "بداق سوڵتان"ە
فەخرە بۆی هاتنی ئەم جیرانە
کەچی دەڕوانێ وەکوو جارانە
ئەمەگی خەڵکی نیشانەی مانە

هەرچی فرمێسکی گەشە دەی رێژن
نایدەنە خاک و لە دڵ دەی نێژن
دڵە هەرچەندە برینت سەختە
گیان لە لەش دەربچێ لێرە وەختە
سەرێ با روو لە دەرەی "لاچین" کەین
دوور لە چاوان بگرین سەر شین کەین
لە "موغارێ" و قەد و لووتکەو داوێن
بە هەنیسکی لە کوڵی بەرد تاوێن
زێدی تاساو و پەشێو راژێنین
"سارم"ی جەرگ بڕاو لاوێنین
هەڵگەرێین بۆ سەرو "شیلان ئاوێ"
چاوێ لەو ناوە بگێڕین تاوێ
ئاخۆ هەر دار و کەژی ئەو نێوە
رەمزی سەربەرزیی و مەزنی خێوە ؟!
ماوە شەوگوردی کوڕی گونداوگوند ؟
ماوە ئەو بیری فڕی دونداودوند ؟
ماوە گوێ گرتنی تووڕەی بلوێر
کاتی خەو ، لەو کەژ وشاخی زەنوێر ؟
ئێستەکەش خۆشە شەوی بێ دەنگی ؟
دێتە گوێ شین و گڕوی یەکڕەنگی ؟
دەردی دڵ کردنی لەگەڵ ئەستێران
دادەمرکێنێ کوڵ و کۆی مێران ؟
کانی دڵ روون کەرەوەی "پیرێژن"
سەردە ئێستەش بە هەناسەی "هێمن" ؟
شەنگە بێری لە شوان دەڕوانێ
بێتەوە و کوێنی ملی پێ دانێ ؟
"دێم ودێم" دێتە گوێی "خانم"ی دێ
گیان بکێشێتە پەنا پەردەی گوێ ؟
شایی هەر ماوە "هەژار" هەڵبەزێ ؟
دویەکی بێتە دەس و جەرگی تەزێ ؟
یا نە لێی نایە ج جووکە و نووکە ؟
ماتە بۆو بولبولە سەربێ تووکە ؟
دڵ کە جوێ نابێ لە قەبران تاوێ
دەفڕی تەیری خەیاڵم تاوێ
"کانی پیرێژن"ی "شیلان ئاوێ"
ئاوی سەرچاوەیی ئەمڕۆ ناوێ

هێندە گریاوە بۆ یاری گیانی
**پێلی دەریایە کە لاوی کانی**
ئاشەکەی کۆن و کەلاوەی سەردێ
ئاوەدان بۆتەوە بۆ شینی نوێ
بەردی بەرداشی " قەلات"ە و "هەلگورد"
سوێسن و لالە دەهاڕێ ورد ، ورد
لە بنار گردی " هەوارە بەردە"
کەو سیاسووتە و سووت لەو دەردە
هێند بە دەنگ بەرزیی لەبەرزاییدێ
گوتی : جێی بەرزی دەوێ شینی دەوێ
هەلگەڕا بۆ سەری کێوی " چەکوچی "
شینی شاشین بێ بە دەنگی چەکوچی
لە " هەواری سەری کرماویلێ "
شوێنی هەلدانی کولّی دلّ کەیلێ
شەنگەبێری بە هەنیسکان دەگرێ
شوانی نەما تا وەکوو فرمێسک بسرێ
ئەو " هەمین"ی کە بەدانەی خاڵی
" هێمن"ی بردە " هەورای خاڵی"
پێی فرێ داوە شەدە و دەسماڵی
دەردی بینینی هەواری خاڵی؟
" کێوەرەش" سەر بەهەش و رەشپۆشە
ژینی کەژ دوور لە هەلّۆ ناخۆشە
دەردی ئەو ناوە بەتینی توانە
وەرەوە خواری خەیاڵ لەو بانە
جاڕی " بۆندرغ"ە بە باغی بێ رەنگ
وەکوو دایکێکی هەتیوبار بێ دەنگ
کاکی جووتێری بەری " سەردەشتان "
دوژمنی کۆنی وچان و وەستان
دەستی قەلّشیوی لە پاشبارە شل
بوورە دەدوێنێ دژ و لارەمل :
" کێ یە ئەمجارە بە ئەوکی زێڕین
بۆم. بلّێ شیعری کە ئارەق بێ وتین ؟
" پێم بلّێ چۆن لە مەچەک رابێنم؟
" چۆن لە کار کاوی دلّ و ژن بێنم؟
هەرچی شینکەی کە لە دەشتی شینن
هەموو سەرشین و خەریکی شینن
شینی شینگێڕی گولّی پەڕ، پەڕ بوو
کە لە شینی گولّی گەش پەڕ ،پەڕ بوو
وا خەیاڵ لێرەوە دەڕوا لە سوێی
ناڵەیی " سروە " کە : "بابەلەکوێی؟
هەوری بۆری سەری "گۆلی ورمێ"
بە کزەی سروە قژی خۆی دەڕنێ
هەور و ئاو هەردوو لەباوەشێنەک دان
قەت نەبوو هێندە نەوی بێ ئاسمان
بەسیەتی بیری دلّی شێواوم
وەرەوە لای دلّی لێقەوماوم
شینە دلّ ، سووری ئەتۆ، زەردم من
با بدەین دەورە لە گلّکوی هێمن"
ناڵەمان گەرمی بکا دیلانێ
نەک بلّێ : "رەشبەلّەکی من کوانێ؟
چاوە هەلّچۆڕە بە ئاهەنگ بگرێ
دلّە سەرچۆپی بە دلّ بۆ بگرێ
تۆم کە ناسی بەخەیالّم لەو بوو
پێ گەیی بیری منالّم لەو بوو
هەستی بێ خەوشی ئەوینم لەو بوو
بیری رازێنەری ژینم لەو بوو
بیری : سووتان وەکوو خۆری سەرکەل
وەکوو مۆم روون کەرەوەی بەزمی گەل
بیری : شەوگارە کە دیلی چوونە
بیری : هیوام بێ کە " ئاسۆ روونە "
شوێنی ئەم پەندە لە دلّ هەرمانە :
لە ئەوین ڕایە کە دنیا جوانە
دلّە بۆ یەکتر ئەمە ناسیاوین
هەر خەیالّە کە فریوی داوین
ئەگینا کوا وزە بۆ ئینسانێک
لێرە ئەوڕۆ هەیە بۆ دیلانێک
شەرتە تۆ یادی بکەی هەر ساتێ
بۆ گرین هەوری بەهار نەمگاتێ
تاکوو ئەو میسرەعە بۆم بێتە ژوان
"تەک و تەنهام و عەزیزانم کوان؟"
دەست لەمل بووکی ئەوین ئالێنم
لە گەلّی گەرم و بەهەست نالّێنم.
بە موژە و جەوهەری سووری ئەسرین
هەر بنووسم شەوو رۆژ شیعری شین

# شام

قاسم فەرخوندە

لە کوردستاندا زۆر جێگا و شوێن هەن کە دەکرێ وتاری عیلمی وزانستی و مێژوویی و ئابووری لەسەر بنووسرێ .بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر شوێن و مەڵبەند هەن کە نەناسراون و زۆر بە کەلک وسوودن. پێویستە سروەی خۆشەویست ئەو شوێن و جێگا بەنرخانەی کوردستان کە لەباری ئابووری ومێژوویی و عیلمی جێی سەرنجن ، نەهێڵێ لەبەرچاو ون بن و وتاریان لە سەر بڵاوبکاتەوە .

چونکە هەریەک لەم شوێنانە تایبەتییەکیان هەیە . یەکێک لەو شوێنانەلەناوچەی شارویرانی مەهاباد هەڵکەوتووە ، ناوی "شامە" . پێویستە بزانین شام چیە وچ تایبەتی یەکی هەیە . شام هەزاران هیکتار زەوی بێکارە وکەوتۆتە خوارووی شارویرانی مەهاباد. لە راستیدا شام بەشێک لە پانایی دەریاچەی ورمێ یە وبەهۆی ئەوە کەئاوی کەم لێڕادەوەستێ بۆتە لەوەڕ گەیەکی یەکجار بلێند و باش و چەندین جۆرە گیای تێدا شین بووە کە بەشی هەرەزۆری ئەم گیایانە بریتبن لەپووش،قامیش جەگەن وپەڵەخ .

گوندەکانی خوڕخوڕەبەفرەوان گردی یاقووت ،داشخانە ،مەمێند وگردەقیت لەدەورەی ئەم شامەدا هەڵکەوتوون .هەربۆیەش خەڵکی ئەو گوندانە زۆرتری کەلک لێ وەردەگرن . لە راستیدا هەموو کەس دەتوانێ لە مەرتەعی "شام" ئیستیفادە بکا .

لە دەورەی ئەم شامەدا سێ کێو هەڵکەوتوون ، یەکێک لەو کێوانە گەڕووسی پێدەڵێن کە کەوتۆتە خوارووی خوڕخوڕە و ئەشکەوتێکی بەناوبانگی تێدا بەناوی ئەشکەوتی فەتاح .

وەک دەگێڕنەوە لەقەدیمدا ئاغا فەتاح یەکێک لە مەزنەکانی دێبوکری بوو.بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی خۆی لەو ئەشکەوتەدا سەنگەری گرتووەوشەڕی لەگەڵ کردوون .و چەند رۆژ وشەو بەدارودەستەوە تێیدا بووە تاکوو دوژمنەکانی تێک شکاندووە . ئەو ئەشکەوتە لەرەوەزێکی زۆربلێندوسەختدا هەڵکەوتووە وزارکی بەردێکی یەکجار زۆر گەورەی لێیە کە ناهێڵێ تیری دوژمن بیگرێتەوە

کێوی "گەرووپانکە" لە خوارووی گردی "یاقووت" وکێوی "بداغ" لە خوارووی داشخانەیە کە لە زەمانی ڕیژێمی رابردوو ئیدارەی شکاربانی لەسەر بوو . ئێستاش ساختمانی ئەوئیدارەیە لەوێ ماوە بەڵامخەڵک هەموویان خەرا کردووە .پاش ئاوی سەدی مەهابادیش بە ناوچەی شارویراندا دەچێتە نێو شام بۆیە هەمیشە هەتا گوێزینگان ئاوی تێدا وبۆتە جێگای ژیانی هەزاران جۆر باڵندەی جوان و ئێستا ئەو شوێنە لە ناوچەی مەهاباد باشترین جێگایە بۆ راو.

پووش ،جۆرە گیایەکی نەرمە کە لە هەوەڵی بەهاردا شین دەبێ ولە هاویندا وشک دەبێ ، رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ پاش رەنگ زەردبوون دەچن بەداس یا مەڵەغان‌دەیدروون وباقە ،باقەی دەکەن وبافەکان بە بەندەک دەبەستن بەندەک‌بووشێکی تەڕو خاوە کە بە دەستی بایدەدەن تاکوو وەک گوریس یا پەتکی لێدێ . پاشان باقەپووشی پێدەبەستن .و ئەم پووشە بۆ داپۆشینی خانووبەرە ئیستیفادەی لێدەکرێ.زۆرجاران سەری قەڵاغ ودەوەڵانی پێدا دەپۆشن و بۆپێشگرتنی ئاوی بەندو جۆگەکەلکی لێ وەردە ـ گیرێ و لە باقەپووش سەرەکولانگرەش دروست دەکرێ کە

کولانەی پێدەگرن وقەرەساوی لێ دروست دەکەن .

قەرەساو بریتی یە لە باقەپووشی درێژ و ئەستوور کە وەکوو بەندەک بادرابێ و پاشان چەند باقەپووشی درێژوئەستوور پێکەوە دەبەستن وبۆپەرینەوەی سەر ئاو کەلکی لێ وەردەگرن ، چونکە پووش لە سەر ئاو سووکە و قوم نابێ .

قامیش گیایەکی سەوزوجوانە کە لە بەهاردا شین دەبێ و لە پایزدا زەرد هەڵدەگەڕێ .قامیش وەکوو وێنجە هەموو ساڵێ شین دەبێتەوە و بۆ داپۆشینی خانووبەرە و دروست کردنی (بۆری)کەلکی لێ وەردەگیرێ . "بۆری" حەسیرێکی گەورەیە کە لە پاش دارەڕێی وەتاغ بە سەر دارەکاندادەدرێ. زوربەی خانووبەرەی دێهات بە پووش و قامیش دادەپۆشن .ئێستا باقەی قامیش بە ١٠٠ تمەن وەگیر ناکەوێ .قامیش زۆر خۆڕاگرە بە ئارەقەی تەویلەوهۆڵ نارزێ و لەنێو ناچێ .

جەگەن گیایەکی نەرمە بەڵام لە پووش ئەستوورترەوبڵێندترە کە بۆ دروست کردنی حەسیر کەلکی لێ وەردەگرن.بۆ دروست کردنی حەسیر ،جەگەن دەقەڵشێنن نێوەکەی دەردێنن پاشان چوار سینگان دەکوتن و١٢یان ١٤ بەندەکیان تێدەکەن ودارێک لەو سەر ئەوسەری بەندەکەکان دەکەن ،کە١٢ تاکوو١٤ کونی تێدایە پاشان بەراست و چەپ جەگەنی نێوە دەدەن و بە دارە دەکرێ . کونەکە (رفەشی) پێدەڵێن دەیکوتن وپاڵی پێوێکدەدەن و لەبەر هەڵوەشان سەری بەندەکەکان لێک دەبەستن .

پەڵەخ زۆر وەپووش دەچێ و بۆسەر ئاخنینی گێشە وگیاو... کەلکی لێ وەردەگیرێ .

قەدیمی دەگێڕنەوە ئەو زەمانی کە بە کەڵ وئارەبە دەچوونە ئەم"شامە" بە رەوە بەرازیان دەدی. بەڵام چون گۆشتی بەراز بە شەرع حەرامە ئیلاقەیان نەدەکردن مەگەر بۆ سەیر چووبانە راوەبەراز .ئەمما کاتێک ئەرتەشی شووروەوی ئازەربایجانی داگیرکردوهاتنە کوردستان قازاخەکانی شووروەوی بە تفەنگ دەگیانیان بەربوون هەر مۆڵەتیان پێ نەدەدان لە کوشتنیان غافڵ نەبوون.لەو وەختەوە بەرازی کەم لێ ماوە بەڵام پڕە لە گورگ و رێوی کە لە خواردنی باڵندە وئاژەڵ لەم شامەدا دەژین خافڵ نین .

راوچی لەبەر سەرما و تەڕ بوون پاڵتۆ ولیباسی گەرمیان پێیە . جاری واشە ئەنایلۆن لەگەڵ خۆ دەبەن ولە کاتی بەفروباراندا بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشن .

سیپە : بریتی یە لەحاشارگە یەککە راوچی خۆی تێدا حاشار دەدا .سیپە دەبێ لەسەر رێگەی هاتووچۆی باڵنداندا بێ . سیپە لە بەفر و تەختەسەهۆڵ و یا لە پووش و قامیش دروست دەکرێ . سیپە تەنیا جێی یەک یا دوو راوچی دەبێ.باڵندەکانی شام کە راوچی راویان دەکەن بریتین لەمانە :

سی ،قوو ،قەرەناز ، سوورە قورینگ ،هەڵەتانج ، سۆنەوبۆرە جورەی لووت پان ،سوورەقانگ .

بەگوتەی راوچی یان باڵندە زۆرتر لە شەودا دەگەڕێن راوکردنیان بەشەو خۆشترە دەڵێن حۆرەمراوی یەک هەیەلە هەموو باڵندەکان وشیارترە و زۆرکەم خۆ لەسیپە دەدا . بە پێچەوانە سوورەقانگ لە سیپە ناپرینگێتەوە .

خووخدەی باڵندەکان :

سوورەقانگ وهەڵەتانج هیچ وەخت لەنێو شامدا کورک نابن. کاتێ کورک بوون دەچنە دەرەوەی شام. بەڵام کە جووچکەیان هەڵێنا وەکوو پشیلە جووچکەکانیان بۆنێو شام دێننەوە. سوورەقورینگ لە خوارووی هەموو باڵندەکاندا کورک دەبن تاکوو ئینسان نەتوانێ بۆ لایان بچێ.باڵندەی واش هەن لە قەراغی شامدا کورک دەبن وەکوو :

مراوی ، رەش بەشە ،زیق زیقاوە ئێستا بەهۆی بەسەررانەگەیشتن ئیدارەی شکاربانی وراوکردنی بێ رەویەی راوچی یان ، ژیانی باڵندەکان لەوشامەدا کەوتۆتە مەترسی . ساڵێ هەزاران جووجکەو هێلکەی ئەو باڵندانە بەدەست ئینسانی ،ئینسان لەنێو دەچن

شیعر

# کوڵی دڵ

## سەیدتاهیرهاشمی

بەهارهات سروە دەنگی دڵتەزێنی بلبلێ هێنا
لەنێو باخان نەسیمی بەربەیان بێنی گوڵی هێنا
لەسەرکێوان دوایی کا ژولێژی بەوری زستانی
بەنرکەی هەورەوە دیسان پلنگی پلپلی هێنا
بەجێیە ماتوحەیرانی تفاق وهەیت وهووتی بم
کەوا هەیتێ بەهێیدا وهەیتی سێوی سەرچلی هێنا
شەتاو هەرچەندەهۆنەی دیدەیی عاشق وەبیردێنێ
قەراخی چاوەکەی چاوی وەنەوشەو سنبلی هێنا
مەگەر پاییز وهاوینە عەزیزان وابەئەم رەنگە
بنێشت وما زوو وقەزوان وشۆکە وگزگلی هێنا
هەوای ئەم دەشت وبانە هێندەحالەت پەروەرەوئا زیز
لەسەرکێو شێری شەرزە ومێرغوزار ئاسکی سلی هێنا
بەتاوی وەشت وسەوزەی دەشت وگرمەی کێووها ژەی چەم
کەوی گەردن بە خاڵ سوێسکی قەشەنگ پۆڕی شلی هێنا
هەمووچەشنە شتێکی جوانی هێنا نەوبەهار ئەمما
لەدەردی مەرگی هێمن سەد ئەسەف داخی دلی هێنا
لەبەرئەم وشکە ساڵە تا هیرا سەرچاوەی تەبعم
نەما ئاوی ،ئەمەش یەک داخما بوو دڵ کلی هێنا

# تەزبێح

## "مەولەوی"

جیلوەی جەلای جام دلەی پڕ جەگەرد
فەرمات پەی تەزبێح ها رەوا نەمکەرد
پەرێ تۆ خاسەن هەرشام تا سەحەر
هەر ژمارەی وەسڵ باڵای دڵبەر بەر
نەک چون منوزوو وەهوونا و وەستە
خەم سیواک ،نمای مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد
روو نەپای میحرا بهەناسان سەرد
وەی وزوو ونما وەی سیواکەوە
جەی گۆشەی میحرا ومزگی پاکەوە
دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هونیای تاسکرژ رشتەکەی دووری
پەی ژمارەی زکر کزەی ئێش ونێش
کافیەن دیدەم تەزبێحم پەی چێش

تەک وتەنیام وعەزیزانم کوان
بۆنی گۆڕخانەی لێدێ جێژوان

# کوردی

دە روو ن زامدا رو دڵ غەمگینە بێتۆ
سەرم گێجە تەنم بێ تینە بێ تۆ
خەوم بێ هۆشییە ، بەرگم پەلاسە
خۆراکم خوێنە ، شادیم شینە بێ تۆ
جێگەم سەحرایە ، وەحشی یا روها ودەم
درک فەرش وکوچک بالینە بێ تۆ
سەرم سەمتوورە سینەم چەنگ و دڵ دەف
خەفەت تا رو مەقام نالینە بێ تۆ
ئەوا من بووم بەشا و سولتا ن،ووالی
سەریری عیزەتم کەی ژینە بێ تۆ
لە ها وسا یا ن لە تا و نالینی «کوردی»
دوعای مەرگم لەوێش ئامینە بێ تۆ

# «حەقیقی»

کەو وکوڕکوڕ لەسەر دوندی چیای شین
دەناڵێنن لە شینی مەرگی هێمن
گوڵی باغی ئەدەب ژاکا لە ناکاو
لەبەر ئەو زەردە ڕەنگم وەک بەهێ من
بەهارە وحەقیەتی بولبول بناڵێ
دەڵێ: لەوشیعری پاراوم دەوێ من
لەنێو باغان دەڵێن شەونم دەبارێ
کەچی فرمێسکە ، دیتم دوێ شەوێ من
وەهای دادا هەور بارانی ئەسرین
بەرا ووشینە هەرچی وشکە دێمن
بنەو بارگەی تەمەنما ن گەییە ئاسۆ
لەوێ ئەو تێپەڕی، ماوم بەجێ من
لەشوێن ئامانجی دڵ نەسرەوت و ڕۆیی
لەشینی ئەو دڵم چۆن بسرەوێ من
لەپاش تۆ شاعیری بەرزو بەڕێزم
قەت ئاواتی دڵم نایێتە جێ من
لەدووریت تازە دڵخۆش بم مەحاڵە
بەنەغمەی بولبول وقاسپەی کەوێ من
بە بێ تۆجەرگی من سووتاوە "هێمن"
ئەمن ئاوام ئەتۆ چۆنی بەبێ من ؟!
ڕەفیقان دڵ بریندارە "حەقیقی"
دەوای ئەو زامە داوا کەم لەکێ من ؟.

# یادی هێمن

## بەدەستی «سیەقادرزادە»

بە یادی هێمن ئەوڕۆ سروەیەک دێ لێی گەڕێن بابێ
نەسیم بۆنی بەهەشتی پێوەیە. ئەمرۆ لە هەر لا بێ
شەووڕۆژ رادەبوورێ و دڵ خەمی وی قەت لەبیر ناچێ
دڵم دەتلێتەوە بەو دەردەوە زۆر ئەستەمە رابێ
هەتا کۆنتر دەبێ یادوارەکەی زۆرتر دەبێ دەردم
برینی کۆنە ناسۆری بە ئێشەکەی بڵێی چابێ
خەمی ئەو زەڕڕەزەڕڕەی جیسم وجانی گرتووم ئێستا
خەمی عالەم،چ تۆ ضیری هەیەبۆ من نەیە نابێ
لەئاسۆگی هومێد ئەستێرەیەک ئاوا بووە ئەوڕۆ
ئەگەر رۆژێک لەوێ هەڵ بێ بەزەحمەت شۆقی ئاوا بێ
لە دونیای ئێمەدا مانگێک هەڵات و ڕۆیی ئاوا بوو
بە من چی گەر تەواوی ئاسمان عەقدی سوڕەییا بێ
ئەگەرچی خونچە زۆر پشکوتووە لەم باغ وگوڵزارە
لە گوڵزاری ئەدەب بەم شێوەیە گوڵ تازە شین نابێ
دڵی تاریکی من روونە بە یارانی ئەدەب پەروەر
دەڵێی ڕێبازەکەی دەگرینە بەرچاو یا خودا وابێ
خودایا لێی ببوورە ڕەنجی زۆر دیوە لە دونیادا
ئەویش با موستەحەققی رەحمەتی باریتەعالا بێ
ئەویش ئەولادی تۆیە یا ( رسول الله ) لەمەحشەردا
کەیاران لێت وەخڕبوون خۆت بفەرموو (هێمن)یش بابێ
خەمی دنیای لەبیر وێرانەکەی دڵ بردەوە سەیید
خەمی ( هێمن) بەخێر هات بۆدڵی من ماڵی ئاوابێ


مامۆستا گیان:

کارێ کەخەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد
سەرما بەهەتیو بابەدەواری شڕی ناکا

«سروە»

# گوزارشت :

# زانستگەی ئازادی ئیسلامی مەهاباد



لەماوەیەک لەمەو بەرەوە دەنگ وباسی بنیاتنانی دانشگای ئازادی ئیسلامی مەهاباد لەهەمووشوێنێکدا بڵاو بۆتەوە. ئەم هەواڵە بەتایبەتی بۆ ناوەندی بڵاو، کردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی( ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی) زۆر گرینگ بوو.چونکە بۆ ناوەندێکی فەرهەنگی کورد کرانەوەی ناوەندێکی فەرهەنگی زانستی وەک دانیشگایەک کە قەرارە. زبان وئەدەبی کوردیشی تێدا بخوێندرێ دەتوانێ هەواڵێکی گرینگ وچارەسازبێ. هەرلەبەر ئەو هۆیەش ئێمە نوێنەری خۆمان نارده مەهاباد تا لەگەڵ کاربەدەستان وبەرپرسانی ئەم کارەگرینگە، کۆبێتەوەوسەروبنی هەواڵەکەمان بۆ روون کاتەوە.

بەپێی گوزارشتی نوێنەری ئێمە هەموو کاربەدەستان وبەرپرسانی شارستانیمەهاباد وهەروەها زوربەی دانیشتوانی شار ئاگادارن کە مەڵبەندی ئێمە نیازوپێداویستییەکی زۆری بەزانست وپێشکەوتن و جووڵانەوەی فەرهەنگی هەیە. ئەوەش روون بۆتەوە کە ئەم ناوچەیە پڕەلەهاوشاری و هاووڵاتی بەئیستعداد وبە شۆق وزۆق. ناوچەکەشمان لە باری کشت وکاڵ وئاوەدانی وئاژەڵداری وباغدارییەوە یەکێکە لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئێران و ئیستیعدادی پێشکەوتن و دەوڵەمەندی زۆرە لەباری فەرهەنگیوزانستیشەوە مەڵبەندی موکریان لەقەدیمەوەناوەندی خوێندن و زانست بوەوەو جەماوەری خەڵک عەلاقەیەکی زۆریان بەخوێندن وپێشکەوتن هەبووە.

ئەم هۆیانە لەسەریەک، کاربەدەستان وبەرپرسان و خاوەنرایانی مەهابادی هانداوە کەبۆپێک هێنانی باروودۆخی بنیاتنانی دانشگای مەهاباد دەست بەکاربن.

یەکەم کۆبوونەوە لەم پێوەندییەدا رۆژی۶۵/۴/۱ لە مەهاباد پێک هات لەم کۆبوونەوەیەدا پاش باس و لێکۆڵینەوە وراوێژی زۆر، کۆری باوەر پێکراوانی دانشگاە(هیئت امنای دانشگاه ) هەڵبژێردرا کە ئەندامەکانی بریتین لەئیمام جومعەی شار نوێنەری مەهابادلەمەجلیسی شورای ئیسلامیدا، فەرماندار سەرۆکی ئیدارەی بارهێنان و فێرکردن ،یەکێک لە دەبیرە قەدیمییەکانی شار، سەرۆکی شوورای ئەسناف و نوێنەری دوکتۆرەکان،



پاش ئەو کۆبوونەوە. بەرپرسی کۆمیتەی زانستی دیاری کرا تا هەلومەرج و بارودۆخی زانستی مەهاباد وئەزموونی شارەکانی دیکە کە خاوەنی دانیشگای ئازادن، بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو گوزارشتی کاری خۆی بڵاو بکاتەوە. لە ئەنجامی ئەو کارەدا بڕیاردرا کە. ئەو رشتانەی ژێرەوە لە دانیشگای ئازادی ئیسلامیدا بخوێندرێن.

۲ـ رشتەی ئاژەڵداری

۳ـ رشتەی ئەدەبیاتی فارسی و کوردی

۴ـ رشتەی فەننی وئاوەدانی ( عمران )

۵ـ رشتەی ( الهیات و، معارف اسلامی)

هەروەها دانانی رشتەی



پزشکی لەژێر لێکۆڵینەوەو راوێژدایە. یارمەتی خەڵک: بەپێی گوزارشتی بەرپرسانی ئەم کارە فەرهەنگیوزانستییە

خەڵکی شاری مەهابادبەمالیک وموچەخۆر وئەسناف وقوتابی ووەرزێر وکارگەرەوە پێشوازیەکی شایانیان کردەوە و تائێستا پووڵێکی زۆریان بۆ خەرج وموخاریجی دانانی دانیشگا داوە. مامۆستایانی ئایینی ناوچەش بێجگە لە یارمەتی ماڵی زۆرتێدەکۆشن

خەڵکی گوندو شاری ناوچە بۆیارمەتی هان بدەن.


لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە لەم کارە

پێشوازی کراوە. **جەنابی حجت الاسلام هاشمی رەفسنجانی و سەرۆک وەزیری کۆماری ئیسلامیش یارمەتی ئەم کارە ـ یان داوە وبەڵێنی یارمەتی داهاتووشیان داوە.**

وەک هەواڵنێری ئێمە رای گەیاندووە. بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری ئەمدانشگایە لەباری ئابووری یەوەبێجگە لەوەرگرتنی ( ساڵانە ـ شهریە ) قەرارە هێندێک سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ماڵیوئابووری دیکەش وەک کردنەوەی نەخۆش ـ خانەو ئاژەڵداری و.... دابین کرێ وداهاتەکەی بۆ دانیشگا تەرخان بکەن.

هیواداریـن هەر بەوزوانە هەواڵی کرانەوەی ئەودانیشگا ـ یەمان پێ بگاو ئێمەش ئامادەیی خۆمان بۆهەموو خزمەتێکی کەلەدەستمان بێ. دەردەبڕین.

# شین گێڕی



## «خاڵە مین»

شاعیری میللی ، هێمنی ، کاکی
لاڵ بم ئەورۆکە دیلی ژێرخاکی
تۆ لەشت مردووە گیانت هەر بەرزە
رێز لەتۆنان لەسەر هەمان فەڕزە
تۆ چرایەکی پڕ لە پڕشنگی
دایکی نیشتمانە دەکوتێ بۆ سنگی
شێرە رۆڵێکی کورد و کوردستان
ئاخ کە مەرگت بەهاری کرد زستان

حاجی و پیرەمێرد و هەرچی نەمان
راستی تۆ هەبووی لەجێی هەموان
ئەدەبی کوردی هەر لە تۆ جوان بوو
شیعری تۆ رابەری هەمووان بوو
خزمەتی تۆ بەگەل گەلێ زۆرە
نەتەویستت ئەوێستێ سەرشۆڕە
گەنجەکانت گەلێ گەیاندوونێ
لە پلەی پێشی تا تەواو بوونێ
ئەو جحێڵانە گەرچی زۆر گەنجن
خۆ سپاس بۆ خوا هەموو گەنجن
سروەکەت چەشنی سۆزی کوێستانە
نێوی پڕمیوە ، باغ و بێستانە
ئەی جحێڵان و خوێندەوارانم
جێ هومێدی دێهات و شارانم
داخە سروە هەتیو بێ دوای هێمن
ئێمە شەرمەندەبین لە لای هێمن
ئینتشاراتی سەلاحەددین
سروە و مروە دەربخەن چین
لە وت و وێژەکانی با یاد کەین
گیانی مام هێمنیشی پێ شاد کەین
خاڵ و خەڵکێکی زۆری کرد ڕەشپۆش
خۆی کە ڕۆیی وتاری جوانی خۆش
جا ئەوێستا کە «خاڵە» دەس بە دوعا
بۆی بپاڕێینەوە هەموو لە خوا
ئەی خودای عاسمان وەهی هەردی
ئەی پەنا و پشتی میللەتی کوردی
هێمنە و هێمنیش بوو بی بەخشە
ئەوی بی بەخشی خۆش و خۆشنەخشە

**چون نووسەری ئەم وتارە" خوالێخۆشبوو سوارەی ئێلخانی زادە" نەماوە ئێمە دەستمان لە نووسراوەکە وەرنەدا**

# سەیدەوان

## ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی


کۆمەڵ لەسەر رێگای راستە و هەرچی لەنێو کۆمەڵەوە هەستێ وباسی خواست وویستی کۆمەڵ بکا جوانە. چونکوو ئەوەی وابە هەڵە دەچێ تاکە. کۆمەڵ کەمواهەیە رێگای چەوت بگرێتە بەر.

کۆمەڵ بەلای منەوە بەو کەمایەتی یە نالێن کە سوودێکیان هەیە جیا لە سوودی گشتی وهونەرێکیان هەیە بەپێچەوانەی هونەری کۆمەڵ.

چینی پێک هێنەر واتە ئەوکەسانە کە زوربەن و هەمیشە روویان لە ژیانی مرۆڤایەتی وبەرزکردنەوەی پلە وپایەی ژیانی ئینسانی یە.

بەلێکدانەوەی من کۆمەڵ بەوان دەگوترێ چوْن ئەوانن کە خەمیان وەک تەمومژی سەر چیا وشادی یان جەشنی پێکەنینی هەوەڵ زەردەی، خۆرەتاوە. ئەوانن کە هونەریان ئێسک سووک ولە دڵ نزیک وخوێن شیرینە.

هونەرێک کە بە خشڵی خۆماڵی رازاوەتەوە ورەنگ و بۆن وتامی بێگانەی پێوە نیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شوێنێک ج لەنێوخۆ و ج لە دەرەوە هەرجوانە. چونکوو مانای بەرزی جوانی، ئەو جوانی یە کە پێوەندی بەهەرێمی بەربانی جوانیەوە هەیە ولەگەڵ"باشی"جاوەن



یەک مانان لەهەموو لایەکەوە وبە لای هەموو کەسەوە بەرزە.

ژیانی عێلاتی هەندێ خوو رەوشتی تایبەتی خۆی هەیە کە یەکیان دلاوایی وبەخشین ومالی دنیا بەلاوە کەم بوونە، چونکە ژیانەکەی چەشنێکە کە ئادەمیزاد بەرابەر بەپاشەکەوت کردن و بیر لە بەیانی ژیان کردنەوە بێ دەربەست دەبێ. لەبەر ئەوەیە کە کورد سەرسەرزی و ئازایەتی ومیوان گری زۆرە و بەیتی سەیدەوان داستانی ئەم چەشنە ژیانە دەگێڕێتەوە

بەداخەوە ئەدەبی ئێمە لەنێو گەلانی جیهاندا بلاو نەبۆتەوە. دەنا خواعالمە کە سەیدەوان زۆر لە "هاملێت"ی شکسپیر بەرزترە. شکسپیر لای وابە "هەبوون یا نەبوون" مەبەست یەکێ لەو دوانەیە. بەیت بێژی سەیدەوان دەڵێ "دلان یا ماتەم" کامیان مەبەستی ژیانە؟

قارەمانی شکسپیر هاملێتی باوکی کوژراوە، دایکی خەیانەتکار ومامی باوکوژ بوونە هۆی بڕیاردانی هاملێت بەلام لەبەیتی "سەیدەوان" دا

باوکێک سێ کوڕی گەنجی دەمرن کە یەکێک هەر بە دەستی باوکەکە دەکوژرێ خەمی هاملێت بەئەندازەی پەژارەی عەبدولعەزیزی رۆڵە کوژراو گران نیە .

جا با بچینەوە سەرداستانی سەیدەوان .

"رەبی خودایە ئەتۆ هەوری رەحمەتێ بێنی لە لای قیبلەی مەمبارەکە.لە داوێنی فەرەنگی یان لەسەر قەبری پیرخدری هەڵبرێژی.

کێ دیویەتی لەدەورەتی دەزەمانان بووک لەسەر سێ کوڕان را بچنەوە ماڵە بابیان بەکیژی ؟

عەبدولعەزیزی داسنی سێ کوڕی دەبێ بەناوی"سەیدەوان " و"نێچیروان" و" مەلکەوان " سێ کوڕی گەنج کە کاتی ژن هێنانیانە وسێ بووکیان بە رۆژیک بۆدێنن . عەشیرەتی داسنی هەموو لە شایی و زەماوەنددا بەشدارن . مەلکەوان شەوی هەوەڵ پەردوو ـ گیر دەبێ ودەمرێ و خەفەتێکی گەورە دەخاتە سەر دڵی باوکی بەڵام عەبدولعەزیزە کۆرە سەرۆکی عێلی داسنی یانە! چۆن رووی هەیە بە عەشیرەتەـ کەی بڵێ :

ـ دەستی دیلان بەردەن و بڵاوەی کەن !

راستە کەکوڕمردن پشت شکێن و بڕست بڕە ،بەڵامئەی"سەرۆکی"چی، ئەی پیاوەتی ومیوان خۆشەویستی چ لێ بکا ؟

عەبدولعەزیز دەنگ ناکا و هەڵپەرکێ وزەماوەند هەر دەمێنێ ،تا شەوی دووهەم دەشتەوانان هەواڵی دەدەنێ کە نێچیروان لەرەوەزەبەردی تووش وچڕ هەڵدێراوە ومردووە دیسانەوە باوکی کۆستکەوتوو برینی دەکولێتەوە و خەم بە هەموو گرانی یەکەوە دەکەوێتە سەردڵی وبیر دەکاتەوە . دووکوڕی جوانەمەرگ بوون ئەم زەماوەندە شوومە .ئەم بەهارە بێ فەرە بێ فەڕودزێوە .چی بکا ؟ئایا لە گەڵ ئەوەشدا تەرمی دووکوڕی لاوی لەبەر دەستە .زەماوەند هەربمێنێ ؟. ئەگەر بە داسنی یان بڵێ من زەماوەند ناگێڕم ئێوە هەڵپەرکێ بوەستێنن ، چی پێدەڵێن ؟

ئاخۆ نالێن عەبدولعەزیزە پیرەخەرفاوە ، پیاوێکی ئاخرشەڕە ؟ ئەمانە ژێردەستی خۆین.بێ جیاوازی کوڕە داسنی کوڕی ئەون و هەموو ئەورۆ لە شادی ئەودا بەشدارن ،میوانن . گەڕی هەڵپەرکێ گەرمە ، کیژوکوڕی داسنی خەریکی رۆینە و سوێسکەیی وچۆپی وسێ جادن ، ئاخۆ بچێتە ناویان و بە پڕمەی گریانەوە بڵێ ئەی کوڕوکیژی داسنی دیلانەکەتان بەردەن لەبانی شایی شین بگێڕن .مەلکەوان ونێچیروان مردن وئێوە بۆ دوو راوای . نەماو شایی دەکەن . بەڵام نا عەبدولعەزیز کوردە . ئەوانەش میوانن . رەوا نیە زەماوەندەکەیان بشێوێ. ئەی دڵی پەژارەداری چ لێ بکا . ئەم هەموو خەموودەردە بۆکوێ بەرێ؟ واباشە لە ئاوایی دەرکەوێ .پەنا بەرێتە بەر داوێنی چیا خەفەتی بدا بەدەم شەماڵی سەرشێتی شین و دوعا! با لەهەرای هەڵپەڕکێ رزگاربێ ئاگری دەروونی بەجۆش دێ و دەبا تا ئەو جێگایە وارێبازی مەڕ و بزنەکێوی یە لەژێر بەردێک ئارام دەگرێ ، بەڵام دڵی وەک ئاوی سەرئاگری بەتین دەجۆشێ وهەڵدەچێ . فرمێسکی گەرمی بەسەر گۆنای پڕچینیدا دێتە خوار .

دەوروبەری بەهارە بەڵام چ بەهارێک ؟ بەهارێکی رەش وناحەز . ناحەزتر لە هەموو زستانێک ،چاوی تیژی وەک هەڵۆی پیری چیا دەڕوانێتە ئەوبەری دۆڵەکە . بەهانەی لەماڵ دەرکەوتن و کۆڕی زەماوەند جێ هێشتنی ئەمەیە کەدەچێ گۆشتی راوێک بێنێتەوە.

لێرەدایە کە تراژدی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی . دەستێکی بەهێز لە کاردایە بۆ پەروەراندنی دڵتەزێن —



ترین بەسەرهات .

دەوروبەری بەهارە ،گیا شینە ،لاسکی ناسکی گوڵی کێوی بەدەم بای نەرمونیانەوە دەلەرێتەوە .دڵی ناوکێک پڕە لە مەینەت . پەردەی زاوایی دووکوڕی گەنج بەتاڵە دووبووک چاوەڕوانن. داسنی لەشایی و خۆشیدا نوقم بوون. .عەبدولعەزیز گاهێ بەدڵیدا دێ " دوانم مردن ،سەیدەوانم ماوە . ژیان ماتەمە یا شینە ؟

دەنگی گۆرانی بێژ و دەهۆڵ و زوڕنای نێو دێ کە زۆر دوور ،لەدەرەوە دێتەبەر گوێ.ئەوجارە نەوا شەماڵ دەهێنێ. دەڵێ "ژیان شایی یە دوان مردن!هەموو دەمرن! چونکە لە هەوەڵەوە نەبوون، هاتن وپاشان ڕۆیشتن .

کەوایە ژیان قۆناغێکی کەمخایەن وکورتە لە نێوان دوو نەبوونی درێژ و بێ بەستێندا .

---

هەراوبگرێکە بەینی دوو بێدەنگی وهەدادان کە وەهایە ژیان شایی یە . بۆ نەمانی بێدەنگی ماوە زۆرە ، بەلام دۆڵی کپ وخامۆش کە دەڵێی گریانێکی بەکوڵی پیاوانەیە لەگەروودا بەستراوە دەڵێ ... نا ... ژیان ماتەمە ژیان کۆست کەوتنە . ژیان لەگۆ کەوتنی دوولێوی پڕ بزەیە . با، لەو بەری دۆڵەکەوە یاری بە مووی ریشی زەردی بزنەکێوی یەک دەکا . لێکی دەدا .دەیهۆنێتەوە. عەبدولعەزیز بەچاونیکەوە کە فرمێسکی مەینەتی تێزاوە دەڕوانێتە ئەوموو زەردانە کە دەڵێی برچی گوڵەبەرۆژەیا قژی گەنمەکانەیە و با دەیشەکێنێ. وادەزانێ بەراستی مووی ریشی بزنە کێوی بە تەقەی تفەنگ هەڵدەستێ .وەک پرمەی گریانێکی بەکوڵ دەچێ . نا دەڵێی قاقای پڕلە تەوسی ئینسانە بە ژیان . شتێکی زیندوو لەپشت بەردێکەوە دەکەوێتە خوارەوە . وادیارە پێکراوە . عەبدولعەزیز دەگاتە سەری دەبینێ سەیدەوانە . مووی زەردو خوێنی سوورو دەموچاوی سپی لەسەرگیای سەوز تێکەڵ بوون . هەناسە لە سینگی چیادا قەتیس ماوە . کەو لە قاسپە کەوتووە . رۆژ خۆی لەژێر هەورێکی چلکندا شاردۆتەوە .

عەبدولعەزیز چی بۆ ماوەتەوە . دانیشێ چونکوو ئەژنۆی هێزی نیە . لە بێدەنگی دەترسێ ونا شتوانێ بگری چونکوو پەشۆکاوە هەموو دنیا لەبەر چاوی دەبێتە یەک پرسیار ، ژیان شینە یا شایی یە ؟

غەم لەوە گەورەترە کە لەدڵی پیروناسکی عەبدولعە ـ زیزدا جێگای ببێتەوە دەپارێتەوە . لە بەرخودا دەپارێتەوە "رەبی خودایە بای رەحمەتێ بێنی لە لای قیبلەی موبارەک لە داوێنی فەرەنگی یان بیدەی لە خەمی عەبدولعەزیزی و لە بەحری خوێ یەی تێپەڕێنی چەند خەمێکی گەورەیە خەمی عەبدولعەزیزی داسنی کە دووکوڕی دەمرن ویەکێکی خۆی دەیکووژێ . لە کاتێکدا رەماوەندە ،بەهارە ، کاتی سووزانەوە وژیانەوە،بەیت بێژ ترازدی یەکی بەرزی پێک هێناوە .گیانی نەمری شاد بێ .

*ـولاتی داسنی : کەوتۆتە بەری بارزان جێگایەکی چڕوئەستەمە وکەوتۆتە نێوەڕاستی تورکیا و عێراق بزنەکێوی زۆر پێوەو جێگە راوە .



# بار هێنانی منداڵ

## ف-وەفایی

دایک وبابی خۆشەویست :

١- ئەوەت لەبیربێ کە منداڵ دیاری خوایەولەرێزی نیعمەتەبەرزەکانی ئەوەمەیە- لێ هەویری ئەوبەتالبیا وەک یا برا ودرا وسێ دەربێ.هەر منداڵەی شەخسیەتێکیتایبەتی هەیە ودەبێ بۆنواندنی ئەو دەرفەت وماوەی بدرێتێ.

٢- وەختێک منداڵ لە کارێک سەرناکەوێ یا دەبەزێ نابێ بەخۆدا بشکێتەوە .یالە گەڵ ئەومنداڵانەی هاوتەمەنی کەلەوزیاتر گەشەیان کردووە هەڵی مەسەنگێنە .

٣- تووڕەیی ودژایەتی دووهەستی سروشتین جا منداڵەکەت یارمەتی بدە تا بۆهەڵوێست گرتن لەبەرامبەر ئەو دووهەستەدا رێگەیەک بدۆزێتەوە کەکۆمەڵ پەسندی بکا .دەنا ئەگەر تووڕەیی ودژایەتی خۆی بەشێوەیەک پێشان نەدا لەدەروونیدا کۆدەبێتەوە ودەبێتە ناسۆر وگریمانە .

٤- دەبێ منداڵ قایم و ئاقڵ باربێ وفێری رێک وپێکی بێ. نابێ هەست بەوە بکا کەدایک وباب زوڵمی لێدەکا. چون ئەگەرزانی دایک وباب عادڵن،بەقسەیان دەکا و خۆشی دەوێن.

وەختێک سزادەدرێ دەبێ واهەست بکا کە تۆڵەی بەعەداڵەت لێ دەکرێتەوە .

٥- وەختێ ئامۆژگاری منداڵ قسەتان یەک بێ وانەبێ یەکتان لانی منداڵ بگرن و ئەوی دیکە دژی ئەوڕا وەستن چون دەبێتەهۆی ئاکامێکی نالەبار لەباری عاتیفەوەلە دەروونی منداڵدایانی وەختێک گەورەبووهەستەتێکدەرەکانی وەک تاوان وشەرمێونی ناهێمنی تێدابەدی دێ.

٦- هەرچی منداڵ ویستی وگرووی بۆگرت لەبەردەستی مەنێن چون دەبێ ماوەیەک ناڕەحەت بێ هەتا قەدری وەدەست هێنانی دڵخوازبزانێ وبۆگەیشتن بە خۆشی ناخۆشیش بچێژێ .بۆئەو کارانەی دەیەوێ بیکا خاترجەمی بکە .

٧- نابێ خۆتان بە سەر چاوەی هەمووتەواوەتی یەک بزانن.دەبێ منداڵ هەست بەوە بکا کەدایک وبابیش هێندێک شت دەزانن ونوانایی هێندێک کاریان هەیەوهێندێک نا.دەبێ ماوەی بدەی بزانێ دایک وباب هەڵەش دەکەن ئەوددەم پێوەندی گرتن لەگەڵ منداڵ سانیترو خۆشترە .

٨- وەختێک تووڕە بوون هەڕەشەمەکەن ووەختی خۆشی دڵێنی یەک مەدەن کەدوایی

پاشماوەی فۆلکلۆر ...

برایان خوشکێک بەویتریان دەڵێ :

**بەیانە بوو کەروێشکێ دەیگوت بە کەوێ وەرەگەرعەلانی خۆمان باوێینەوە فلان جێ و فلان جێ یان ئەو جووتە سوارەی ئەمن و تۆیان لێ دەترساین ،**

**ئەوە دوو رۆژە رانی دەرکێفی و سمێڵی دەنیوەرویان ،**

**وبەن بارستی دەگڵی دەکەوێ**

شاعیر دەیەوێ دیمەنێکی ئاوا جوان بخولقێنی ئاخۆسەر دەکەوێ ؟ ئاشکرایە نا . کوا کەسێکی بەبت نەناسێ وبە سەر تەواوی باری زمانی نەتەوەکەیدا زاڵ نەبێ دەتوانێ بەو شێوەیە بەرێز کردن ولە پەنایەک دانانی ئەو وشە خۆماڵیانە لەچوارچێوەی وەزندا شیعر بڵێ .... ئەوجار دەردی نەناسینی شیعر شیعری بەیتە ، کاتێک لێمان روون وئاشکرابێ ئەو شێوە شیعرە شێوەیەکی رەسەن و تەواو کوردی ونەناسراوو زۆر جوانە چ پێویستی بەوە هەیە ئەو لەبەین بەرین وشێوەیەکی عەرووزی شیعر بڵێین وتازە بڕواشمان بەوەبێ خزمەت دەکەین ....

با سەرنج بدەینە شێوە شیعری بەیتکە وەزنی هەیە لەبارە و لەزاران خۆشەوهەوڵ بدەین ئەگەر هونەریشمان **لاسایی یە ،لاسایی لە خۆمان بێ ئەوجار بۆ کارێک بکەین کە لە هیچ جێیەکی ئەودونیا پان وبەرینەدا بەسەر شوێنەوارە** بایی دارە قەدیمی یەکان نەهاتووە و ئەگەریش هاتبێ زیان بار بووە؟ **یانی لەپاش فردەوسی شاعیری وامان نەبووە کە بتوانێ کتێبی شانامە لە پێش خۆی دابنێ و سەرلەنوێ بە شێوەیەکی دیکە و هەر لەو چوارچێوەدا دووبارە سازی بکاتەوە ؟ ئایا ئەگەر وەها کەسێکیش پەیدا بێ شانامەکەی شانامەیە ؟! ئایا ئەو نرخ و بایی یەی دەبێ کە شانامە هەیەتی ؟ ئاشکرایە نا ؟**

---

**پاشماوەی بارهێنانی ..**

بۆتان جێ بەجێ نەکرێ. دەبێ هەرەشەوبەڵێنی بۆجێ بەجێ کردن بێ دەناگونیان سەلاح یە . چون ئەودەم منداڵ باوەڕومەتمانەی بەدایک وباب نامێنێ ئەگەرباوەڕیشی بەوان نەبێ بەهیچ شتێکی دیکە بڕوانا کا و ئەوەش مەترسی یەکی گەورەیە .

٩- نابێ بەحۆش ویستنی سەرسەری دەست لە منداڵ هەڵگرن . دەبێ حۆشەویستی ئەوەندە ساخ وپاڵێوراوبێ کەمنداڵ مەنمانەی پێ بکا .

١٠- دەبێ هەستێک لە منداڵدا بەدی بێنن کەبزانن هەرکارێکی دزواروسەخت جێی رێزوقەدرە .هەتا وەختێک کاری کرێکارو جووتیارێکی دەستفەڵساوی دیت قەدری بزانن.یائەنگوستی جەڕاح و بزیشکێکی دیت کەبەنەشتەر دڵ دەقەڵێشتەوە وپینەو پەڕۆی دەکا رێزی بۆدانێ رێ وەبەربێنن تابفامێ ژیانی بەکەلک ڕەحمەتە و ژیانی تەمەڵی وتەوەزەلیهیچ نایەنێ .

١١- منداڵ نابێ لەهەموو نالەباری وناکۆکی یەک بپارێزرێ.رووداوی نەویستوو ونالەبارلەلایەک حووڕەوشت بەهێز دەکا ولەلایەکی دیکەوە بەزەیی لەدڵ داوێ.

١٢- دەبێ منداڵ وافێر بکرێ هاوڕەگەزی خۆی خۆش بوێ.بەتەنێ مەینێرنەمزگەوت ،لەگەڵ خۆتان بیبەن چون منداڵ هەمووشتێک بە سەرمەشق فێردەبێ. ئەو قسەی پێی دەڵێی ماناکەی فێرکردن نیە بەڵکوودەبێ بەکردەوە پێی بسەلمێنی. یانی ئەگەرلەمنداڵیەوە بڕوایەکی قووڵ بەخو پەیدابکا ولەداهاتوودا لەئاستگیروگرفت و کەندوکوسپ خۆڕاگرترو لەسەرەخۆتربێ.

# ژوانی ئەدەبی

**شنۆ: کاک مستەفا رەسوولی ئازەر**

شیعر دەبێ دوو سیفەتی ئەدەبی هەبێ. یەکەم ئەگەر شیعرەکە عەروزی بێ دەبێ وەزن وقافیەی رێک وپێکی هەبێ دووەم دەبێ لە باری نێوەرۆکەوە جوان بێ. یانی شتێکی بە کەلک بە زمانێکی جوان بدا بەخوێنەری شیعرەکەی ئێوە لەباری وەزن و قافیەوە تەواو نیە. لە باری نێوەرۆکیشەوە ئامانجێکی شاعیرانەی نەپێکاوە.

**ورمێ: برای بەرێز کەیفی برادۆستی:**

ئەو شیعرەی ناردووتە لە باری هونەری شیعرییەوەلاوازە و بێجگە لەوەش بابەتی دڵداری لە شیعری ئەمرۆدا باوی نەماوە تکایە لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتیوفەرهەنگی شیعرمان بۆ بنێرە.

**سەردەشت: کاکم شیوەن**

پاش رێزوسڵاو شیعرەکانی بۆت ناردووین گەلێک کزو کەمایەن بەڵام هەستی شاعیرانەت هەیە موتالا بکە دەبی بە شاعیر.

**گوندی دێلزی پیرانشار: برای بەرێز کاک سەلاح سەید محەممەدی:**

بە سپاسی زۆرەوە نامە جوانەکەتمان پێگەیشت لە نامەکەتدا ٧٠ پەندی پێشینیانت بۆ ناردبووین بەراستی دیاری یەکی بەکەلکە. ئەم پەندانە لەگەنجینەی تایبەتیدا رادەگیرێ و وردە وردە کەلکیان لێوەردەگیرێ.

**مەهاباد:** تاهیر قوڵی زادە

شیعرەکانت کە بەقەولی خۆت "هەوڵی شیعرن" بەنیسبەتی "هەوەڵ شیعربوون" زۆرباشن بەڵام بۆگۆواری سروە کزن و زۆرتر تێبکۆشە ولەشیعردا زۆرتر کاربکە سەرکەوتووبی.

**بۆکان: برایان سولەیمان و ئاورەحمانی رەحیمی:**

بەداخەوە ئێمەش "کاروانی خەیاڵ" مان نەماوە بۆتان بنێرین. هیوادارین چاپ بێتەوە ودەستان بکەوێ.

**بۆکان: برای بەرێز کاک رووحی.**

بۆ چاپ بوونی نووسراوەلە سروەدا پووڵ وەرناگرین ئەو بابەتەی پێمان دەگا جوان بێ وباش نووسرابێ هی هەرکەس بێ چاپی دەکەین. شیعرەکانت لەباری قافیەو رەدیفەوە نارێکن.بۆ نموونە لەو شیعرانەی ژێرەوەدا.

**خرۆشانەوە دیسان.**
**کانی وهەڵدێر وچۆمان**
**وەنەوشەی بەهەست و جوان**
**دەهاتنەدەر لە جۆگان**
**بولبول دەیخویند بەجوانی**
**قومری دەیگوت گۆرانی**

لەم شیعرانەدا «دیسان» و «چۆمان» یا «جوان» و «جۆگان» نابنە قافیە.

بەڵام لەسەریەک دەتوانین پێت رابگەیەنین کە بە تێکۆشانی زۆرتر وخوێندنەوەی شیعر وقانونی شیعردانان دەبی بە شاعیر

**برای بەرێز کاک ئەسعەدی ئەرغەوانی:**

سروە گۆوارێکی رەنگاو رەنگەوبابەتی جۆراوجۆر بڵاو دەکاتەوە وناتوانێ زیاتر لەوە جێگاو رێگا بۆ شیعر دابینکا. دەبارەی چیرۆک بۆ منداڵان پێمان وایە ئەوبەشە بۆ منداڵان ولاوی کەم تەمەن پێویستە. چونکە بەفۆلکلۆری

کوردی شاعیرا دەبن وچوکوو جیرۆکیس سەرنجراکێشەکوردی پێ فێردەبن. شیعرەکانیشت زۆر کرو نارێکن .بە هیواین بە تێکۆشان سەرکەوی.

**سنە : ئیقبال قەسلانی.**

ئەم شیعرەی پرسیارت کردووە هی شاعیرەی بەناو بانگی کورد مەستوورەی ئەردەلانە . وەکی ددلێن تەنیا ئەم غەزەلەی بە کوردی گوتووە وباقی شیعرەکانی فارسین.

**ئەمن ئێمرۆ لەزومرەی عاشقا-**
**ندا نادرەی عەسرم**
**فیدای شەرت و وەفات بم چی**
**بەسەرهات مەیلی جارانت ...**

**پیرانشار : عەبدوڵڵەئیمامیی**

باسی سەلاحەدینی ئەییووبی لە چوار ژمارەی سرووەدا کراوە. دەنگ وباس بڵاوکردنەوە بۆ گۆوارێکی بەسێ مانگ جارێک دەردەچێ ناگونجێ.

دەتوانن داوای خۆتان بۆ دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێ بکەن و ئێمەش ئەوە داواکەتان لە سرووەدا بنووسین ژن بەژنەش درێژەی هەیە ولەژمارەکانی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە .

**سەقز : محەممەدنافیع عەلایی.**

نووسیوتە خەریکم گوڵستانی سەعدی بکەمەکوردی ئایا کەس ئەم کارەی تائێستا کردووە ؟

بەڵێ: مامۆستا (سەفوەت) ، کوردستانی عێراق

-یش ئێوە ئەم کارەی کردووەو ئێستاش مەلا سابیر ئاوارە گوڵستان وبۆستانی بەکوردی وەرگێراوە وبۆ ئەمناوەندەی بەرێ کردووە .

**برای خۆشەویست محەممەد زمان شاهمرادی .**

سەرگوزەشتی حەسەن زیرەک یان عەلی مەردان مان نییە دەنا بڵاومان دەکردەوە .ئەگەر هەتە بەتەواوی بۆمان بنێرە ، بەوێنەوە تا بڵاوی بکەینەوە .

شیعر ونوسراوەی ئەم عەزیزانەشمان پێگەیشتووە کە لە باری وەزن وقافیەو و ناوەرۆکەوە کزن.

سەلاح ئیبراهیمی.
جەعفەری رەحمانی
سۆران عیلم ئابادی
**شنۆ:** محەمەد چووکەڵێ
**ع :** سیامەند
محەمەد : سێ پەند
پەشێو :
عەلی رەمەن
حەکیمی فەیزی
ئەحمەد رەحمانی
جەمال عەبدولکەریم
عەزیز ناسری
محەمەدەمین لەشکری
سولەیمان محەمەدپوور
ئەمیر حوسێنی
**پاوە :** م- ز- ش
**خانێ:** فەقێ رەسووڵ

**بانە :** س - نەجاتی
**شنۆ :** شەفیع ئەشرەفیان
**مەهاباد :** سامرەنداودی
**بۆکان :** مەحموود حوسێنی
**خانێ:** سمایل سەیدشوکری
**خانێ:** کەمال مستەفازادە
**نەغەدە :** رەحمان مێمانداری
**بۆکان :** ج - م- شەمزاو
**بۆکان :** سەیدکەمال لەتیفی
**بۆکان :** ئەبووبەکر عەزیزی
**بۆکان :** تاهیر محەممەدیان
**مەهاباد :** شەفیق تەریق
**شنۆ :** محەممەد حوسێنپوور
**سنە :** کەریم ئەسغەری
**سەردەشت :** محەممەدشەبستانی
**بۆکان :** ئیسماعیل قاسمی
**سنە :** عەلی شوکری
**تەوریز :** عەبدوڵڵا زێرین
**سەقز :** ئامینە عەزیزی
**شیراز :** ج - مالە
**شنۆ :** عەبدوڵڵە ئەحمەدی
**بۆکان :** ئەنوەر قورەیش
**شنۆ :** بەختیار
**سنە :** موختار ( ژاکاو )
**مەهاباد :** یۆسف رەسووڵی
**بۆکان :** یۆسف مستەفا
**بۆکان :** پشکۆ
**سنە :** حیشمەت عەلیجانی
**بۆکان :** ناسر بابامیری
**زێوە :** ئاسۆ
**سەقز :** رەحمان لوولی
**سەقز :** فاتح حەیدەر نژاد
**سەقز :** ئەهوەن
؟ : مەعسوومە عەلی ئاقا
؟ : عوسمان مەرحان

ئەدەبی

فۆلكلۆری

كوردی



# خەنجەراموسۆ

میرمحەممەدبەگێ بۆتی رابوویە ژ خەوێیە
بەرێ خودا كۆشك و سەرێ مالا خویە
ل دیوانا خودا روونشت گۆ :
"بشینن پەیێ سالح بەگێ جزیرییە ،
عەمەر بەگێ مردێسی یە ،
جەعفەر بەگێ خدلدفییە ،
سا نەحمەد بدگێ فولییە ،
مەحموود بدگێ شەردفییە ..."
ئەفی كورێ كەرێ بیست و پێنج مێر
ل دیوانا خودا تۆپكرییە .
قەسدا كوشتنا مووسۆیێ مەلەكا كرییە .
قاسد شاند گۆ :
"ئۆلۆ هەرِن مووسۆ بینن ،
هەكی نەهات بخاپینن ،
هەكی نەهات بزۆر بینن ،
هەكی نەهات بلێپینن ،
هەكی نەهات بكوتن بینن ،
دەستێ مووسۆ گر یێدن مرا بینن"

**قاسد دكه دلەزینه**

**خو بەر كۆنێ مووسۆرا دگهینه .**
**نهێری مووسۆ ل خەوا شرینه ،**
ئەوێ كاغەزا بەگێ بۆتی بلند دكه
ل سەر بالگی یێ وی داتینه .
وەختا كو سوفەتێ مووسو ل
خەودا دبینه ،
ری یا نیڤ سعەتی ژ جی یێ مووسو
دوور دمینه .
مووسو نیڤ سعەتێ ها ژ خو نینه .
وەختا كو سەرێ خو ، سەر بالگی یێ
خو هلتینه ،
ئەوێ كاغەزێ ل بەر چەعڤێ
خو دبینه .
گازی خووشكا خو كر گۆ :
"مەعروومێ م خەونێ خراب دینه ،
دودران ل دەڤێ م فرینه .
قەدەرێ خودێ ل ژۆر تەمام ببن
ژیرێ ل جی یێ خو دمینه ،
وەرەئەوێ كاغەزێ بدە خاندنێ جكا
خێرە ، یان خێر نینه ؟
خووشك گری یا گۆ :
"مووسۆ هایێ ، سەد جار هایێ
قەدا وەرە ل تە دونیایێ
تێ هەرِی دیوانا بەگێ بۆتی
م خەونێ خراب دیتنه ،ئەز زانم
تێ هەرِی ئێدی نایێ ."
مووسۆ دكه دلەزینه
خو ئالی یێ مالێ را دگهینه
جۆتێ قرما بەر گیزمادا داتینه
قەما خوو شوورێ خو ل بن عەبێ دلەپینه
خەنجەرا زولفی ل پشتا خو دئالینه
وەختا كو رێ كەت گۆ :
"وەرن م حەلال كن ، جووینا م هەیە
هاتنا م قەد تونینه
خەلەف كورێ من پێنج سالی یە ، بلا
ل دەوسا م بمینه ."

**مووسۆ دكه دلەزینه**
**خو بەر كوزیكا بەگێ بۆتی رادگهینه**
**وەختا پەیا بوو خولام هەسپاوی**
**دكشینه .**
چل ویەك نەردبانی چوو قاناتێ
ژۆرینه.
وەختاك دەرێ دیوانێ ڤەكر
بیست و پێنج مێر تێدا روونشتینه
تەمام بوی كوشتنا مووسۆ ئانینه .
مووسو گەلۆ كەتە هوندور ،
سەلام دایێ قەت یەك سەلاما
مووسۆ ناهلینه .
مووسو نیڤ سعەتێ ل پیا دمینه ،
پێگەر مۆكێ دگەرینه .
یەك رِی یا روونشتاندنێ پێ نیشان نادە ،
دەستدا ڤێژە بەعلگی یێ بەر پشتا مێرخاسا
گژگێ ژ بەر دكشینه ،
ئۆرتا دەری دا داوێژە سەر هەڤ ،
جیدا روودنێ ، پێ خوسەر هەڤدا وەردگەرینه
مووسۆ ئاڤرێ ددە كیژانێ تووسێ سوكرێ ژ
دیوانێ هر دشینه .
میر محەمەد بەگێ بۆتی گۆ :
" مووسو تو هاتی ، سەد جار هاتی
تو سەر چەعڤێ باڤێ مرا هاتی
لاوو تەقەت ناڤی من نەبهیستیە
ل ڤی والاتی."
مووسۆ گۆ :
"بەگێ من ژ مە باری یە بارانا ب بەلا گەورە
بشەڤ سایی ب رۆژ عەورە ،
واكی تو م ل مالا خودا بكوژی ،
ژنێ وە میرەكا گژگێ بمینە ئستەورە."
میر محەمەد گۆتی :
"ئۆلۆ مووسۆ زێدە خەبەر مەدە ، وەختێ
تە تەمام بوویە ،
م بهیستیە تە ژ خورا خەنجەرەك كریە ،
جكا نیمەتا خەنجەرا تە چیە ؟"
مووسۆ گۆ :

" بەگیٚ مـن ل کولـەکا ل پـەنجەرا
بـالا خو بدەنـه عەنـی کەڤەرا ،پۆزپـیژینـا ،
چەعڤ بـکلا رەنـگ ئەسمەرا ،
ژنـیٚ وە ژ بۆنـا مووسۆ خودانـه
دوٚر پـەنـجەرا
ئەز یـاریٚ ژنـیٚ وەمە هاتـمە ل ڤان دەرا ،
تـو میٚری ئەم هەڕن بنـی یـا مالا ل ناڤ بیٚدەرا
قاسەکی بـالا خو بدە شەریٚ ڤان خەنـچەرا ."
میر محەمەد گۆ :
"ئەریٚ مووسۆ لاوۆ کەرەم کە وەرە ژۆرە
رابـن کنجیٚ ڤی کوریٚ کەریٚ ژیٚ بکـن بدەستـەک ،
زۆرە
هەکە هوون پـیٚ نکارن ، سەهما وی پـره ؟!
بلا مـن مووسۆ را بمینـه ،خەوای گۆرە ."
مووسۆ گو :
" بەگیٚ مـن یـیٚری یـیٚری ، سەدجار یـیٚری ،
ڤان شڤانا تـووش کر نـیٚری



بیٚریڤانا پـەزدا بیٚری
وەکی ئەز نـه هاتـما حوزوورا تـه ،
تـەییٚ بگۆتـا گەدەکە ، ژ م نـەویٚری
تـوم مالا خودا بیٚ بـەختـی دکوژی
لاوۆ نـەمیٚری ، نـه جامیٚری ."
مووسۆ خەنـچەرکشانـد دا دەستـیٚ میر
محەمەد بەگیٚ بۆ تـییە .
ئەوی سەر بنـیٚ خەنـچەریٚ نـهیٚری یـە
گۆ مالـەکە بـجانـیٚ خوییـیە
دا دەستـیٚ عەمەر بەگیٚ ، گۆ سەدەفـیـە
دا دەسـتـیٚ سالـح بـەگیٚ ، گۆ جولـفـەئیـبـە
دا دەسـتـیٚ شائەحمەد بـەگیٚ گۆ ئالـماسـیـیـە
ددنـه دەست هەڤدو کو یـەک ل مووسۆخە ،
یـەکیٚ ژی جورئـەتـ نـەکریـیـە
سیٚ جاریٚ خەنـچەریٚ تـەمام بـووـە
خەنـچەر کەتـە ددستـیٚ مەحموودبـەگیٚ شەرەفـیـە
دەستـە براکیٚ مووسۆ بـیٚ ئاخرەتـیٚ یـە
سەر دۆشەکا خو رابوویـە
قەسدا سۆلا خو کریـیـە
سیٚ خەنـچەر ل ناملا مووسۆ ژ مارتـیـبـە
مووسۆ حەزر کر ژ کەزەباوی گرتـیـیـە،
دەست ئاڤیتـیٚ ژ برینـیٚ کشانـدیـیـە
گۆ بـەگ ئەڤا میرانـی نـینـه ، بـیٚ بـەختـی یـە
هەر وەکی کیچەکیٚ پـشتام گەزتـیـیـە
کولـیٚ مالا باڤیٚ مووسۆ کەڤی
برینـاوی کەل بوو بانزدا زرزا دەریٚ
دیوانـیٚ ل سەر دوگمیٚ داشدانـدیـیـە
کەتـە ناڤ دیوانـیٚ ، کوک وزراڤ زویٚ
جەماعەتـیٚ ڤەتـانـدیـیـە ،
گۆ زوو حەیفا خو ڤەکم ، هیٚ
برینـام سار نـەبوویـە .
دەست هاڤیتـە عەمەر بەگیٚ
دودو لـیٚخسـت ڤەرگەرانـدیـیـە
دەست ئاڤیت شا ئەحمەد بەگیٚ سیٚ
لـیٚخست ڤەرگەرانـدیـیـە
ژ گرە گرەک وماقوولا دانزدە حەب پـەنـجەریٚ دا
دومب کریـیـە ،
دەست ئاڤیتـە مەحموود بـەگیٚ شەرەفـیـیـە
براکیٚ خو سەر دۆشەکیٚ کاش کریـیـە
ئۆرتـا دیوانـیٚ هەژانـدیـیـە .
گۆ: "ئەز مووسۆمە ، مووسۆیـی گیٚژم ،
خابـیٚ خەنـچەرا دەڤ دریٚژم
سەری یـا ژیٚ دکم جەنـدەکا داڤیٚژم
ئەز بەر برینـا کەری گیٚژم
گەلـۆ حەفت حەبـا لـیٚدخم ل
پـەنـجەریٚ دا داڤیـژم ."
ئالـیکی دیوانـیٚ لـیٚدا ڤالا کریـیـە



میر محەمەد بەگێ بۆتی ری یا رەڤێ نەدیتییە
گەلۆ دانزدە بەلگێ ل پێشی یا خو هلجنییە
کەتە پێریکێ ستار دەستا نەکەتییە
کولێ ل مالا مووسۆ کەڤی ، ل بەر وان
بەلگی یا سەکنی یە
بیست و پێنج خەنجەر ژ مارتیید
بەک وەزانی کو مووسۆ ئەو بن
وانادا کوشتی یە
رابوو بەربدەرێ دیوانێ رەڤییە
مووسۆ پاراڤا خەنجەر ئاڤیتێ ژێ نەگرت
کەتە ئۆرتا نەختێ دەری،فەبرا خەنجەراوی
فری یە
وای گۆ لەعنە ل باڤی هۆستایێ جنکرییە
میر محەمەد بەگێ سوورێ خو کشاند ، ل مووسۆ
زڤرییە
فەلێ خوەدا پرشا بوویە .
کۆ خەنجەرا مووسۆ ئشکەستییە
سلاح ژێرا دەست نەکەتییە
هات کو سەرێ مووسو ژێ کە
مووسۆ دەست ئاڤیتە بنێ عەبێ
زولفێ زێرین کشاندییە
جار بهۆست و جار تلییە
وەختێ کو ژ فێلێ دکشاند
تە دگۆ روونێ رژییە ،
جل وبەک نەردبانی پەیا بوویە
هەی دکەت و هەی رابوویە
چوو ئۆدا حەرەمێ سەرێ میر
جەم ژ ناوی ژێ کری یە
برینێ مووسو ساربوو ل دەرمالێ ژی راکەتییە
گۆ: "ئۆلۆ لاوۆ...بەک جها بێ بدە مالا منە
بلا نەکن شینا منە
هەکە ئەز هاتم کوشتنێ گور باڤێ منە
م حەیڤا خو ڤەکری بدەستێ خونە
بلا خلەف خاش بە ل دەوسا منە ."
قاسد دکە دلەزینە ،
خو بەر کۆنی مووسۆ را .دگهینە
خووشکا مووسۆ هاتە پێشی یێ
گۆ برایۆ تە هاژ برایێ م نینە
وەی لا گۆ مەعروومێ برێ تەنەخاشە
گۆتییە بلا بێ سەریکی ل م خینە
گەلی جەماعەتا مو سولمینە
خودێ خیرەتێ بدە مەری یا
ژن و میر قەت فەرق تۆ نینە
ئەوری خووشکا وی شێری یە
خو دانزدە تەرزا دخەملینە
گو وەختام رەش گرێدانێ
شین وگرین لایق نینە
خو ژ سەر جنازێ برێ خوەرا
دگهیتە
پۆزێ سۆلێ تێ دگینە
گۆ ئەڤا ژ دۆلا باڤێ م نینە
کی چ زانە دی یا م ڤی یا ژ کودینە
کاقە حەیڤا خو ناستینە
ژنێ میرەکا گۆتن م پۆرێ تە گۆرکرێ
بزڤرە پشت خو بنێرە
جنازا بچەعڤی خو ببینە
خووشکا وی وەختا دانزدە جنازە عەردێ دی
ئۆرتا هەر دوو برووێ وی پاچ کر، گۆ
م لازمی کوشتنا مووسۆ نینە
هەر وەکی کو دی یام ژ مرابراکی دینە
بلا خلەف خاش بە ل دەوساوینە

# فەرهەنگۆکی راوەتازی

## قازی ئەحمەد

**مشتاخ :** جێگای هەڵخستن و ئێشک کردن و کۆکردنەوەی توتن و کشمیش .

**بڕکە :** ساقەت و گوڵ و گەڵا : بڕکە شووتی بڕکە هاروێ و خەیار ، بڕکە باینجان .

**ئاویژە :** بەراو . زەوی بەراو .

**ئاویژە لە بەراو دەرچوون :** بەراوەکان پێداویستی یان بە ئاو نەما .

**بناوان :** ئەو جێگایەی بەند وجۆگەی ئاوی لێ هەڵدەبەسترێ .

**بناوان هەڵداشتن :** کاتێک وەرزێر کاری بە ئاو نەما . لە بناوان را ئاوەکە دە چۆم دەکاتەوە و بەم کارە دەڵێن بناوان هەڵداشتن

**بۆگە :** بۆگەن . بۆگەنیو . بۆژە .

**پاوان :** باغ و مەزرای قەدەغەکراو .قۆرغو جێگا لەوەڕێک کە نایەڵەن مەڕومالاتی وێکەوێ

**هەڵەسوون :** چوێچکە ولق و پۆی تازەی تووتن و وێنجە و ...

**هەڵەسوون هێنانەوە :** ژیانەوە . دەست پێکردنەوەی کارێکی فەرامۆش کراو .

**پێورە :** وێنجەی ئاخر بەر کە ناگاتە گوڵ کردن و کورتە بالایە .

**داس پەڕین کردن :** بەداس پەڕاندن.وێنجەی تازە چێندراو داس پەڕێن دەکەن بۆ ئەوەی پنج و قۆپەنی قەوی بێ .

**ڕەپستە :** گەنم و جۆیەک کە بە تەواوی ( تەواو تۆو ) شین بووبێ .

**کۆڵە پنج :** پنجێک کە تەواو گەورە بووبێ و خۆی گرتبێ .

**نەونده :** گەنم و جۆی بەباران شین بوو .

**تیشە :** ساقەتێکی کە تازە شین بووبێ .

**سارده کێل :** زەوی و مەزرایەکی کە لە قەوس و سەرمای پایزدا دەکێڵدرێ ودەچێندرێ.

**دندووکەدان :** چەقەرەدان . چرۆ دەرکردن.

**خورده بوون :** دانەخۆرە بوون .

**گزرە :** گیای گێرەکراو .

**تایە :** گیشە .

**دێم کێڵ :** وەرزێرێکی کە دێم دەکێڵێ و بەراوی بە دەستەوە نیە .

**هەقە پەڵە :** پەڵەی نێوەڕاست مانگی پایز . بارانی زۆر لە نێوەڕاست مانگی پایزدا .

**دێمەکار :** مەزرای دێم .

**ئێشکە کەند :** شێوەردێک کە بە وشکی دادەچێندرێ .

**شکارتە کێڵ :** قەرە و ڕەشایی بێ زەوی کە لە دێدا دەژی و خەڵک هێندێکی زەوی دەدەنێ و بۆی دادەچێنن .

**گەندەنێ :** پاش داچاندنی زەوی جاری وایە بارانێکی کەم دەبارێ کە دەبێتە هۆی چەقەرە دانی گەنم و جۆی داچێندراو بەڵام شینی ناکا و پاش ماوەیەک گەنم یا جۆیەکە وشک دەبێ .

**کاتۆر :** جێ لەوەڕێک کە چاک کرووسرابێتەوە و هیچی پێوە نەمابێ .

**گیا بەرزە :** گیای بڵیند وەک تیسوێ،مۆسک و قالۆر .

**تیکان :** درو . بە تایبەتی درووی شیلان و تووترک و گێوژ .

**پێکوڵ :** قونجری ، درووێکی سێ چوکڵەیە .

بە هەر بارێکدا بکەوێ لە پێ ڕادەچێ .

**کونجی** : پۆڵکە .

**گردەنشین** : لە کار کەوتوو ،دەستەوئەژنۆ . داماو، پەککەوتە .

**بابردەڵە**: بڕکەی وشکی گیا کە بای پایز بۆ ئیروئەوێی دەبا . بە گیایەکی تایبەتیش دەڵێن کە لەنێو گەنم وشێوەردانەدا دەڕوێ و پنجێکی گەورە و خڕوتۆپ دەکا و لە پایزدا لەبەر سووکی و خڕوتۆپی با دەیبا .

**کۆدە (گیا)**: گیای شاخی کە دەی دروون و لە تایەی دەدەن . وەک : کیفار، درەوو ،تێسوێ کەنگر، کەما، قەیاغ و....

**خوارەبا**: بایەکە نە شەماڵە و نە زریان " لابا "شی پێدەڵێن .

**خۆ دەخوارەبایان گرتن** : خۆ بواردن، خۆ شاردنەوە .

**نەدیو**: پێوار، ئەودیوی تەپە وماهوور. نادیار.

**پەسیو**: پانەگر، نەدیو، پەنا .

**بوودڕ**: کەند وقووڵکە، بە تایبەتی ئەوەی کە بە دەستی جانەوەر هەڵدەقەندرێ .

**سێپەک** : ئەو سێ دارەی کەمەشکەی پێوە هەڵداوەسن بۆ ژاندن . سەری دارەکان لێک دەبەستن و پایەکانیان لەبەریەک دەکێشنەوەو مەشکەدەکەوێتە نێو هەر سێک دار کە بە گوریس هەڵداوەسرێ و دەژێندرێ .

**قورم**: خڵتەی دووکەڵ کە بە میچی ماڵەوە دەنووسێ .

**خەرار**: خەشە. تەلیس یا جەواڵی گەورە.

**نێرە**: مەشکەی تەختە یا تەنەکە .

**قۆڵچاغە**: پارچە پۆشاکێکە لە پارچەی هەرزان ساز دەکرێ و دوو قۆڵی هەیە وتاسەر پشتێند دەگرێ و لە پشتەوە گرێ دەدرێ . وەختی کارکردن بۆ بەرگری لە پیس بوونی لیباسدەبەر دەکرێ .

**بووزەڵە**: بەربێنکە، بەربێنکەی بووزوو.

**گادۆشکە**: دەفری شیر دۆشین .

**پێرک** : هەرزاڵ .

**زمهەر**: ئاردی پاشەکەوتکراو بۆزستان .

**بۆدراو**: گەنمی برژاو. (برێشکە)ی هاڕدراو

**چڕگەن** : زەوی پڕ گیا و فریزوو کە بە زەحمەت دەکێڵدرێ .

**یەکی لە یەکی دەرنەدەچوو**: بڵاونەدەبوونەوە ، لە یەکدی جیا نەدەبوونەوە .

**دەغەز**: وەرهەم ، ناسۆر.

**دەغەزدار**: وەرهەمدار.

**چاوێنی** : بەچاوە بوون ،چاوپیسی، شانۆ .

**سمڕەو ساکەتەی دووگ** : بارستایی و تەواوەتیرووگ دەبێتەساکەتە . سمڕە بەشێکە لە دووگ کەدەکەوێتە ئاخری ساکەتە .

**پشتی گرێی لێ بڕاوە**: یانی زۆر قەڵەوە و لە گۆشتدا سوور بووە.

**ئاران** : کوێستان ، دژی زۆزان .

**قاقڕ**: گەرم و رووتەن ،بێ حاسڵاتوداهات. کراڕ.

**کراڕ**: قاقڕ. بێ گیا و لەوەڕ.

**پەڕ هەڵاوێشتن** : خۆ هەڵاویشتن و هەڵبەز هەڵبەز کردن . نەسرەوتن .

**پەرەم پەرەم بوون** : پۆڵ پۆڵ بوون .

**کرتک** : چەند سەر بزن ومەڕ کە ژمارەیان ناگاتە ئەندازەی ڕەوە.

**چێشتاوان** : (چێشتاو): ئاودانی مەڕ کاتی چێشتان .

**پاڵێنان ، (پاڵێن)**: دۆشینی مەڕ کاتی ئێوارە.

**کۆڕ بەستن** : خڕ بوونەوە. لێک کۆبوونەوە

**خیچاندن** : بەزاندن لە کایەدا .

**شاز**: جیاواز. نومایان وهەڵکەوتەوبەرچاو

**دەزبێن** : (دەستبێن) .دەستبەند .ئەو شتەی دەستی ماڵاتی پێ دەبەستن .

**تۆرەمە**: بەرە . نەسل . بنەچەکە. تۆرە .

**ئاماڵ** : مەیلەو، ئاماڵ سپی ،مەیلەوسپی.

**زەنگە**: ساعید، لە ئانیشکەوە تا دەست، لە ئەژنۆوە تا پێ .

**تەنگە :** ئەو قایشەی کە بە بەرزگی ئەسپ ـ دا هاتووە بۆ راگرتنی زین .

**وەبا هاتن :** ئامادە بوون بۆ جووت بوون. وەفالْ هاتن .

**باگرتن :** جووت بوون .

**لە با چوونەوە :** بەسەر چوونی دەورەی وەبا هاتن .

**زیانی خورۆ :** مالاتێک کە دەچێتە نیو حاسلْ و زیانی دەکا .

**ژیوەڵە :** خڕو خولْ و لەسەر حالْ بووژاوە . وەکەیف هاتوو .

**سونوو :** سون هاتنەوە ، بلووغ بوون رابردنی سالێک لە تەمەن بۆ تاژی و سەگ .

**خەرت :** تاجی دوو ساڵە ، بۆ بەران بۆقەلەمونەش دەکار دەکرێ .

**شەک :** تاجی یەکساڵە .

**نۆرە ناکا :** ناگاتێ : ؟

**خەزالْ :** ڕەش و زەرد .

**تاڵە :** تووسی مەیلەو ڕەش .

**شڵە :** خالْخالْ و پنۆک پنۆک .

**قەزوانی :** قاوەیی مەیلە و سپی .

**بازوو :** بە تاجی یەکی ڕەش دەگوترێ کە خەتێکی سپی بە بەر زگی یا پشتیدا هاتبێ .. یان بە پێچەوانە سپی بێ و خەتی ڕەشی هەبێ.

**بۆزقاجی :** بۆز و خەت خەت .

**بەڵەک :** هەر ڕەنگێکی تیرە لەگەلْ سپی

**ڕەشبەڵەک :** ڕەش و سپی .

**سوور بەڵەک :** سوور و سپی

**شین بەڵەک :** شین و سپی .

**لووراندن :** سەگ لە کاتی ترس وتاریکەشەو ـ دا دەلوورێنێ .

**نووراندن :** پاش لێدان و هەلْبڕین دەنوورێنێ یا دەقروسکێنێ .

**قووڕاندن :** پاش لێدان و هەلْبڕین دەقووڕێنێ .

**نووزاندن :** پاش لێدان و هەلْبڕین دەنووزێنێ .

**مراندن :** سەگ کە هەڕەشە بکا ددان نیشان دەدا و دەمرێنێ .

**ناسکاندن :** تاژی پێش ئەوەی بچێتە ڕاو لە خۆشیان دەناسکێنێ .

**چێ :** تیژ ، ئازا ، بەغیرەت ، بە دەست و برد .

**خێرا :** ئازا ، زوو ، بە لەز و بەز .

**تیژ :** توند و ئازا .

**پەل :** تەنک ، کەم ئاو ،دەفرێکی قووڵایی کەم بێ .

**پەلە دار :** لقی تیژ ، لقی شکاو یابڕاو کە زۆر تیژە .

**ڕەشکۆژ :** تاجی یەک لە شێوەرد و ڕەشایی بکوژری و بگاتێ .

**خۆشرست :** خۆش ئەخلاق ، رام ،تاجی یەک کە بۆ رست کردن رام و دەستەمۆیە .

**بەدرست :** پێچەوانەی خۆشرست .

**هەرزە :** خۆیری و بێکارە .

**قرخە مەرەس :** رووتە ، کەم تووک ، تووک کورت .

**دەمسارد :** تاژی یەک کە کەروێشکی بۆ هەلْناگیرێ .

**دەمگەرم :** تاژی یەک کە کەروێشک باش هەلْگرێ .

**بەهەڵم :** چێ ، تیژ ، ئازا .

**بە دەوام :** بە تاقەت ، خۆڕاگر .

**پێشکۆ :** خورجێنێکی قایش کە لە پێش سوار لە زین دەبەسترێ .

**خۆشبەز :** بە تاقەت ، ئەسپێک کەچاک بپەڕێ

**ڕەفیسکە :** قولکەی بن کەشکەژنۆ .

**ڕەمانە :** ئەو دیوی ڕان .

**بەن سامۆرتە :** بەنێکە ڕەنگاوڕەنگ لە ئاوریشم دەهوندرێتەوە بۆهەلآوەسین وبەستنی کەروێشک یا هەر شتێکی دیکە .

**تەڕیزە :** پێستی تەنکی نێوان زگ و ڕان .

**شوور :** نێری کێوی .

**بەرەگە :** کەمین ، لای خوارەوە .

**بەرەگە گرتن** : کەمین گرتن لەو جێگایەی ڕاو یان دوژمن پێدا تێدەپەڕی .

**بە رەگە نانەوە** : بەرەگە گرتن .

**تێرەگ** : باسک .

**وارش** : دیواری وشکە بەردی دەوری چاک یا باغ و حەوز و کانی .

**کێومال** : سەفلێدان و گەڕانی هەموو کێو و شاخ بۆ تەقاندنی ڕاو .

**ڕاستکردنی ڕاو** : بەتەقاندن ودەورەدان و ڕێکەوتنی تاژی کەروێشک دەکەوێتە ڕێبازێکی ڕاست و ناتوانێ خۆ بشارێتەوە .

**قەیر، قەیرە** : بالغ ، گەورە و تەواو .

**شەقۆن** : زەبری کەللە .

**بە بازو برد** : توند وتۆڵ وچوست وچالاک .

**سەگبایی** : باداری سەگ .

**شانە ڕەقە** : قۆلنج و سەرما بوون .

**شەگە ، شەککە** : گێڕی ، لە خرتک چوون..

**سەبنێسی** : نەخۆشی سەگ کە ئاوی بەچاویدا دێتە خوار و ریپۆق دەکا . بۆ چابوونەوەی پیواز و بەنی سووری لەمل دەکەن .

**سووزەنەک** : نەخۆشی دەزگای تەناسولی ، تاجی سووزەنەکدار هەمیشە سەری سیرەتی بەدەرەوەیە .

**بێروون** : جێگای قاقڕ ، کراڕ و بێ ئاو، کەویر .

**پەرەوازە بوون** : لە خەم ڕستن ، گەورە بوون .

**خۆیان ،خەیان** : کلۆشی وردکراو وئامادەی هەلاویشتن وبە بادان و جیا کردنەوەی کاودان

**ڕمووده** : عەلاقەمەند و هۆگر .

**ڕاو دابەشین** : چەن ڕاوکەر پێکەوە دەچنە ڕاو. هەر یەکە لایەک دەگرێ . بەوە دەلێن ڕاو دابەشین .

**بانوو**: تەپک و ماهووری کەم بەرزایی .

بستوو.

**سەر ڕاو**: لای سەرووی جێگەی ڕاو .

**بەر ڕاو**: لای ژێرووی جێگەی ڕاو..

**لانی کوێرە** : لانی کۆن .

**سێ تەپڵ** : دوو تەپڵ ( بە قەد قابێکی مس) کە سێ زەربە دەخوا .

**شکاندنەوە** : گێڕانەوە .

**خوارە پێ کردن** : گێڕانەوە و خوارەکە پێچەکە پێکردن .

**پێچەک** : دارێکە سەری دوو فلیقانەیە و لە کونی کەروێشکی ڕادەکەن و دەی کێشنە دەرەوە .

**کالەدڕانی تاژی** : تاژی کە توێخی پێستی بەر پێی دەچێ دەلێن کالەی دڕاوە .

**کەلاشە کردن** : قوڕ بە کەوشەوە یا بەپێوە نووسان .

**نینۆک شکێن** : عەرزی بەستەلەک لە ئاخر مانگی پایزدا .

**لان بەرەژێر کردنەوە** : گوێزتنەوەی لان لە بەرزایی ڕا بۆ خوارەوە .

**سیخوار لە پشت** : کەروێشکی قەلەوی ساردی پایز کە سیخواری لەسەر پشتی دەکەوێ .

**نوا بەفر**: ئەو بارستا بەفرە کەبەجارێک دەبارێ .

**جووتە کردن** : شوێنی کەروێشک : دوو جێ پێ لە پێشەوە و جێگا پێ یەک لە پشتەوە .

**بازرە بوون** : هەلاتن ، دوور کەوتنەوە .

**جێخوون** : جێگای خۆیان و خەرمان .

**بەفر بەسەر**: بەفرێک کە بە تاوو ساو بمو ڕۆژ شل بۆتەوە و بە شەو دەبێتە سەهوڵ.پیاو یا جانەوەر بەسەری دا دەڕۆن وتێ ناکەون .

**ڕەهەند**: کانال ، نەقب .

**خوزە** : شوێنی بن بەفر .

**باسکە سەگ** : سەگی لاواز و ڕق و تەق و رووتە .

## شەماڵ جودای

هەواری خاڵی بێ بوونی تۆ
دووره پەرێز، گۆشە گیره
ئاورِ لەمن ناداتەوە
منیش هۆرەی زامەکانم
لە تاریک ورِوونی تۆدا
دەڵێمەوە
تا ئەو کاتەی
هێمنێکی خۆت ئاسایی
ئەژێتەوە لە ناو پۆلی
شانۆی شایی
تا ئەو کاتەی وێنەکێشێ
دەست و پەنجەی
بۆ فلچەیەک رِادەکێشی
لە سەر کێلی ئارامگاکەت
سیمای خەماویت دەکێشێ
تا ئەو کاتەی
کەشکۆڵەکان پرِ دەبنەوە
ئامێـز ،
بۆ هەنیسکی شیعرت دەگرنەوە ،
تا ئەو کاتەی
هەنیسکی گەرووی شاعیرێک
بۆ ئەم کۆچەت
لەسەر دڵی قەڵەمەکەی دەتکێتەوە
تا ئەو کاتەی شیعرەکانت
دەبنەوە مامۆستای عیشق
گۆرانی جێژوان و ئەسرین
بۆ دڵداران دەڵێنەوە
جا ئەو کاتە ئەسرین جێگام دەکاتەوە

## کاروان حەمەسەعید

### ترۆپکی شەیدایی

وەک چۆن بێ دەستەڵاتی خۆم
هاتمە ناو بێشەی ژینەوە
هەرواش دوور لە ئاواتی خۆم
کەوتمە بیری ئەوینەوە
ماسی دڵم
بوو بە تۆرِی ،
شۆخێکی دڵ بەردینەوە
من نازانم
درەختەکان
ژمارەی گەڵایان چەندە
لە بەندیخانەی هەوردا
چەند دڵۆپە باران بەندە
من نازانم
بارتەقای دڵۆپی باران
یا بارتەقای گەڵای داران
خۆشم دەوێی
یا سەد هێندە .

## لەگەڵ شیعری

نایکاتەوە
من تەلسمی ئەم غوربەتەم
دەقرتێنم
چەندین وشەی بەندی دڵم
لە هێمنی هێمن کۆچنا
بە قەڵەمم
بۆ سەر سنگی کاغەزی خەم
دەنەخشێنم

## ع . نانەوازادە

### گلێکۆی شاعیر

قەت وا نەبووە هیچ تەپۆڵکێک
دەگەڵ لووتکەی بەرزی چیا
بە یەک بگرن بەژن و باڵا
قەت وا نەبووە کۆگا گڵێک
لە خاند زەرد و ماهی کەژێ
تامی بەرزایی بچێژێ .
کەچی !
چیایەکی زۆر بەرزم دی
تەنیا هەڵۆ زاتی هەبوو
باڵی لێکدا لەسەر دوندی
تەنیا پڵنگ بۆی دەگونجا
لانەی بکا لەنێو قەدی
لە داوێنی ئەم چیایە
گلێکۆی شاعیر هەڵکەوتبوو
مشتێ گڵ و وردە بەرد بوو
بەڵام وا بوو ،
کە بەرزایی لە خاندی دا
هێندە ورد بوو ، مانای نەما

## ئێرەج هەژار

کوردستان خەمبار، پەشێوو کزە
مات و تازیەدار، زوێر وعاجزە
ئەوساڵ بەهارمان ڕەنگی گۆڕیوە
کەژو کێو بەرگی خەمیان پۆشیوە
ئاسمانی شین ڕەش هەڵگەڕاوە
هەتاو ڕووناکی و شەوقی نەماوە
باڵندە نەیما توانای هەڵفرین
غونچە ژاکاون،گوڵیش هەڵوەرین
دایکی نیشتمان جەرگ بڕاوە
دەروونی کەیلە وروۆندک لە چاوە
هێمن ڕۆیشت و کۆچی دوایی کرد
لەکوردەواری ماڵ ئاوایی کرد
سروەی بەیان وئەستێرەی گەش بوو
یاری هەژارو کوردی بێ بەش بوو
مەلی خۆشخوێنی باغی ژیان بوو
شیعری پڕهەستی خۆراکی گیان بوو
هەرچەند چریکەی هێمن خامۆش بێ
محاڵە یادی قەت فەرامۆش بێ
جێگای گرتووە لەنێو دڵی گشت
یادی پیرۆزە، لای ورد و درشت

# شاعیرانی لاو

## فەریدە بەریاجی

هەی یارو دۆستەکەی جاران
مزگێنی هێنی بەهاران
سروەی شنەی بای بەیانی
چەند شیرین دێی بە میوانی
لە گەرمایەم باوەشێنی
لە دڵانم ئاو دەپرژێنی
بۆیە دڵم بە تۆ ڕوونە
لەنجەت هانەی ژین و بوونە
بۆنی گوڵانم بۆ دێنی
پەژارەم لە دڵ دەکرێنی

## ک . د . ئازاد


هۆی ئاسکۆڵە
هۆی ئاسکۆڵەی ــ دڵ ناسکۆڵە
وەرە تاوێ
لە گوێ شیوێ ، قەراخ ئاوێ
وەک دڵداری ڕاستەقینە
تێر بت بینم ، تێر بمبینە
هۆی ئاسکۆڵە ، ناسک و جوانە
وەرە بەشقی ئەو چاوانە
جێ ورێی ژوانێ بۆ خۆت دانێ !
گەر بە من بێ ؟

ناسکۆڵەی ناو چاوان مانگە
" ئۆغڵۆبەگ" دەکەم بە ژوانگە
شاری بانە و ئاربابای جوان
دێنمە سەیران
دەنگی "سەرتوون" و "قەڵاگا"
دەگەیەنمە گوێچکەی " شاهۆ" ،
" لەیلاخ" دێنمە ژێر ڕکێفم
نامۆ دەکەم بەدەستەمۆ
تەنیا بۆ تۆ
خۆشەویستم ، تەنیا بۆ تۆ
ئەی ئاسکۆڵە ، ئەگەر هاتی
تۆ بەشقی خوا
هەرگیز مەڕۆ ، هەرگیز مەڕۆ

١ـ نووسراوەیەک کە دەنووسرێ ئەگەر ڕەخنەی لێ نەگیرێ،جوانی وناحەزی وەبەر چاو نەخرێت لەوانەیە لاوەکان وابیر بکەنەوە کە ئەو نووسراوەیە لە هەر بارێکەوە رێک وپێک و پڕبەپێستە . لە ئاکامدا دەبێتە وێنەیەک بۆ لاسا کردنەوە .

٢ـ مەبەستی تر ئەوەیە کە نووسەرە لاوەکانمان باشتر بتوانن نووسراوەکان هەڵسەنگێنن .واتا بە هۆی ناوی نووسەر یان نووسراوەکە کڵاویان نەچێتە سەر .

٣ـ هۆی تری ئەو ناچاریەم ئەوەیە کە نووسەرەکان شارەزای ئەوە بن کە ئیتر خوێنەری ئێمڕۆ وەکوو سەدەکانی پێشوو گوێ گرێکی کش وماتنین بەڵکوو ئێستا هەر چەشنە ڕووداو و بیر و باوەڕێک کە دەیبینن یان دەیبیسن لەگەڵ بیرو باوەڕی خۆیان بەراوەردی دەکەن و هەڵی دەسەنگێنن . جا بۆیە نووسەر دەبێ بە وریایی و شارەزاییەوە بنووسێ تاکوو هەم بەرهەمی جوان پێشکەشی خوێنەر بکا و هەم بتوانێ ئەو شوێنەی کە پێویستە لە سەر خوێنەری دابنێ . بۆ ئەوەی زۆر دوور نەکەوینەوە، دەچمەوە سەرباسی دیاریکراوی خۆمان . ویستم ئەوەیە ئەگەر مەودا دەرفەت بدا و کەم مایەی ئیزنم پێ بدا چیرۆکی



# ڕەخنە

«مەنسوور حامیدی»

# پەروەندە؟

تەنزی کۆمەلایەتی "پەروەندە" کە لە سروەی ژمارە ٨دا چاپ کرابوو بخەینە بەرباس .

چیرۆکی"پەروەندە"ئەگەرچی بەدەست وپەنجەی نووسەروتەنز نووسێکی باش ونێوبەدەرەوە عاملاوە ، بەلام بەداخەوەبۆتە منالێکی لاواز و نەخۆش. ئەوە بۆ ئێمە کە چاوەڕوانی بەرهەمی باش و پتەومان لێ دەکرد جێی سەرسوڕمان بوو ! . هەرئەوەش بۆمن بووبە پرسیار کە نووسەرێکی وا باش چۆن توانیویەتی بەرهەمی وەها لاواز وبەر تەسک بنووسێ !؟ کاتێک باسی توانین دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کەنووسەری باش بە پێی بیروبرواوزانست و شارەزایی خۆی لەنووسین دا ناتوانێ هەرگیز باش نەنووسێ. دیارە ئەو مەبەستە پێی نووسەری پەروەندەش دەگرێتەوە .

چیروکی "پەروەندە"ئەگەر، چی نێوی تەنزی پێوە لکا بوو بەلام لەو بابەتەوە سەرکەوتوو نەبوو، زۆرتر شێوەی لە گاڵتە و نەقڵ دەچوو. دیارە لە نێوان تەنز وفوکاهیدا جیاوازی یەکی بەرچاو هەیە. من لێرەدا نامەوێ باسی جیاوازی تەنز و فوکاهی بکەم، تەنیا ئەوەندەی دەڵێم کە ئەگەر پێکەنین پێوەندی خزمایەتی لە نێوان تەنز و فوکاهی بەدی بێنێ ، تەئەهوود (تعهد) لێکیان دەکاتەوە . واتا فوکاهی ئامانجی بنەڕەتی سەرگەرمی و پێکەنینە، بەڵام تەنز لە ژێر ڕواڵەتی بەزەی خۆیدا دونیایەکی پڕ لە ئازار وزام و ئێش و ئۆف دەشارێتەوە خوێنەر کە مەبەستێکی فوکاهی دەخوێنێتەوە تەنیا پێدەکەنێ و بەس . بەڵام لە تەنزدا خوێنەر پێدەکەنێ. چونکوو دەرەتانی گریانی نیە . بۆ ئەوەی مەبەستەکە باشتر ڕوون بێتەوە، سەرنجتان بۆ ئەودوو وێنەی خوارەوە رادەکێشم

" منالێک بە پەلە دێتە لای نەنکی و دەڵێ :
نەنە! ئەرێ ئەتۆ دەتوانی

گوێزی بە ددانت بشکێنی ؟ نەنکی وەڵامی دەداتەوە: نا! ڕۆڵە گیان کوا ئەمن ددانی ئەوەم هەیە گوێزی پێ بشکێنم! مالە دەڵێ: حا کە وایە ها ئەو پێنج گوێزەم بۆ ڕاگرە هەر ئێستا دێمەوە."

ئەوە فوکاهی یە و تەنیا مەبەست وە پێکەنین خستنە. ئێستا سەرنج بدەنە وێنەی تر

" پشیلە بۆ لای ماسی نێو تونگە ئاوەکە ڕۆیی. تەواوی ئاوی تونگەکەی خواردەوە. بەڵام ئازارێکیشی لە ماسی یەکە نەداوە!" ئەوە تەنزە، ئیدی مەبەست پێکەنین نیە. ئەگەر خوێنەر پێدەکەنێ هەست بە ئازارێکیش دەکا. جا بۆیە دەڵێم چیرۆکی پەروەندە ناتوانێ تەنز بێ. تەنانەت ئەگەر بڵێم بۆ فوکاهیش نەدەبوو جێی لۆمە بۆ کەس نامێنێتەوە.

ئەوەی لەو نووسراوەیەدا بەر لە هەر شتێک وەبەرچاو دێ ئەوەیە کە نووسەر لە زۆر دەرگایان دەدا تا بەڵکوو شێوە بزەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەر، کەچی سەرکەوتووش نەبووە. چونکوو ڕوون و ئاشکرایە کە نووسینی چیروکێکی باش وەک دارشتنی بناغەی ژین وایە واتا نووسەر دەبێ لە چیرۆکدا ژینێکی ڕاستەقینە بنوێنێ. هەرگیز نێوی تەنز، ئیزن بە نووسەر نادا کەشتی سەمەرە بنووسێ یان قارەمانەکانی چیرۆکەکە ژیان و ڕەوشت وسروشتی دژی ڕاستەقینەیان هەبێ. نووسەر دەبێ قارەمانەکانی خۆی لە نێو کومەڵ هەڵبژێرێ، لەشوێن و کاتێکی دیاری کراودا لە بەرانبەر یەکیان ڕاگرێ و دەکایەیان بێنێ. ئیتر ناتوانێ جاروبار بۆخۆشی لەچیرۆکەکە وەژوور کەوێ یارمەتی یان بدا. نووسەر لەو نووسراوەیەدا لە چەند جێگا یارمەتی قارەمانەکانی داوە، بۆ وێنە کاتێک کاک هەمەوەندی زۆرلێ کراو و خەواڵوو چاو لە پەروەندەیەکی زەمانی هەخامەنشیان دەکا وەبیری دێتەوە کە بە زمانی فارسی و عەرەبی و لاتینی شارەزایە ئەڵبەت هەمووومان دەزانین کە ئەوە ناتوانێ کاک هەمەوەندی بەستەزمان بێ بەڵکوو نووسەرە کە بە هانایەوە هاتووە! یان لە شوێنێکی تر کە کاک هەمەوەندی لێ قەوما وبەهەموو زانست وتێگەیشتنی خۆی ناتوانێ حەقەکەی بستێنێ لە پڕ ئاشنایەکی نووسەر پەیدا دەبێ وبە ڕاوێژی شیرنی مەنگوڕان دەڵێ:

"دەڵێم ئەمە کاکە سوارێکن ..." یان کاتێک کاک هەمەوەند ئامۆژگاری پیری مەنگوڕ لە گوێ دەگرێ و دەچێ حەقی خۆی بە دەستی خۆی لەعەبە قاچاخچی بستێنێ گۆپاڵی لەگەڵ خۆی ناباچونکە دەزانێ نووسەر بۆی دێنێ.

دڵنیام ئەگەرنووسەر بۆ نووسینی ئەو چیرۆکە ناچاری لە کاردا نەبایە، دەیتوانی بەو کەرەستانە، هەر وەها بەو شارەزایی وزانستەی کە هەیەتی تەنزێکی ڕاستەقینە بنووسێ.

نووسەر جاروبار بۆ لای تەنز دەچێ بەڵام لەپڕ دەپرینگێتەوە. هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کەقارەما ـ نەکانی بە جوانی پەروەردە نەکا. و هەر بە شلکی بیانشکێنێ! بۆوێنە بڕوانە کەسایەتی "عەبە و هەمەوەند و دادیار وسەرکار مەمدەلی." عەبەقاچاخچی یەکێک لەو قارەمانانەیە کەهەرچی حەول و تەقەلام دا بۆم نەجوورا. ئاخر ئەو پیاوە زگ زل و زەلامە کە بە گۆپاڵێکی بەلادادێ بۆچ قاچاخچێتی دەکا و پووڵی خەڵک قووتدەدا!؟. یان ئەو کاک هەمەوەندە کە دوازدە ساڵ لە گوێی گا دا دەنوێ وبە برووسکەی پیری قسە شیرین وەخۆ دێتەوە! لە دواییدا بۆ وا شڕودڕ دەبێ کە پیاو بنێزی لێ هەڵبستێ!

ئاخۆ نووسەر نەخشەکانی ئەو دوو قارەمانەی لێ نەگۆڕدراوە؟ ئێوە بڵێین هەمەوەند بۆ قاچاخچی باشتر بوو کە دەڵێ:

" دانیشتم عەبەم دیت بە

←

# پەروەردە

قازی ئەحمەد

تەنزی کۆمەڵایەتی



پێوە راوەستاوە وچاوەڕوانە ئیزنی بدەم دانیشێ . بە قوڵتەی قەنەم وەک کەڵەباب بەسەرمدا خوێند ،چاوی لەبەرم هەڵنەدەهات وەک مەڕی گورگ، دیتوو زمانی شکابوو! دەمزانی تیشکی نیگام وەک سووکە رمبی تیژ لە گیان و لەشی رادەچێ" یان ئەو کەسەی بە چاو تروکانێک دەگۆڕێ ، دەروخێ ،دەبەزێ ،و دەکەوێتە لالانەوە ؟ لەوچیرۆکەدا نووسەر هەر بۆ ئەوەی بزە بخاتە سەر لێوی خوێنەر شتی زۆر سەیر و دوور لە بروا دەخولقێنێ ! بایەگانی دادگوستەری دەکاتە مووزە وکار بەدەستی بایەگانی دەکاتە مێژووناسێک کە خەتی میخی وەکوو ئاو دەخوێنێتەوە و هێندە ئەو کارەی دووپات دەکاتەوە کە زمانی خۆشی دەبێتە میخی وبە پیتی "ت" دەڵێ "ش" وبەپیتی "ز" دەڵێ "ژ" و خەتای تریاکیش دەگرێ !یان ئەسڵەن ئەو دادیارە لە کێهەیان پشتیوانی دەکرد ؟

هۆی کەمتەر خەمی لەپاک کردنی عەبە قاچاخچی چ بوو ؟ ئاخۆ عەبە هەموو جاری سمێڵی چەور دەکرد؟ ئەمن بڕواناکەم یان ئەو سەرکار مەمدەلی بە بۆچ عەبەی دووگەز ئەولاتر لە ماڵی خۆی ناگرێ ؟ بۆچ عەبەی دەبینێ رادەمێنێ و متەقی لێ نایە ؟

ئێوەش لەگەڵ من هاورێ نین کە نووسەر ،سەرکارمەمدەلی تەنیا بەبۆنەی راوێژی هەڵبژاردووە کە ناتوانێ بە قانوون بڵێ قانوون و دەڵێ گانوون ؟ ئاخۆ ئێوەش پێتان سەیر نیە کاتێک هەمەوەند لەعەبەی دەدا بۆچی ژن ومنداڵەکەی هاواریان لێ بڵیند دەبێ !؟..." مەمکوژە : ئێمە کردمان ئەتۆ نەیکەی ! غەڵەتمان کرد . بە گەورەیی خۆت بمان بەحشە ، پووڵەکەت حازرە" یان هەمەوەند کە پووڵەکەی دەستێنێ ئیتر بۆچ پاش و پاش دەگەڕێتەوە "پووڵەکەم وەرگرت وپاش وپاش گەڕامەوە ...."یان هەمەوەند کە بە زۆر زمانی وەکوو عەرەبی ،فارسی ، لاتینی ئاشنایە چۆن نێوی حەتی میخی نەبیستووە ؟ یان لە دەورانی هەجامەنشی کە هەر نووسینی لە بەرد و [illegible] و پێستا بووە ،ئەوکاتە را- بەیانەکوێ را بۆ هاتبوو کە بەروەندەی کامبۆزیای لێ نووسی ؟ یان ئەو شوێنەوارە مێژووییانە بۆ ناشمرێ لە "دادگوستەری" ماون و بەیان کردووە مووزە ؟ تەنیا حێی ئەوە بۆمن ماوەتەوە کە بڵێم ئەو بەروەندە زۆر پێش ئەوەی بکرێنەوە بەسترابوو!

# سێزدەبەدەر



فیدایی

وا سێزدەبەدەر هاتەوە دنیا بووە ڕەنگین
سەرما کەشکا هێزی نەما سەنگەر وپەرژین
زستان کەوە سێ مانگە بڕا ڕۆژی ڕەشی وی
سەحرا بەنەمەی هەوری بەهاری بووە نەخشین
ڕۆیشتووە ئەو کاتە کە پیرێژنی لاسار
بکوتێ لە زەوی شێخە سەهۆڵی بە رق و تین
ڕۆیشتووە ئەو ڕۆژە کە سەرما بە تەم ومژ
بگرێتەوە سەر عەرزی لە بالا و لە پایین
لاچوو لەنێو ئەو عالەمە پشمین و هەلامەت
ترسی نیە ئەو خەڵکە لە چەقچوو لە لەرزین
دەورانی نەما بەفرو نەما تەرزە و تۆفان
دیوارەیی دا شینکە لە لاپاڵی دە بەفرین
بڕوانە لە دار و لەگوڵی نەرم و گیایە
ڕای خست چەمەن سفرە لە هەرلاوە لەحەوسین
سەروو سەمەن و سوێسن و سیر مۆکە و سیرە
سوورا وە دەگەڵ سێوە مەلێ ئەوهە، حەوت نین
بەفراو، لە ڕیندویی بەفر دێتەوە خوارێ
کەنگر سەری کێشاوە لە لاچۆمی دە بەردین
شەشپەڕ بە سەر و بسکی دەڵێی کیژی چیایە

مێلاقەیە گەش هەر وەکوو ئەستێرەی پەروین
عالەم لە دەرو دەشتە لە بۆ گەردش و سەیران
پاکی لە کەژ و کێوە بە پۆل وبەسەف و چین
ئەو چوونە دەرە تاکووغەمی کۆنە بەباکەن
لاچێ لەسەر ئەو خەڵکە غەم و شیوەن و ناڵین
شادی دەکەن ئەو جارە کە زستانی نەوەد ڕۆژ
سێ دانە کوڕی مردو بە نەورۆزە دەکا شین
بەو شینە کە دەی کاتەوە نەورۆزی جگەر سۆز
گیا شینە ،چەمەن شینە ، دەوەن شینە ، چیا شین
دەم پڕکە لەنێو تیپی گوڵان خۆ دەنوێنێ
شللێرە وبەیبوون و هەڵاڵە و گوڵی نەسرین
هەر لایێ دەچی دەنگی کەو و کۆتر و بازە
هەرجێ یە دەچی هاڕەیی سەرچاوەیی زێوین
با دێت و دەکا بۆنی عەتر پەخش و بڵاوە
دەردێ کە لەسەر پەلکی گوڵی ناسک وشیرین
هەر گرمەیی چۆما و گوڕەی پیرە شەماڵە
ئاوازەیی مەل مەڵحەمە بۆ هەر دڵی غەمگین
چۆپی لە چەمەندا دەگرن هەرچی (گوڵوکە)
گوڵ بۆتە بە شەم، بولبولی لێ بۆتەبەشەمزین
شایی دەگرن تازە گوڵی بووکی بەهاری
بەو دیمەن و ئەندام ولەش وبەندەنی نەرمین
نەورۆزە کە وەک تاجرە پارچەی دەفرۆشی
سەد بابەتی داناوە لە دیبا و لە پەشمین
نەقشی ئەزەل ئەورۆ لە هەر چیمەن و مەزرا
نەقشی گوڵی کێشاوە بەدەستوور و بە ئایین
ئەی دڵ وەرە لەوکاتە کە دنیا بووە سەرخۆش
بڕوانە لە گوڵشەن ئەوە دەرمانە لەبۆژین
زەردەی سەری لێوان و نەشە و خۆشی و شادی
بەستوویەتی ڕێگا لە غەم و ناڵە و ئەسرین
هەر ڕۆژە هەور دێت و بەراوانە دەدێرێ
لەو زەویەیی سەر سەوزە بەباران وبەبارین
وەی وەی چ بەهارێکە زەوی پڕلە سەفایە
بەه بەه چ هەوایێکە گوڵ و سوێسنە غەملێن
دووعا لەخوداوەند دەکەم لەو دەمە خۆشە
دوور بین لە بەلا و کێشە و شووڕ شەڕەئامین

چیرۆک بۆ منداڵان



# ڕێوی گەرمێن و کوێستان

نەسرین جەعفەری

یەکێک بوو یەکێک نەبوو، لە غەیری خوای گەورە و بێ هەوتا لەو دونیا پان و بەرینەدا کەس نەبوو، مام ڕێوی یەک بوو تەنیا لە شاخ و بەندەنان دەگەڕا و ڕاوی دەکرد ، چ ئاواڵ و هاودەمی نەبوو.

ڕۆژێک کە هەروا بە تەنێ دەگەڕا تووشی ڕێوی‌یەکی دی بوو، ڕێوی گوتی :

– لە کوێوە بۆ کوێ مام ڕێوی ؟

ڕێوی گوتی :

– ئەمن ڕێوی گەرمێنم و دەچمە کوێستان .

ڕێوی‌یەکەی دی گوتی :

– منیش ڕێوی کوێستانم .

ڕێوی گەرمێنێ گوتی :

– وەرە ببینە ڕەفیق .

ڕێوی کوێستان گوتی :

– تۆ چەند فێڵ دەزانی ؟

ڕێوی گەرمێن گوتی :

– من سی و سێ فێڵان دەزانم .

ڕێوی کوێستان گوتی :

– من سێ فێڵان دەزانم .

ڕێوی گەرمێن گوتی :

– وا چاکە ببینە ڕەفیق .

ڕێوی‌یەکان پێکەوە دەگەڕان و ڕاویان دەکرد ، ڕۆژێک تووشی تەڵەیەک بوون ، کوتە بەزێکی پێوە بوو ، ڕێوی گەرمێن گوتی : دەیخۆم

ڕێوی کوێستان گوتی : پێوە دەبی.

ڕێوی گەرمێن کە ئاوی بە دەم و لووتیدا هاتبووە خوار گوتی :

– خۆم بۆ ڕاناگیرێ و هەر دەیخۆم دەستی بۆ دووگە برد ، دەستی پێوە بوو . وە زاق و زووق کەوت .

ڕێوی کوێستان گوتی: ئێستا فێڵێکی بدۆزەوە و خۆت نەجات بدە .

ڕێوی گەرمێنێ گوتی : ژانی دەستم

هێندە بە ئێشە چم لەبیر نەماوە ، تۆ کارێک بکە .

ڕێوی کوێستان گوتی : چاکە بەیانی کە ڕاوچی دێ ئەتۆ لە تەڵەی کاتەوە ، من لە سەر ڕێگا خۆ دەمرێنم تۆ لە تەڵەی دەکاتەوە و دەتبا لە ناو خورجێنت دەنێ ، من دەبینێ و منیش هەڵدێم وەدوای من دەکەوێ و تۆش هەڵێ .



ڕێوی گەرمێن گوتی : زۆر باشە ، بەیانی کابرا هات و ڕێوی گەرمێنی لە تەڵە کردەوە و چاوی بە ڕێوی کوێستان کەوت ، ڕێوی کوێستان ڕای کرد و کابرا ڕێوی گەرمێنی فڕێدا و وەدوای کەوت ڕێوی گەرمێنێ بە دەرفەتی زانی و هەڵات ، کابرا ئاوڕی داوە دیتی ڕێوی یەکەی دیش هەڵات ، وەدوای ویش کەوت بۆی نەگیراوە و هەر دووکیانی لە کیس چوو .

چەند ڕۆژ پێ چوو ، ڕۆژێک تووشی گورگێک بوون ، ڕێوی کوێستان گوتی : گورگ هات ئێستا دەمانخوا ، زوو کە چارەیەک بدۆزەوە ، ڕێوی گەرمێن گوتی : لە ترسان چم لە بیر نەماوە .

ڕێوی کوێستان گوتی تۆ کەدەتگوت سی و سێ فێڵ دەزانم ، ڕێوی گەرمێن گوتی : لە ترسان نێوی خۆم لە بیر نەماوە ، ئێستا تۆ فێڵێک بدۆزەوە ، ئەگینا خوراوین .....

دوور و نزیکی گورگە بوون ، ڕێوی کوێستان گوتی : سڵاو ئەی قازی و وەکیلی وڵاتی .

مام گورگ گوتی : وەعەلەیکە سەلام مام ڕێوی بۆ وا درەنگ هاتی ؟



مام ڕێوی گوتی : قوربان لە ئاسمان لێت دەگەڕاین لە عەرزیمان وەچەنگ کەوتی ، چەند وەختە لێت دەگەڕێین ، ئەمن و ئەوە پێنج بێچوومان هەیە ، ئەو دەڵێ سێ یان ئی منن ، منیش دەڵێم سێ ئی منن ، ئێستا تۆ دەبێ زەحمەت بکێشی ولێمان

بەشکەی .

مام ڕێوی کە دیتی گورگە ئاوی بە لالغاوەیدا دێتە خوار پتری پێ هەڵگوت .

مام گورگ گوتی : بێچوەکان لە کوێن ؟

مام ڕێوی گوتی : قوربان دەبێ



دەستی ، چاوی لە کونەکە بڕیبوو ڕێوی لە زارکی کونەکەوە گوتی :

- قوربان ئێمە پێک هاتین، ئێوە تەشریفوو بڕوا .

گورگە چۆ زارکی کونەکە و دیتی



زەحمەت بکێشی و دەگەڵمان بێی .

ڕێوی وەڕێ کەوت و مام گورگ وەدوای کەوت .

ڕێوی گورگەی بردە کێوو بەندەنێک هەر ئەو قەڵشت و کەلێنی کرد ، لە بەر دەلانەکە کونێکی دیتەوە چۆ نێو کونەکە و تاوێک بێ دەنگ بوو و لە پاشان هەرای کرد :

- قوربان بێ زەحمەت ئەوە بنێرە ژوور ، بە تەنیا پێم نایەنە دەر .

گورگ ڕێوی ناردە ژوور ، مام گورگ کە ئاوی بە لالغاوەیدا هاتبووە خوار و پێی وابوو ئێستا پێنج بێچووی خرپن و جوانی دێتە بەر



ناتوانێ بچێتە ژوور ، قەدەر زەمانێک لەوێ دانیشت و دوایی هەستا ڕۆیی .. ڕێوی یەکان لە کونە هاتنە دەر چەند ڕۆژ پێ چوو دیسان ڕۆژێک تووشی مام گورگ بوون .

ڕێوی کوێستان گوتی : ئاخر خودا لێت هەڵنەگرێ ئاخر تۆش فێڵ و تەڵەکەیەک بدۆزەوە ، ئێستا مام گورگ تۆڵەی ئەوێ ڕۆژێشمان لێ دەکاتەوە .

با برۆین .

گورگە بە فیزەوە وەپێشیان کەوت هەتا قەراغ مالاّن ، مام رێوی گوتی :

ـ قوربان تۆ لێرەبە ئێمە دەچین و نێچیرت بۆ دێنین .

مام گورگ لە سەر تەپۆلکێک دانیشت و رێوی چووە نێو دێی خۆی




رێوی گەرمێن گوتی : بە خوای چم لە بیر نەماوە .

رێوی کوێستان گوتی : ئەوجار نەجاتمان بێ قەد ئاوالەتیت ناکەم .

مام گورگ هاتە پێش ، مام رێوی گوتی :

ـ سەلامەلێک قوربان .





گورگ گوتی :

ـ ئەی عەلێکەسەلام، رێوی ئەوێ رۆژێ تۆ بۆوا مەحتەل و سەرگەردانت کردم .

رێوی گوتی :

ـ زۆر خەجالەتم قوربان ،ئێستاش من چاکەی تۆم هەر لە چاوی دایە و مالە کوێخا خدری لاچینی کۆخێکی پڕ لە مریشک و جووچکە و قەل و قازیان هەیە ئەتۆ دەبێ میوانی مەبێ ،هەستە


نیشانی سەگەلی دێی دا ، سەگەل بە حەپە حەپ وەدوای کەوتن رێوی خۆی بە تیسوویەکی هەلپەسارد و سەگەل مام گورگیان دی و تێی بەر بوون ،




گورگەیان خنکاند ، رێوی کوێستانیش بە تەنێ دە بەندەنان هەلّ بوو .

"کالەم درا چم پێ نەبرا".

" تەواو بوو"




تێبینی: لەبیر کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (٠) دانەنراوە واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی ( شر، کول، زور، شێر، و ) ی تێدا بێ بە شکڵی ( شر، کول، زور، شیر و ) دەنووسرێ



١- بەسەرهاتی خوالێخۆشبوو ماموستا هێمن بە قەڵەمی خۆی - بەرپەرەروور وەرووی باودەکەوێنەوە. ٢- جەواڵ - ئامرازی جووت - چاپە و خۆمی برکابە ٣- وجان دانی مەڕ - شوێنی - بەدوودی ئێمە ٤- پێتەختی وێتنام - گەوڵەکەی بەناوبانگە - یاری بێ ٥- بکا - نۆی شمال - تەڕ نیە ٦- سی ودوو دەرەم - کرێکاری دروێنە - باونگ بۆ کوڕ ٧- گوندی ماموستا هێمن کەرەسەیەکی شەڕی قەدیم ٨- دوابەین شوێنەواری لەچاپ دراوی ماموستا هێمن بەرسب - ڕەردەشتی بەلایەوە پیرۆزە. ٩- لۆچ ومست - ئەوەی لەسوور بەحی ماوە - سیحر ١٠- دەردی بێ دەرمانە - مووروو - کوێستانی سێحان ١١- چارە - ڕەسی - میوەیەکە ١٢- دەفر و ئامانی بێ سار دەکرێ - ماموستا هێمن لەم گوندە لەدایک بوو - گوێی کوردی شمال ١٣- رووحانی کەوی بەفرونبو - لە هەنگوینی تاڵ دەگیرێ - فێل ١٤- بسابەی سەرکەوتن - تەزی - بێدینی سەربڕاو - ١٥- بافۆ - بۆکرووزی هاواری ماموستا هێمن.

١- مەجومعەکەی بەناوبانگ بوو - گوندێکی محاڵی ئاختاچی ٢- کتێبێکی ماموستا هێمن کە بەبێ ئیزنی ئەو وبر لە هەڵە لە عێراق لە چاپ درا - لایەکی پاوە ٣- گوندێکی موکریانە - شیعرێکی بەناوبانگی خوالێخۆشبوو سوارەی ئیلخانی زادە - یادگاری ماموستا هێمن لە لای تۆ ٤- کاس ومەنگ - ئێستاش بۆ جووت بەکار دێ - لەوەڕاندنی مەڕ بە شەو - گوندێکی پشت شاری شنۆ ٥- ژمارەیەکە - پێش مەڕ - ژنراڵی ڕائردووی باری ٦- قسە بەڕاندنی بەخۆش - لاوێج - لەرزویا ٧- دۆستی خاوێن - هەوایەکی فۆلکلۆری کوردی بە ٨- ساردترین فەسڵ - پێتەختی تایوان ٩- بەرز - زانایەکی بەناوبانگی کوردە کە ماموستا هێمنی بەمر بە چەند پشت دەگاتەوە ئەو، مەیدانێکیشی لە مەهاباد بەناو کراوە ١٠- نووسە - مەڕی تێدا رادەگرن - کاس وگێژ - سینە ١٢- پڕ و لێو ڕێژ - حەشە شیمی بەکە ١٣- مەهابادی جووە - کتێبێکی (مارک تواین)ە وماموستا هێمن کردوویە بە کوردی ١٤- هەوەڵین بەرهەمی ماموستا هێمن - دووجار پێتێک ١٥ - قوربانی - مێژوونووسێکی یۆنانی - نیەی هەڵە.


## پڕکراوەی جەدوەلی (٩)



ئەم خۆشەویستانە جەدوەلیان بێ هەڵە پڕکردۆتەوە.

سولەیمان مەجیدی - مستەفا زمزیری - محەممەد خالندی ڕەشید ئەحمەدی - مستەفا عەبباسی - سەعید ڕەحمانی مەنیجە لەیلی - عەلی بابەزیدی - حامیدپەشێو - جەماڵ ئیزەدپەنا - تاها مونەزە - چنوور خوسرەوی - یونس مام ڕوستەمی - لوقمان ئەمیری - سەید ئیسماعیل سەیدشوکری محەممەد موهاجیری - ئەبووبەکر عەزیزپوور - سەعد قازی محەممەد سولەیمانپوور - سەید عەبدوڵڵا خوسرەوزادە - محەممەد مووسەویان - فارووق جەهانگیری - لوقمان جەعفەری - ح.م.شەمزاو - مستەفا شێخە - ئەمجەد حاجی ئیسماعیل زادە - ئەمیر حوسێنی - جەعفەری وەزە - نادر مستەفازادە - گوڵاڵە شەریفی - سمایل پاکزاد.

**لەنێو ئەوکەسانەیدا کە پڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆ هێنابوون بە پێی قورعەیەک کەس بە بەرەندە دەناسرێ. جایزەی بەرەندەی جەدوەل بریتی بە لەسالێک ئابوونمانی گۆواری سروە. بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٨ کاک سولەیمان مەجیدی بوو.**



# گادەر

## ح. رەشیدی زەرزا

بەخێر و بێر لە زێدم هەڵقوڵابووم
ئەلەم شوێنە بەگادەر ناسرابووم
لەبەر هاشەم لەنزمایی ولەبەرزی
زەوی پان و بەرین پشتی دەلەرزی
شەتاو جۆگەلە و کاریز و کانی
هەموو منیان بەسەرچاوە دەزانی
وەها تانم لە دەشت ودەر تەنی بوو
بەراوو ئیشکە کەندم پێ خەنی بوو

لەرەی ئاهەنگی سەرگۆنای گوڵی باس
دەگرشاوە بە وێنەی قاشی ئەڵماس
جلی سەوزم بە دارو چنو دەبەخشی
زەوی لە جوانی دەس نەخشم دەنەخشی
کەخۆی دەنواند تریفەی مانگەشەو، شەو
لەمندا عەکسی جوانی خۆی دەدی ئەو
لەبۆ هەر شوێنێ من دەمبرد پەلامار
هەزار خونچە دەمی دەکراوە یەکجار
لە لێوارم گوڵی خۆشبۆ دەڕسکان
شنەم شانەی دەکرد (شالوولی بسکان
هەموو جوانی وهەموو تەرزی و لەباری
بەکۆ رەوتی منی پێدا دەباری
کە دەمدا جینگڵ و رێگەم دەپێوا
چەوو زیخ پاکی سەریان لێ دەشێوا
هەوای فێنک و بلاوێنی بەهاران
خورەی هەڵدێر وسرتەی پەلکی داران
بەدی دەکرا لە هەرقۆناغ و شوێنێ
کەسێ نەیمابوو تاسەی خەمڕەوێنێ
بەلاّم لەو رۆژەوە باران نەباری
هەور رووی کردە رووگەی نالەباری
بڕا نێڵەم لە بەستێن و دەراوان
هەڵی گرتم خەمی بەند و بەراوان
وەتی بێ بەند وبنکە وبێ هەوارم
بەدەم زورگ و رەقەندا بەندەوارم
پەڕیوەی نێو زنەو باتلاّخ و گۆمم
تەرەی زێد و ولاّت و ماڵی خۆمم
لەبەر بێ خێوی وا پەڕش و بلاّوم
دەنا ئێستاش لەسەر ئەم گوردە ماوم
لەبن سیلە و پەسیوی زێ خزاوم
بەڵێ وەرزێڕی بێ ئاودێر و ئاوم
بە لەنگێزە و بە هەورو هێڵ وتەرزە
دوبارە دەبمەوە ئەم چۆمە بەرزە
لە نالەی من لە گالەی هەوری نیسان
دەخەملێ دۆڵ و دەشت و دەرهەمیسان

